ژمارە (١٣٢) کانونی دووەمی ٢٠١٠/١/٨ زایینی
بەفرانباری ٢٧٠٩ی کوردی

## ئاراستەی سێیەم



سمکۆ عەبدولکەریم

### پیاوی گەورە

هەندێ جار پیاو جورئەت بداتە خۆی و تۆزێک پێی لە جەرگی خۆی بنێ خراپ نییە، ڕەنگە بۆ هەندەک شتی خراپ بێت، بەڵام خۆ دنیا خراپ نابێت ئەگەر جار جارە پیاو پەنجە بۆ ئازیزەکانی خۆشی بەرێت و پێی بڵێ قوربان دەکرێ دەست بە گەورەیی خۆتەوە بگریت و لە دوا ساتەکانی باڵابوونتدا لەو باڵایەی خۆت کورت نەکەیتەوە، مەگەر گوناهی هەموو ئەوانەی خوویان بە دنیای ئەدەب و هونەردا گرتووە چی بێت، کە لە بوارەکەی خۆیاندا نەگەیشتبنە چلەپۆپەو شەرەفی ئەوەیان پێنەبڕابێت بە بلیمەت و گەورەی گەلەکەمان بانگبکرێن، کە ڕەنگە لە زۆر ڕووی ئەدەبی و هونەری و فکریدا خاوەنی دەق و بەرهەمی زۆر گەورەش بن .

زۆرن ئەوانەی گومانم لە گەورەییان نییە، بەڵام مومکین نییە هیچ کەسێک لە خۆیەوە بەو گەورەییە بگات، بەبێ ئەوەی لە مانای گەورەیی گەیشتبێت و وابزانێ گەورەیی هەر تەنیا بریتی نییە لە قسەی گەورە، مەسەلەیەکیش هەیە دەڵێ گەورەیی هەر تەنیا لۆ خوای باشە، بەڵام هەر چۆنێک بێت هەموو میللەتێک دەبێت شانازی بە گەورەیی رابەرو بلیمەتە ڕۆشنبیرەکانییەوە بکات، ڕۆشنبیرەکانیش دەبێت دەست بەو شانازییانەوە بگرن و بە هەوەنتە لە دەستی نەدەن.

گەورەترین کارەسات ئەوەیە ڕۆشنبیرەکان لە دەست دەرچن، کاتێک سیاسییەکان ڕێگا وندەکەن ڕۆشنبیرەکان فریایان دەکەون، لە هەموو دنیادا هەر وابووە، مێژووش ئەوەی فێرکردووین، کەم نین ئەو شیعرانەی سەردەمانێک هیچیان لە شۆڕشێک کەمتر نەبوو، بۆیە ئەگەر بتەوێت بە گەورەیی بمێنیتەوە، دەبێت بە گەورەیی لە هەموو شتێک بڕوانی، ئێستاش کەسانێک هەن بەم شێوەیە لە گەورەیی دەڕوانن، لەبەرامبەر ئەوەشدا کەسانێک هەن ڕۆژانە بەو گەورەییەوە بۆ پاروەنانێک لەبەردەم بچووکەکاندا دەچەمێنەوە .

پێدانی شەرەفی گەورەیی،گەورەییەکی گەورەیە بۆ هەرکەسێک کە لە لایەن میلەتەکەیەوە پێدەدرێ، هەموو ئەوانەش کە تەنیا بە دوای گەورەیی گەڕەک و شارەکانیاندا وێڵن، جگە لە خۆبچووککردنەوە شتێکی دیکە نییە، کارەساتی گەورەش ئەوەیە کەسانێک هەن لەبەرامبەر گەورەیی خەڵکی ترو بچووکی خۆیاندا هەمیشە و تەنیا پێیان لە عەردی دەکوتن، وادەزانن هەموو شتێک بە پێ لە عەردی کوتانە.

smkobsat@yahoo.com

# کورتە ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی هەڵوێستی مێژوونووسی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر بەرانبەر "پەیمانی سێڤەر"



دکتۆر کەمال مەزهەر

### دیداری بەدرخان

کاک شاسوار هەرشەمی لە وڵاتی سویدەوە لە بەشی دووەمی ئەو وتارەیدا کە بە ناونیشانی "تەتەڵە"وە لە ژمارە سەدو سییەکی هەفتەنامەی "بەدرخان"دا بڵاویکردۆتەوە(١) دەقاو دەق نووسیویەو دەڵێت: ((لەو نووسەر و مێژوونووسانەی کە توانیویانە ڕاستییەکانی ئەو پەیماننامەیە، یان بەشێک لەو بارەیەوە نووسیویەتی، هەر ئەو بەندانە بە جۆرێکی تایبەتی پلان و پیلانی دەوڵەتە گەورەکان بەرانبەر دوارۆژی کورد و وڵاتەکەیان دەخەنەڕوو دوکتۆر کەمال مەزهەر پیلانی دەوڵەتە گەورەکان لەو پەیماننامەیەو لەمە دەبینێتەوە کە "باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکراوە و بەرژەوەندی کورد لەبەرچاو نەگیراوە لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردیدا". دوکتۆر کەمال مەزهەر پەیماننامەکەی بە "پیلان"ناوبردووە و ڕەخنەی لێگرتووە کە بۆچوونێکی دروستە، بەڵام شیکردنەوەی بۆ جۆری پیلان و کەموکوڕییەکانی پەیماننامەکە جێگای ڕەخنەیە لە هەڵوێستی دوکتۆر مەزهەر. ئەمە دەردەکەوێت(٢) کە وڵاتانی هاوپەیمان لە پەیماننامەکەدا نەخشەی کوردستانێکی نوێیان بۆ کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی داڕشتووە، بەڵام بەرژەوەندی کوردیان ڕەچاو نەکردوە و کوردستانی ژێردەستی تورکە شیعەکانیان "عەجەم"(٣) لەئێران بۆ ئێرانییەکان جێهێشتووەو نەیان خستۆتە سەر ئەو کوردستانە سەربەخۆیەی کە بڕیار بووە دایمەزرێنن. ئێمە لەو بۆچوونەدا کورتبینییەکی زەق دەبینین. دەکرێ هەڵوێستی دوکتۆر کەمال مەزهەر والێکبدەینەوە کە وڵاتانی هاوپەیمان نیازیان وابووە کوردستانێکی سەربەخۆ "بە سێ بەندەکانی پەیماننامەی سێڤەر" لەسەر هەموو خاکی کوردستان ڕابگەینن، بەڵام ئامادە نەبوون کێشە لەگەڵ ئێران دروست بکەن و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بخەنە سەر ئەو دەوڵەتە. ئەم هەڵوێستە لە ڕاستیدا پەسند کردن و پیاهەڵدانی پەیماننامەکەیە لەگەڵ دەرخستنی کەموکوڕییەکانی.

ئێمە ناچارین بڵێین کە دکتۆر کەمال مەزهەر بە تەواوەتی لەهۆو مەبەستی نووسینی پەیماننامەکە نەگەیشتووە و ئاگاشی لە هەڵوێستی نەگۆڕی وڵاتانی هاوپەیمان لە بەرانبەر ئێران و ڕۆڵی بێلایەنانەی ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهانی نەبووە یاخود فەرامۆشی کردووە، هەروەک نەیتوانیوە ئەو پرەنسیپانە بخاتە بەرچاو کە وڵاتانی سەرکەوتوو ڕەچاویان کرد بۆ داڕشتنی پەیمانی سێڤەر و شوێنی کوردان لەو سەردەمەدا لەناو پرەنسیپە لەبەر چاوگیراوەکان لەکوێدا بووە"(٤).

بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ڕاستەقینەی دوکتۆر کەمال مەزهەر بەرانبەر "پەیمانی سێڤەر" بە گشتی و سێ بەندەکەی ئەو پەیمانە بەرانبەر دوارۆژی کوردستانی گەورە بە تایبەتی بەڕێوەبەرانی "بەدرخان" ئەم دیمانەیەیان لەگەڵ بەڕێزیاندا سازکرد کە تێیدا فەرمووی: (زۆر بەداخەوە بەندە کاک شاسوار هەرشەمی ناناسم و ئەو تەواو مافی خۆیەتی بەو جۆرەی دەیەوێت بیر و بۆچوونەکانی خۆی دابڕێژێت و هەموو کەسێکی دیکەیش بێ گومان هەمان مافیان هەیە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم پرەنسیپەدا دەڵێم وەها دیارە کاک شاسوار هەرشەمی گشت نووسینەکانی منی دەربارەی "پەیمانی سێڤەر" نەخوێندووەتەوە بۆیەکا گەلێک بەکورتی لە چەند خاڵێکدا چەند ڕاستییەک دەخەمە بەرچاوی بەڕێز هەرشەمی و ئەو بەڕێزانەی وتاری ناوبراویان لە ڕۆژنامەی "بەدرخان"دا خوێندووەتەوە:

١- کەمال مەزهەر لە هەرەتی لاویدا وەک هەر کوردێکی دڵسۆز حەیرانی "پەیمانی سێڤەر" بە گشتی و بەندەکانی ٦٢و ٦٣و ٦٤ی ئەو پەیمانە دەربارەی دوارۆژی کوردستانی گەورە بوو، ئەوەی لە بیرەوەرییەکانیدا(٥) بە تایبەتی ئاماژەی بۆ دەکات و بێ هیچ جۆرە گومانێکیش هیچ لەنگییەک لەوەدا بەدی ناکەم.

٢- زۆری نەبرد کاتێک کەمال مەزهەر لەتەک دەستەیەک لاوی کوردی دڵسۆزو نیشتمانپەروەردا نێردرا بۆ یەکیەتی سۆڤیەت بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لەمێژوو یان ئەدەب یان زوبانی کوردیدا و ئەو ساڵی ١٩٦٣ لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەتی بڕوانامەی دوکتۆرای بە سەرکەوتوویی وەرگرتوو "خەباتی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عیراق ١٩١٨-١٩٣٢" ناونیشانی نامەکەی بوو، پێموایە ئەوکاتە کاکە شاسوار هەرشەمی هێشتا لەدایک نەبووبوو!

٣- لە بەشی دووەمی ئەو نامەیەدا کەمال مەزهەر پەت پەتێنێکی بێ وێنەی بە "پەیمانی سێڤەر" بە گشتی و سێ بەندەکەی دەربارەی دوارۆژی کوردستان بە تایبەتی کردووە.

٤- ساڵی ١٩٦٧ ئەو نامەی دوکتۆرایەم بە زوبانی ڕووسی لە کتێبێکی سەربەخۆدا چاپکراو ئەو کتێبە یەکەم کتێبمە لە ژیاندا چاپ بکرێت و گشت بیروبۆچوونەکانمی دەربارەی "پەیمانی سێڤەر" بەگشتی و سێ بەندەکەی ئەو پەیمانە دەربارەی پرسی کوردی بە تایبەتی تێدا چاپ کرابێت. شایانی گوتنە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤارە زانستییەکانی یەکیەتی سۆڤیەت ئەو بەرهەمەیان بەرز نرخاندووە، وێڕای ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی هێربەرت ئێڤانس کە لە وتارێکیدا بە زوبانی ئینگلیزی هەمان کتێبی لە ژمارە دووی ساڵی ١٩٦٨ی گۆڤاری بەناوبانگی "لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"دا(٦) بەرز نرخاندووە و هەستیشی بەوە نەکردووە کە خاوەنی ئەو بەرهەمە بۆ خۆی کوردە.

٥- کەمال مەزهەر یەکەم کورد بوو دوکتۆرای ناوک (زانستی)ی لە ساڵی ١٩٦٩دا لە هەمان دەزگای ڕۆژهەڵاتناسیی وەرگرت و نامە نوێکەی لە سێ بەرگ و نزیکەی ٨٠٠ لاپەڕە پێکهاتووە،دیسانەوە لە بەشی یەکەمی ئەو نامەیەیدا پەت پەتێنێکی زانستیی قووڵتری لە جاران بە "پەیمانی سێڤەر" بە گشتی و بە سێ بەندەکەی دەربارەی دوارۆژی کوردستان بە تایبەتی کردووە(٧).



**پەراوێزەکان:**

**١- "بەدرخان"، هەولێر، ژمارە "١٣١"، سێ شەممە، ٢٠٠٩/١٢/٢٢، ل ٢٠.**

**٢- بەبێ دەستکاریی شێوازی نووسین و ناوەرۆکەکەی هێنراوەتەوە.**

**٣- بەبێ دەستکاریی شێوازی نووسین و ناوەرۆکەکەی هێنراوەتەوە.**

**٤- "بەدرخان"، هەولێر، ژمارە "١٣١"، سێ شەممە، ٢٠٠٩/١٢/٢٢، ل ٢٠.**

**٥- ماوەیەکە بەشی زۆری کاتی خۆم بۆ نووسینەوەی ئەو بیرەوەرییانە تەرخان کردووەو هیوادارم بە زووترین کات بکەونە بەرچاوی خوێنەرانی عەرەب و کورد و ئەم ناونیشانەم بۆی هەڵبژاردووە "لە پەراوێزی کوردایەتیدا. لە بیرەوەرییەکانی کەمال مەزهەر".**

6- The Middle Eastern Studies، London، vol.4، No. 2، 1968، pp.173-178.

**٧- خەباتی رزگاریخوازی لە کوردستانی عێراقدا لەنێوان ساڵانی "١٩١٨- ١٩٥٨"دا ناونیشانی ئەو نامەیەیەتی، بە زوبانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٩.**

**بەشی یەکەم**



**بەدرخان، ژمارە (١٣١)ی ٢٠٠٩/١٢/٢٢**

# ڕۆژگاری من

### "ڕۆژگاری من" یادداشتی مارف خەزنەدارە تائێستا "٨٣٢" لاپەڕەی لە ٣ بەرگدا بڵاوکراوەتەوە

### خوێندنەوەی بەدرخان

بەرگی یەکەمی یاداشتەکانی مارف خەزنەدار بەناوی "پەیدابوون ١٩٣٠-١٩٤٩" تێیدا دانەر بەسەرهاتی ڕۆژانەی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەو ڕووداوانەی بەسەر هەموو منداڵێکی هەولێر دەهات لەو ڕۆژانەدا. ئەوەی جیاوازە بەچی شێواز و زمانێکی ئەدەبی ساکار دەیگێڕێتەوە. خاوەنی ئەم یادداشتە تەنیا خەریکی لایەنێکی تایبەتی ژیانی نەبووە، بەڵام بەگشتی هەموو لایەنەکان، ئەگەرچی هەست بەوە دەکرێ هەر لە سەرەتای ژیانیەوە ویستوویەتی ببێتە خوێندەوار و کتێب دابنێ بە زمانی کوردی.

لەم بەرگەدا باس لە خوێندنی حوجرەو قوتابخانەی یەکەمی هەولێر "ئوولا" دەکا. سەیرە باوەژنی هێندەی دایکی خۆشویستووە لەو کاتەی هەردووکیان لەژیاندا بوون و پێکەوە ژیاون. لەم نووسینەیدا بەهیچ جۆرێ تەعبیری "زڕ داک"ی بەکارنەهێناوە. ئەگەر ئەمە سەیر بێ، ئەوەی سەیر نییە، باس لە جەژن و خەتەنە سوورانەو مەولودی هەولێرییان دەکا.

هەراکەی بەردەرکی سەرای هەولێر "١٩٤١" جێی خۆی هەیە بەپێچەوانەی ئەوەی بەردەرکی سەرای سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠.

کەرکووک و موسڵ و دروستکردنی سینەما بۆ یەکەم جار لە هەولێر باس دەکا.

نووسەری "ڕۆژگاری من" لە سەرەتای ژیانی خوێندەواری دەوری منداڵی، خۆی بە قوتابی باوکی و مەلا شێخ جەلالەدینی بەرزنجی و گیوی موکریانی و مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی دەزانێ.

خاوەنی "ڕۆژگاری من" منداڵ بووە سیاسەتی کردووە، کە بووە بەمێردمنداڵ لەو تەمەنەی پیاو بەرەسمی دەبێتە ئەندامی هەر حیزبێکی ئارەزووی دەکا، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە لەو کاتەوە نەبووە بە ئەندامی هیچ حزبێک و لە سیاسەتی پراکتیکی دوورکەوتۆتەوە.



د. مارف خەزنەدار ... ئەو پیاوەی لە گەوهەر گەوهەرترە

لەم کتێبەدا باس لە ئاهەنگە نهێنی و ئاشکراکانی جەژنی نەورۆز دەکرێ. جەنگی دووەمی گێتی جێگەی دیاری هەیە، مان گرتنەکەی کرێکارانی گاورباغی لە کەرکووک. ئەوجا دڵداری و ڕۆژانی ڕاپەڕین "وپبە"، جەنگ و دڵداری بۆ پێکەوە نەبن؟ بە تایبەتی یەکەمین دڵداری. لەو کاتەی خاوەنی "ڕۆژگاری من" لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بوو ئەوکاتە لە قوتابخانە دەرکرا، لە پاشانا بوو بە میوانی گرتووخانە ئینجا بەندیخانەی ناوەندی لە بەغدا، شەش مانگی ئەو یەندیخانەیەش خەریکی نامەو کتێب و ڕۆژنامەو کۆوار بوو لە کتێبخانەی بەندیخانەی ناوەندی بەغدا (١٩٤٩).

بەرگی دووەم بەناوی "دروست بوون ١٩٤٩- ١٩٦٠"ە. لەو سەردەمانەدا خاوەنی "ڕۆژگاری من" لەگەڵ ئەوەی زیاتر خەریکی دەفتەر و قەڵەم و مامۆستایەتی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی بووە، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتی دوور نەبووە، گەشتی ڕۆشنبیری زۆر بووە ئینجا تەلەعفەری ناوچەی موسڵ بێ، یا گوندی تۆبزاوەی هەڵواسراوی قەدشاخی شەفیق ئاغای حەوێزی کۆیەبێ!

دەستکەوتنی ڕەفیق حیلمی و ناسینی ناسر ئەلحانی فراوان کردنی ئاسۆی فیکر بوو. خاوەن یادداشت ئەندامی هیچ حزبێک نەبوو، بەڵام بەناوی ئەندامی حزبی نهێنی تاوانبار دەکرا، بەم جۆرە بۆ ساڵێک گوێزرایەوە بۆ شاری کووت لە عیراقی باشوور، پێی وابوو ژیانی ئەوێ ناخۆش دەبێ، بەڵام دوایی بۆی دەرکەوت سوودیشی هەبوو، هەندێ شتی تازە فێربوو، لە کووت نووری شاوێس و ناهیدە شێخ سەلامی ناسی، نەچووە ئاهەنگی میری ڕەبیعە بەهۆی دانیشتنی فەیسەڵی دووەم لەسەر تەختی مەلیکی. بەلای ئەوەوە کیژۆڵە ماست فرۆشەکە کە ئارامی گیانە، نەوەکو ئەو دەعوەتەی لەناو قاپی زێڕ و زیو نان دەخورێ.

ژیانی زانستگای بەغدا هێندەی ناسینی تۆفیق وەهبی گرنگ بوو. هاوشانی ئەمە ڕۆژنامەگەری بوو، ناسینی گەلێک لە نووسەر و شاعیرانی عەرەب بوو وەکو عەبدولقادر ناسری و بەدر شاکر سەیاب و مەهدی جەواهیری و عەبدولوەهاب بەیاتی و حوسێن مەردان و گەلێکی تر بوو.

هاوڕێی هەمیشەیی ئەو ڕۆژگارە جەمیل ڕۆژبەیانی بوو، قوتبی ڕۆشنبیری کوردی سلێمانی بوو، لەوێ سەردەستە محەمەد ساڵح دیلان بوو.

خاوەنی یادداشت لەو ڕۆژانەدا چاوی بەشێخ مەحمود کەوت لە نەخۆشخانە لەبەغدا، لەدوای چەند ڕۆژێک کۆچی دوایی کرد. لەوکاتەی سەفەری ئێرانی کردو لەو سەفەرەدا ڕێگەیان نەدا بۆ کوردستانی ئەوێ

## شێخ عیزەددینی حوسێنی:

# موسەوی و کەڕوبی شوێن ویستی جەماوەر کەوتوون

**لە سەفەرێکی کورتدا بۆ وڵاتی سوید چوومە خزمەتی(شێخ عیزەدینی حوسێنی)، و هەوڵمدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ئەنجام بدەم، ئەوەبوو لەسەرەتادا ڕەزامەند نەبوو، چونکە بۆ ماوەیەکە مامۆستا بۆ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن لێدوانی ڕۆژنامەوانیی نەداوە، لەبەرئەوەی هەندێک جار چاوپێکەوتنەکانی دەشێوێندرێت و بۆ مەرامی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بۆیە لەم ماوەیەدا خۆی لە میدیاکان بەدوور گرتووە، دوای هەوڵدان ڕەزامەندی نیشاندا، سەبارەت بەو دیمانەیەی کە لە هەفتەنامەی "بەدرخان" دەخوێنێتەوە دەربارەی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە بەم شێوەیە بەدرخان پرسیاری لێکرد؟**

**دیداری: دڵشاد واژەیی**

*** جەنابتان چۆن دەڕواننە نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی بەرەی چاکسازی لە ئێران؟**

- لە ڕاستیدا ئەسڵی بزووتنەوەکە بزووتنەوەیەکی باشە، چونکە ئێستا زۆرینەی خەڵکی ئێران زۆر زیاتر لە جاران دژی ڕژێمەکەن، هاتنی هەڵبژاردنەکان زەمینەیەکی لە بار و گونجاوبوو بۆ دەربڕینی ئەو نارەزاییانە.

*** ئایا (موسەوی) و (کەڕوبی) ڕابەری ئەو جوڵانەوەیەی ئێستای ئێرانن؟**

- ناتوانین بڵێین ئەوان ئەو بزووتنەوەیەیان لە ناو جەماوەردا دروستکرد، چونکە نارەزاییەکە لەوەوپێشیش هەبوو و جەماوەریش لە (موسەوی) و (کەڕوبی) لە پێشترن و توندترن لە دژی ڕژێم، چونکە (موسەوی) و (کەڕوبی) شوێن ویستی جەماوەرکەوتوون و خۆیان وەک سەرکردەیەکی ئەو چاکسازییە نیشاندەدەن، کاتێکیش دێت خەڵکی ئێران ئەو سەرانە بەجێدەهێڵن، چونکە ئەم جوڵانەوەیە هەڵقوڵاوی ناو جەماوەرە و خەڵکی دەیانەوێت حکومەتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیە نەمێنێت، چونکە ئەم حکومەتە باوەڕی بە دەسەڵاتی موتڵەقە بۆ ئیمام، خەڵک داواکارن حکومەتێکی مەردومی و دیموکراتی بێتەسەرکار.

*** جەنابتان چۆن دەڕواننە ئەوەی کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم خۆپیشاندان و جوڵانەوەیەی ئێراندا خۆی دوورەپەرێز کردووە؟**

- کورد لە کوردستانی ئێران لە ڕۆژی هاتنە سەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو شێوەیەک(چەکداری و سیاسی) دژ بە ڕژێم درێژەی بەخەباتی خۆی داوە و لە هەموو بزووتنەوەیەکی سەرانسەریش پشتیوانی کردووە، ئێستاش بە پێی بەرژەوەندی خۆی و بارودۆخی ناوچەکە هەڵوێست دەگرێت، هەروەها لەبەرئەوەی کە کۆماری ئیسلامی حەساسییەتێکی زیاتری لە ئاست ناوچەکانی کوردستان هەیە، لە بەرئەوە لە ئێستادا خەڵک بە پێویستی دەزانێ بە پارێز و وشیاری تەواوەوە هەنگاو هەڵگرێ.

*** پەکەکە دەستی ئاشتی بۆ تورکیا درێژ کرد و جەماوەریش لە باکوور زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ کرد جەنابتان ئەم هەوڵە چۆن دەبینن؟**

- پێم باشە و لایەنی ئیجابی زۆر بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا لە هەندێک ڕووەوە لێی نیگەرانم.

*** بۆچی؟**

- چونکە لە ڕووی ڕاگەیاندن و جەماوەرییەوە شتەکە زیاتر لەخۆی گەورەکرا، کەمتر ئەوە لەبەرچاوگیرا کە لە تورکیادا زۆر لایەن هەن بەتەواوی دژی مەسەلەی کوردن، ئەوەبوو نەتەوەپەرستەکان لە هەوڵدابوون بۆ تێکدانی هەوڵەکانی ئاشتی و کاریان بۆ داخستنی (DTP)کرد و هەوڵەکانیشیان سەری گرت.

*** ڕات چۆنە بەرامبەر پەکەکە؟**

- پەکەکەم خۆش دەوێت و پەیوەندیشم لەگەڵیان باشە، چونکە پەکەکە شۆڕشگێڕە و کوردی لە باکوور بە زیندوویی ڕاگرتووە.

*** جەنابتان چۆن دەڕواننە کێشەی کەرکووک؟**

- بەراستی کێشەیەکی قووڵ و ترسناکە بۆ کورد، چونکە حەق دەستێندرێت و لەکاتی گونجاوی خۆیدا ئەوە نەکرا، ئێستاش کورد ناتوانێت ئەو هەقە بە ئاسانی بستێنێتەوە و کەرکووک بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان، دڵگەش نیم بە ئایندەی کەرکووک.

*** (بۆش) یان (ئۆباما) کامیان باشتر دەبینی؟**

- (ئۆباما) عاقڵانەتر لە (بۆش) هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکان دەکات، دەیەوێت دیدی جیهان بەرامبەر ئەمریکا بگۆڕێت، لەهەمان کاتدا بەرامبەر دەوڵەتانێکی وەک ڕژێمی ئێرانیش توندە.

*** ئەی (مەحموود ئەحمەدی نەژاد) چۆن دەبینی؟**

- کەسێکی زۆر موتەعەسیب و کۆنەپەرستە، پێی وایە دەبێت تەنها گوێڕایەڵی ئیمامی زەمان(خامنەئی)بێت،بۆکوردیش زۆر خراپە.

*** لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا چەندین حزب و پارتی کوردیی ڕۆژهەڵات لە یەکتر جیابوونەوە و دووبەرەکی زۆر دروست بوو جەنابتان چۆن ئەو وەزعە دەبینن؟**

- بە کارێکی باشی نازانم و وەک هەموو کوردێک منیش پێم خۆشە هەمووان یەکگرتووبن و ئەو دووبەرەکییە لە سوودی کەس نییە جگە لە دوژمن.

*** هەندێک لە خەڵکی دەڵێن (مامۆستا شێخ عیزەدینی کۆمەڵە) ئایا جەنابت کۆمەڵە بوویت؟**

- یەکەم حیزب کە تێیدا بووم کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ.ک)بوو ئەویش لە پێش کۆماری کوردستان لە مهاباد دروستبوو، جگە لەوە من هیچ وەختێک کۆمەڵە نەبووم، بەڵام کاتی خۆی پشتیوانیم لە کۆمەڵە کردووە، چونکە ئەوکات کۆمەڵە شۆڕشگێڕبوو و بزووتنەوەی کوردی پێ مەترەح بوو، هەروەها چەپێکی موعتەدیل بوو و موتەعەسیب نەبوو، بەڵام کاتێک کە بوو بە(کۆمۆنیستی ئێران) پێم مەسلەحەت نەبوو، و ئەوکاتیش من نارەزایی خۆم بە نووسراو پێ ڕاگەیاندن و دژایەتیم کردن، من کەسێکی ماتریالستی نیم و هیچ وەختێک کۆمەڵەو کۆمۆنیست نەبووم.

*** ئەی لە سەرەتای شۆڕش جەنابتان لەگەڵ کێ بوون؟**

- ئەوکات من لەناو هیچ حزب و ڕێکخراوێکدا نەبووم، بەڵکو لەسەرەتای شۆڕشدا هەموو پێکەوە کارەکانمان بەڕێوەدەبرد.



شێخ عیزەددینی حوسێنی

## ئەحمەدی نەژاد کەسێکی زۆر موتەعەسیب و کۆنەپەرستە، پێی وایە دەبێت تەنها گوێڕایەڵی ئیمامی زەمان (خامنەئی)بێت، بۆ کوردیش زۆر خراپە

بڕوا. لە نزیکەوە دۆستایەتی لەگەڵ هەموو شاعیر و نووسەری شاری سلێمانی هەبوو. لێرەدا ماوەی ئەوەنییە هەموویان یاد بکرێنەوە، بەڵکو پێویستە خوێنەر لە ناوەرۆکی "ڕۆژگاری من" ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا بکا.

گەورەترین ڕووداو لەو ماوەیەدا کوودیتا عەسکەرییەکەی عەبدولکەریم قاسم بوو، ڕاستە دەبوو بەدڵ پڕۆپاگەندەی بۆ بکرێ، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئاشکرابوو ئەوە نەبوو کە دەبوو ببێ، بەڵام دەسکەوتی خاوەن "ڕۆژگاری من" کۆواری "شەفەق" بوو وەکو دەستەو دائیرەیەک لە کۆمەڵێک خەڵک پێک هاتووە، لە سەرووی هەموانەوە مارف بەرزنجی.

لە یادداشتدا ئەوەی گرنگ بی ڕۆژگارانی ١٩٥٧- ١٩٦٠ کەرکووکە، ڕووداو زۆر بوو هەڵە کوشندە بوو، ئەو ڕۆژانەی کەرکووک لە ڕۆژانی ئەمڕۆدا دووبارە دەبێتەوە، پێویستە بەوردی تەماشای هەڵەکانی ئەو کاتە بکرێ بۆ ئەوەی هەڵەکانی ئێستاش بچێتە سەر ئەوەی پێشوو، کورد ناچاربێ چاوەنۆڕی ڕێکەوتی سێیەم بێ، بۆ ئەوەی کەرکووک لەکیس نەچێ.

لەگەڵ بەرگی دووەمی ئەو کتێبە ئەدگاری ژیانی خاوەن یادداشت لە ڕەگ و ڕیشەوە دەگۆڕێ، ژیانێکی تازە، لە وڵاتێکی تازە دەست پێدەکا کە ڕووسیایە.

بەرگی سێیەم بەناوی "ژیانی ڕووسیا A" ئەگەرچی جیاوازییەکی بنچینەیی لەنێوان ئەم بەرگەو دوو بەرگەکانی پێشوودا هەیە، بەڵام لایەنی ڕۆحی و مەعنەوییەکەی جیاوازە لەگەڵ ناوەرۆکی ماددییەکەی، نووسەری "ڕۆژگاری من" بەسەرهاتی خۆی لەم بەرگەو بەرگی چوارەمی داهاتوودا لە نێوان ساڵانی "١٩٦٠- ١٩٦٨" دەگێڕێتەوە.

نووسەر لە چوارچێوەی ژیانی خانەی قوتابیان و کتێبخانەو مۆزەو گێتی ڕۆژهەڵاتناسی و کوردناسی ناچێتە دەرەوە. باس لە هەموو سەفەرەکانی دەکا. ئەمانە دوو بەشن، بەشێکیان زانستی و بەشێکیان بۆ حەسانەوە، هەندێ جار هەر دوو بەشەکە تێکەڵ بەیەکتری دەبن، بەمجۆرە دەکرێ بڵێین هەموو ناوچەو ئاقارەکانی ڕووسیاو وڵاتی سۆڤیەتی پێشووی دیوە.

باس لە ژیانی قوتابیانی عیراق بە کورد و عەرەبەوە دەکا. هەڵوێست دەنوێنی لەنێوان هەردوو حزبی عیراق "پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیست، تەرازوو و پێوانەی بیری کوردایەتییە، بەهیچ جۆرێ دژایەتی ئەم دوو حزبەی لەگەڵ یەکتری نەکردووە بە تەرازوو و لەگەڵ یەکێکیان بێ و لەدژی ئەویتر.

لەو گەشتانەی ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە بەناوی "شەمەندەفەری دۆستانە" لە ساڵی ١٩٦٠ بیست ڕۆژی خایاند و شەش هەزار کیلۆمەتری بڕی لە ناوچەکانی ڕوسیاو داغستان و ئازربێجان و گورجستان و ئەدجاریاو ئابخازیا.

ئەوەی لەم سەفەرەش گرنگتر ئەوەی ئەرمەنستان و ئەلەگەز بوو، ئەمەیان نزیکەی چل ڕۆژی خایاند، نیوەی لە زۆزانانی شاخی ئەلەگەز بوو. لە مانگی تەمووز و ئاغستۆس و بەهەفتە بەوڵاغ لەناو دۆڵ و شیو و قەد پاڵەکانی ئەلەگەز دەسووڕایەوە و دەبوو بەمیوانی زۆزانی بنەماڵەی کوردانی ناوچەی ئەلەگەز.

بێگومان کۆمەڵی کۆمارەکانی بەلتی لیتوانیاو لاتیڤیاو ئەستونیا جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵی ئۆزبەگستان هەیە، ئەمانە هەردووکیان لەگەڵ کۆمەڵی مۆڵداڤیا "بێسارابیای کۆن"جیاوازن.لەم گەشتانەدا خاوەن یادداشت لەکورد گەڕاوە، لە هەموو شیاندا کوردی دۆزیوەتەوە.

چوار بەرگی دیکە لە "ڕۆژگاری من" لەدوارۆژی نزیکدا یەک لەدوای یەک بڵاو دەکرێنەوە، واتە لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٩١ و ڕاپەڕینی کوردی عێراق.

ئەم بەرگانەی داهاتوو لەسەر شێوازی بەرگەکانی پێشوو دەڕۆن، بەڵام بەناوەرۆک جیاوازن لەوان، دیارە بەلای زۆر کەسەوە ئەم بەرگانە گرنگترینیانن، بەڵام بەلای دانەر مەسەلەکە پێچەوانەیە، ئەو هەموو کتێبەکە بەیەک یەکە "وحدە" دادەنێ.

هەمیشە لە مەجلیسیدا ئەوە دەخاتە بەرگوێ: "لەوانەیە هەموو کەسێک کتێبەکەی بەدڵ بێ! ئەمە ڕاست نییە، ئەوەی ڕاستییە کەسیش نییە هەموو کتێبەکەی بەدڵ نەبێ". لەبەر ئەوە پێویستە هەموو کەسێک بیخوێنێتەوە، چونکە لە لاپەڕەیەکدا خۆی دەدۆزێتەوە.

جێی ئاماژەیە هەموو بەرگە چاپکراوەکانی ئەم یادەوەرییانە لەسەر کیسەی نووسەر خۆی چاپکراوە، ئێستا لە کتێبخانەکانی کوردستان بەرگی یەکەم و دووەم و










قەڵەم



حەسەن یاسین

## مەرگی جووتیارو "نووسەران"ی پۆخڵ

* خالید جووتیار هەم ڕۆشنبیرییەکی دەشتەکییانەی دەوڵەمەندی لەبارەی ئەدەبی میلیی کوردی بەگشتی و حەیران بەتایبەتی هەبوو، هەم شارەزاییەکی باشی لەڕووی زانستییەوە لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەناسیدا هەبوو . جووتیار جگە لەوەی پیاوێکی خۆشمەشرەب بوو، یەکێک لەوانەی نەکەسی لەخۆی عێدز و توورە دەکرد و نەخۆیشی لەکەس عێدز و توورە دەکرد !

* جووتیار لەڕۆژە سەختەکانیشدا هەردەم لەسەنگەری میللەتەکەیدابوو . لەڕۆژانێک کە پێشمەرگایەتی ئەرکێک بوو لەسەر تاکی کورد، بۆ پاراستنی لە هەڕەشەی نەمان و لەناوبردن، جووتیار یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی ( ی.ن.ک). لەڕۆژانی دوای (٣١)ی ئابی (١٩٩٦) یشدا، ئەگەرچی دەیزانی ناکەوێتە بەر هەڵمەتی ڕاوەدوونان، بەڵام خۆی لە هاوبیرەکانی نەدزییەوە و خۆی گەیاندە سلێمانی تا جێگەی مانەوەی پەیداکرد پێنج شەو لەناو قەمەرەکەی خۆیدا ڕۆژی کردەوە !

* ئێوارەی ٢٤ی مانگی دوازدەی ڕابردوو لەگەڵ فەیسەڵ عەلی لەهەولێر میوانی حەمید بەدرخان بووین و گوتمان بابچینە یانەی نووسەران بۆ ئەوەی لەوێ هاوڕێ نووسەرەکانیشمان ببینین . کە دانیشتین دیتم خالید جووتیار لەگەڵ مەحمود زامدار دانیشتووە . پشتی لە ئێمەبوو . هەرکە ئێمەی دیت لەجێی خۆی جوڵا و ویستی بەرەو لامان بێت بۆ بەخێرهێنانمان . نەمهێشت و من چوومە خزمەتیان . ئەو و زامدار حەزیانکرد لایان دانیشم . گوتم تازە هاتووین، توزێکی دیکە دێمەلاتان . ئەوەندەی نەبرد جووتیار هات و خواحافیزی کرد و گوتی من وادەم تەواو، دەچمەوە ماڵێ . بە گورجی ڕۆیشت . قەت خالیدم وەک ئەو ئێوارەیە بەگورجی نەهاتۆتە بەرچاو . بەڵام زوو ڕۆیشت و یانەی نووسەرانی بەجێهێشت . ناهەقی نەبوو، هۆڵێکی زۆر پیس و پۆخڵ . پڕبوو لە جگەرەکێش، بەڵام دووکەڵکێشی لێنەبوو . سادەترین مەرجی تەندروستی لەو هۆڵەدا نابینی . ئەو یانەیە و بینایەکەی لقی یەکێتی نووسەرانیش دەگەڕێتەوە بۆ جوامێریی ( مەهدی خۆشناو)ی جوانەمەرگ . شەهید مەهدی خۆشناو بە هیممەتی خۆی نووسەرانی هەولێری کرد بە خاوەنی بینا و یانەی شەوانە، بەڵام ئەوان کە بەشێکیان لەهەولێر پلەی حکومی و بەرپرسیاریێتیشیان هەیە بەو یانە پیس و پۆخڵەی ئێستایان ڕازین !

* سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢٥ی دوازدەبوو، وەکو ڕۆژان زوو لەخەو هەڵسام و لەڕێی ئینتەرنێتەوە خەریکی خوێندنەوە بووم . فەیسەڵیش زوو خەبەریبووەوە و گوتی: دەزانی قوڕگ و لووتم تەواو گیراوە، ئەو هۆڵەی دوێنێ شەو لێی بووین زۆر پیسبوو . بەم قسەیەی فەیسەڵ یەکسەر خەیاڵم فڕی بۆ لای خالید جووتیار و لە خەیاڵی خۆمدا گوتم باشە جووتیار نەخۆشی هەناسەتەنگیی هەیە چۆن دەتوانێ لەو هۆڵەی یانەی نووسەران دابنیشێ ؟ ناهەقی نەبوو زوو ڕۆیشت . لەو خەیاڵانەدابووم زەنگی " مەسج "ی مۆبایلەکەم لێیدا . حەمیدبوو نووسیبووی: خالید جووتیار مرد !

* لەتەیراوە سەرلەبەیانییان نۆک و لۆبیایەکی خۆش هەیە . کە لەهەولێربم، سەرلەبەیانیان زوو کە لەوەرزش و غارغارێنی جادەی شەست مەتری دێمەوە، دوای خۆشوشتن یەکسەر دەچم نۆک و لۆبیا و نان و سەموون دەکڕم . ئەو بەیانییە کە لە خەو هەڵستام، چونکە پەتای ئەنفلەوەنزا، جا نازانم هی بەرازە یان بزن، لەدووەم ڕۆژی جەژنی قوربان وەرزشی پێ تەرک کردبووم، دوای کڕینی کەرەستەکانی خواردنی بەیانیان، خۆم بە ئینتەرنێتەوە خەریک کرد . کە خەبەری مەرگی جووتیارم بیست، لەگەڵ فەیسەڵ یەکسەر خۆمان گۆڕی و چووین بۆ مزگەوتی حاجی عەزیزی خرابەدراو لەنزیک خەستەخانەی ئیمێرجێنسی لەسەر جادەی شەست مەتری لە هەولێر . کاتژمێر (١٠)ی بەیانی تەرمی جووتیار بەرەو گۆڕستانی پیرداود بەڕێکرا . ژمارەیەکی زۆر لە جوامێران هاوڕێی تەرمەکەی خالید جووتیار بوون . زۆریش لەسەر قەبران ئامادەبوون . پارێزگاری هەولێریش لەناشتنی تەرمی ئەدیبێکی شارەکەیدا ئامادەبوو، بەڵام لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێرم نەدیت !

### د. دلاوەر عەلائەدین وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:

# گرفتە سەرەکییەکانمان بریتین لە گرفتی چەندایەتی



دکتۆر دلاوەر عەلائەدین

**لەگەڵ دەست بەکاربوونی وەزیری نوێی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی گەلێک بیروبۆچوون هاتنە کایەوە. هەر هەموو چاوەکان ئاراستەی وەزارەت کران، بەهیوای هێنانەدی گۆڕانکاری پۆزەتیف لە زانکۆو ناوەندەکانی خوێندن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیانی خوێندکارو مامۆستایان و گۆڕینی بەرنامەو سیستەمەکانی خوێندن. ئایا وەزارەت چەند لەئاست ئەو لێپرسراویەتییە گەورانە دەبێت، ئەوا دوارۆژ وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. بۆ پتر تیشک خستنە سەر ئەم لایەنانەو ئەو کێشانەی رووبەڕووی وەزارەت دەبنەوە، هەفتەنامەی بەدرخان ئەم دیدارەی لەگەڵ بەڕێز د. دلاوەر عەلائەدین وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سازدا.**

**دیداری: حەمید بەدرخان**

*** ئەمڕۆی خوێندنی باڵا چۆن دەبینی؟**

- خوێندنی باڵای ئیمڕۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی مەزنی بەخۆیەوە دیوە و دەبێ ئێمە وەک خەڵکی هەرێم شانازی پێوە بکەین.

*** کێشەکان چین؟**

- گرفتە سەرەکییەکانمان بریتین لە گرفتی چەندایەتی، کە ژمارەیەکی زۆرمان قوتابی و خوێندکار هەیە و کورسی خوێندن و توانستی زانکۆو پەیمانگاکانمان بەشی هەموو داواکارییێک ناکات. گرفتی چۆنایەتیمان هەیە کە ئاستی خوێندن و ڕاهێنان لە ئاستی پێداویستییەکانی بازاڕی کاری هەرێم نییە. گرفتی بودجە و داراییمان هەیە کە ئەوەی لەبەردەستدایە کەمترە لەوەی ئاواتمانە لە خوێندنی باڵای سەرف بکەین. گرفتی پلاندانانمان هەیە کە پێویستە ژمارە و بواری پسپۆڕییەکانمان هەماهەنگ بێ لەگەڵ بازاڕی کار. گرفتی بێ بەشدارییتی مامۆستایان و قوتابی و خوێندکار لە پرۆسەی بڕیاردانماندا هەیە. ئیتر ئەوانە و دەیان گرفتی تر کە لە بنەڕەتەوە پەیوەندییان بە کۆن بوونی سیستەمی خوێندنی باڵاوە هەیە.

*** چارەسەرییەکان چین؟**

- چارەسەرییەکان بریتین لە گۆڕین و نوێکردنەوەی سیستەم. تەرکیز کردن لەسەر دڵنیایی جۆری، بەشداری پێکردنی مامۆستایان و قوتابیانی خوێندکار لە پرۆسەی بڕیاردان و داڕێژتنی ستراتیژییەتێک و پلانێکی درێژخایەن لەسەر بنەمانی ڕوانگەیەکی روون و ئاشکرادا. ئەوە دەستپێکە و دەبێتە مایەی داڕێژتنی نەخشەڕێگایەک بۆ چارەسەر کردنی گرفتە موزمینەکان و بۆ بەستنەوەی دەزگاکانی خوێندنی باڵای هەرێم بە دنیای سەردەم.

*** وەک لە پەیامی ناو"ڕوانگە"ی وەزارەتی خوێندنی باڵا هاتووە کە تۆ دەتەوێت چەند گۆڕانکارییەک لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەیت؟ بەڵام لەوێدا ئەو پەیامە زۆر تەم و مژاوییەو ئاسۆی روون بە ئەستەم دیارە؟ ئایا دەکرێ پتر لە وردەکارییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە بدوێن؟**

- لە ڕوانگەی بڵاوکراوەکەدا، کە حکومەتی هەرێم تەبەنناى کردووە، تەنیا لایەنی سیاسەتی وەزارەت و ستراتیژییەتە لوتکەییەکان بە گشتی باسکراون. واتە تەم و مژاوی نین، بەڵکو ئاسۆشیان بە چاکی پێوە دیارە، بەڵام وردەکاری گۆڕانکارییەکانیان تێدا نییە، چونکە ئەوەیان پێویستی بەبیرکردنەوەی بەردەوامی پسپۆڕان هەیە و ئەگەر پشووتان درێژ بێت، لە ئایندەیەکی نزیکدا وردەکارییەکان دیراسە دەکەین و بڵاویشیان دەکەینەوە.

*** بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە زانکۆکاندا نەک تەنیا پەیوەندی بە ئاستی مامۆستاو قوتابی و خوێندکاران هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە کەش و هەوای ئازادی ناو زانکۆو سیستەمی بەڕێوەبردنی زانکۆو هۆڵ و تاقیگەو بەرنامەکانی خوێندن و کۆنفرانس و توێژینەوەی زانستیش هەیە. ئایا گۆڕانکارییەکانی بەڕێزتان سەرتاسەرییە یان پارچەیی دەبێت؟**

- بێگومان ئەگەر گۆڕانکارییەکان سەرتاسەری نەبێت ئەوا گرفتەکانمان چارەسەر ناکات، بۆیە پەیتا پەیتا بە سەرتاسەری سیستەم دادەچینەوە.

*** ئایا بەرنامەی وڵاتانی دیکە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە زانکۆکانی کوردستان بەکار دەهێنن؟**

- ئێمە بەو مانایە بەرنامەی وڵاتانی دیکە بەکار ناهێنین، بەڵکو باشترین بەرنامەی سەردەمیانەی لەئامێز دەگرین و بە گونجاوترین شێوە لەگەڵ کلتووری کوردستان ئاوێتەی دەکەین و لەدوای تاقیکردنەوەدا بە شێوەی کۆتایی دادەڕێژین.

# عوسمان سەرسۆر لەبیرەوەری هاوڕێکانیدا (١٩٣٩/١١/٣ — ٢٠٠٠/٧/١٧)



**ڕەئوف کامەلا عەوێنەیی**

کە عوسمان ناوەندی تەواو کرد باوکی داوای لێ دەکا تەقدیمی "کولیە شورتە" بکات بەڵام وەر ناگیرێ لەبەر "تحقیق هەویە" ناچار دەچێتە زمان، چەند ساڵی لە مامۆستای سەرەتایی ماوە پاشان بووە" مامۆستا لە ناوەندی گەلاوێژی کچان. ساڵی ١٩٧٠ کە هەر دوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان تێکەڵ بوونەوە مامۆستا عوسمان بووە ئەندامی ناوچەی شەهید "محەمەد حاجی" ڕۆڵی بەرپرسیارییتی هەبوو، عەبدولوەهاب ئەتروش" پارێزگاری هەولێر زۆری خۆش دەویست نازانم لەچی لێی دڵگران بوو، ئیدی نەقلی مێرگەسۆر کرا، مامۆستا لە ناوەندی مێرگەسۆر پەیوەندی زۆر خۆش بوو لەگەڵ خوالێ خۆشبوو شێخ محەمەد خالید. ساڵی ١٩٧٣ بوو بە ئەندامی وەفدی لاوانی عێراق بۆ ئەڵمانیا، ئەوەی لە بیرم بێ کاک سەربەست بامەڕنی لەگەڵ بوو، لە فێستیڤاڵی لاوانی جیهان لە ئەڵمانیا "نەعیم حەداد" سەرۆکی وەفدی لاوانی عێراق بوو، عوسمان وەک ئەندامی لاوانی کوردستان بەشداری کرد. وا دیارە د. ئەحمەد فەرهادی ئەو کاتە گەشتکردن لە ئەڵمانیا دەبێت، دەگێڕێتەوە، کە عوسمان رانک و چۆغەڵی لەبەر کردبوو، چەمەدانی لەسەر نابوو ئەوە لەوێ لە ئەڵمانیا لەنێو لاوانی دەوڵەتانی میوان دانیشتبوو باسی کوردستانی دەکرد...

ساڵی ١٩٧٤ یاریدەدەری "شۆون الگلبە" بوو لە پەیمانگای بنکەی هەولێر ئەوکاتە شێخ خالس شێخ جەواد بەڕێوەبەر بوو، "دەربارەی ئەو ڕۆژانەی تەمەنی عوسمان سەرسۆری شەهید دەستنووسێکی جێماوی خۆیمان وەگیرهێنا، کە تێیدا باس لە چۆنیەتی دامەزراندنی ئامۆژگا دەکات، لە دەقەکەیدا هاتووە: (بەڕێز مامۆستا خالس لە یەک لە ڕۆژەکانی مانگی ١١ی ١٩٧١ لە پێش بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە تووشم بوو، کە ئەو کاتەی نزیک سینەمای سەلاحەددین بوو، پاش چاک و چۆنی چونکە ئەو کاتەی تازە لە مێرگەسوور نەقلی ناوەندی برایەتی ببووم، تەکلیفی لێ کردم کە بەڕێزی حەز دەکا بەشداری میلاکی ئامۆژگا بکەم کە تازە لە هەولێر دەکرایەوە، بەڕاستی کردنەوەی ئامۆژگایەکی وا ئاواتی من بوو، چونکە حەزم دەکرد مامۆستایانی سەرەتایی دەرچووی ئامادەیی بن و لە پاشانیش ئامۆژگا تەواو بکەن و ببنە مامۆستایەکی لێهاتوو و منداڵی کورد هەر شەش ساڵی سەرەتایی بە پوختەیی ببڕن و ماندی بوونەکی زۆر لەسەر شانی مامۆستایانی ناوەندی کەم بکەنەوە و مامۆستایان هەویری سەرەتایی باش بشێلن، سەرجەم خێزانی پەروەردە دڵنیا بن کە نەوەکانی داهاتوو بە قۆناغێکی پڕ ئارام و پەروەردە و فێربووندا دەڕۆن، چونکە بەڕاستی هەر پەروەردەیە لە ئەرکەکانی تر گرنگترەو ناسکترە و هەموو هەڵەکانی تر زوو چارەسەر دەکرێ، بەڵام هەڵەی پەروەردە کوشندەیە، بەڕێز مامۆستا خالس کە شایستەی ئەوە بوو ئەو ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆی خۆی، منیش رازی بووم کە ببمە یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاری قوتابیان ئەوە بوو لە ١٩٧١/١٢/١٢ بە نووسراوی بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر ژمارە ٦/ ر لەهەمان بەروار کە ئیشارەتی دابووە فەرمانی وەزاری ژمارە ٥٥٧٤٨ لە ١٩٧١/١٢/٧ فەرمانی تەنسیب کردنمان دەرچوو ئەو کاتەی برای گەورە و بەڕێزم مامۆستا محەمەد ئیسماعیل محەمەد بەڕێوەبەری پەروەردەی هەولێر بوو و زۆر یارمەتی داین لە دروست کردنی میلاکەکی زۆر باش و ڕێک و پێک وە هەر چیمان داوا بکردبا بەبێ سێ و دوو موافەقەی دەکرد.

ئەوەی بەبیرم بێت کە دەستمان بە دەوام کرد لە دواناوەندی کوردستان بوو شوێنێکی وا گەورەمان دەست نەکەوت و قوتابیەکی یەکجار زۆرمان لە بۆ هات، کە نزیکەی ١٠٠٠ قوتابی دەبوون لە هەموو شارەکانی وڵات نەک بە تەنها لە کوردستان، کە بەڕاستی دیسان دەوری مامۆستا خالس گرنگ بوو لە وەرگرتنی زۆربەی قوتابی کورد کە دیراسەیان تەواو نەکردبوو هەتا ئەوەم بەبیر دێ کە قوتابییەک خەڵکی زەممار بوو مەوالیدی ١٩٣٩ بوو......

زۆر ماندوو بووم بۆ تەواو کردنی فەحس و موعامەلاتی قوتابیان لەگەڵ ئەو دوو سێ مۆزەفە کەمەی کە لەسەرەتا بۆمان تەعین کرا بوو لەگەڵ هەندێ بەردەست، ماوەیەک بەم شێوەیە بردمانە سەر، وردە وردەش قوتابی کەم دەبوونەوە و لە شوێنێکی تر وەردەگیران و ئێمەش پتر کارەکانی خۆمان گەمارۆ دەدا و مامۆستایان زۆر بە جددی هەڵەکەیان قۆستبۆوە کە دەستکەوتێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان و باشترین مامۆستا بە تەنگمانەوە هاتن، میلاکیشمان جگە لە بەڕێز مامۆستا خالس و من و مامۆستا تەحسین عومەر یاریدەدەر بووین و بۆ هەراختساسێکیش دوو مامۆستا یان سێ مامۆستا دانرا بوون بە پێی (حصص)ی وانەکان سەرجەم ژمارەی میلاکمان (١٧) مامۆستا بووین لەگەڵ چەند (مۆزەف) کە ئەوانیش زۆر ماندی بوون لە خستنە سەر پێی ئامۆژگا. لە پاشان بینایەک هەبوو کە گوایە بۆ خەستەخانەی فریاکەوتن دروست کرابوو، پرسی بەڕێز دکتۆر عەبدولرەزاق دەبباغ کرا، ئەویش ماڵی ئاوا بێ موافق بوو بینایەکە بدرێت بە ئامۆژگا، هەروەها ساڵی یەکەمی دیراسەمان بردە سەر و ئامۆژگا لە هەموو روویێکەوە چەسپا، بینایەکی نوێی باش و میلاکەکی پوخت و چەند مۆزەفی زیرەک و بەردەستی ماندوو



شەهید عوسمان سەرسۆر

نەناسی، مەکتەبەیەکی باش و مەسادری پێویست پەیدا کرا و نادیەکی فراوان بۆ خوێندکاران، هەروەها خەریکی هەندێ چالاکی تریش بووین بە پێی ڕۆژگار و سەردەم بۆ خستنەڕووی ڕاستی مێژوو. بەڕێز عەبدولوەهاب ئەترووشی، کە ئەو کاتەی وەزیر بوو لە پاشان بوو بە پارێزگاری هەولێر زۆر یارمەتی داین و بایەخی بە خوێندنی باڵا داو زۆر سەردانی ئامۆژگای کرد. هەروەها بەڕێز کانەبی عەزیز دزەیی، کە ئەو کاتە یاریدەدەری پارێزگاربوو، ساڵی دووەم زۆرتر خوێندکاری کورد وەرگیرا و هەندێ لە قوتابیانی عەرەب بۆ ئامۆژگای موسل گواسترانەوە، ئەوەش بە هەوڵ و تەقەلای بەڕێز مامۆستا خالس بوو .

بۆ خوێندنی کوردی لە ئامۆژگا، من جگە لەوەی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووم، سەرۆکی خوێندنی کوردی بووم. بەڕێزان ماۆستا شێرکۆ ئەحمەد حەوێز و مامۆستا جەواد شێروانی مامۆستای کوردی بوون. مەنهەجێکی باشمان دانا و مامۆستایان بە دەست نووسیانەوە و فۆتۆکۆپیان کرد و دابەشمان کرد، لە پاشان بەڕێز سەرۆکی زانکۆی بەغدا سەردانی کردین و دەرفەتێکی باش بوو هەر لە وێ لەسەر ئامۆژگاری بەڕێز مامۆستا خالس داوایەکم لە بەڕێزی کرد بە نووسین، کە دەرسی کوردی بکرێتە (٥) حصە و بارودۆخی مامۆستای سەرەتایی و ئەرکی دوواڕۆژی بە پێی بەیاننامەی ١١ ی ئادار خستمە ڕوو بەڕێزیشی رازی بوو و سوودێکی باشمان بە قوتابیان گەیاند.

دەورەی یەکەمی ئامۆژگا دەرچوون. هەموو کاتێک بیرمان لەوە دەکردەوە ئامۆژگا بکرێتە سێ ساڵ و وردە وردە پەرەی پێ بدەین و هەروەها ئاواتیشمان ئەوە بوو ئامۆژگای تێکەڵاو لە کوڕان و کچان دروست بکەین و ببیتە بەردی بناغەی زانکۆ لە هەولێر، هەوڵی بەڕێز مامۆستا خالس و لێپرسراوانی ئەوکاتە سەری گرت و ساڵی خوێندنی ١٩٧٣ – ١٩٧٤ و لە ڕۆژی ١٩٧٤/١٢/٨ بۆ یەکەم جار تێکەڵاوی قوتابیانی کچ و کوڕ لە ئامۆژگا دەستی پێ کرد .

هەروەها توانیمان بەشی ناوخۆیان بۆ دابین بکەین و موچەشیان بدەینێ، بەڕێوەبردنەکی باش و چاودێرییەکی توند بکرێن بۆ ئەوەی ئەزمونەکەمان سەربگرێ و ئەوانەی بەرهەڵستی ئەو کارەیان دەکرد زمانیان لەسەرمان درێژ نەبێت.

ڕۆژگاری ڕۆژانی ساڵی ١٩٧٤ و پەشیمان بوونەوەی ڕژێم لە بەیاننامەی ١١ی ئادار وای لێ کردین ڕێگای شاخ بگرینەوە بەر، من و مامۆستا جەواد شێروانی و حەمە کەریم هەورامی و ئەحمەد حەسەن بەنناو زۆریش لە خوێندکارانی پۆلی دووەم ئامۆژگامان بە جێ هێشت.

پاش ئەوەی قوتابییەکی زۆر لە ناوچەی چۆمان و دەربەند کۆبوونەوە و پەیوەنییان پێوەکردین و ئێمەش لەگەڵ برایان و لێپرسراوانی پەروەردە کەوتینە گفتوگۆ، لە ئەنجامی وتووێژ بڕیارمان دا بە هەرحاڵ ساڵی خوێندنیان لە کیس نەڕوات، تاقیکردنەوەیان بۆ بکەین، وابوو لیژنەیەکمان دروست کرد لە مانگی ١٠ ی ١٩٧٤ دەستمان کرد بە تاقیکردنەوەیان، لیژنەکەش بریتی بوون لە مامۆستایان:

ماۆستا مەجید حەدداد، مامۆستا جەمال ڕەشید، مامۆستا حەمە کەریم هەورامی، مامۆستا جەواد شێروانی، مامۆستا ڕەمزی وەلی، مامۆستایانی تریش کە ناویانم لە بیر نەماوە، منیش سەرۆکی لیژنەکە بووم، سەرکەوتووانە ئەزموونەکان بەڕێوەچوون.

سڵاو بۆ هەموو ئەو مامۆستایانەی کە ئەو ئەرکە پیرۆزەیان جێ بە جێ کرد و سەدان خوێندکار لەم ئامۆژگایە دەرچوون، هەروەها سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستایانی نەمر، موسا خەلیل و نوورەددین مستەفا تاجەددین و زوبێر بیلال ئیسماعیل. عوسمان دزەیی- ١٩٩٩/٤/١٠"

ئیدی وەک باسم کرد لە سەروبەندی تێکچوونی بارودۆخەکە بوو لەنێوان حکومەت و دەسەڵاتی کوردان، نازانم بەچ بۆنەیەک پەیمانگا ئاهەنگێکی سازکرد. مامۆستا عوسمان وتاری خوێندەوە، لە دواییدا بە شیعرێک. کۆتایی بە ئاهەنگەکە هێنا، پارچە شیعرەکەی زۆر بە حەماسەت خوێندەوە،خەریکبوو ببێتە خۆپیشاندان، پارچە شیعرەکە ئەمە بوو..

**وشەی نووسەرێ لە ڕێگەی گەرمیانا**
**تووشی گوللەی تەتەری پێشمەرگەیەک بوو**
**وشەو گوللە یەکتریان ماچ کرد قوناغ کۆیە**
**سلێمانی- دهۆک- هەولێر**
**ئێستا فەرهاد وێڵی کام شیرین و خاتوو زینە**
**شیرین و خاتوو زین هەر کەرکووک و خانەقینە**

"داوای لێ بووردن دەکەم هەر ئەوەندەم لە شیعرەکە لە بیرە"

شەو لە یانەی پزیشکان دانیشتبووین. مامۆستا عوسمان و سەربەست بامەڕنی ئەوکاتە کاک مەسعود لەگەڵ خوالێ خۆشبوو کاک ئیدریس لە بەغدا بوون بۆ چارەسەری کێشەی کورد. بەڵام وا دیاربوو ڕێک نەدەکەوتن، هەموو خەڵکی هەولێر خۆی ئامادە کردبوو بەرەو شاخ بڕۆن.من و کاک سەربەست بامەڕنی کە لە ژیاندا ماوە لەگەڵ عوسمان ئاغا و ڕەمزی برای لە یانەی پزیشکان بەیەکەوە دانیشت بووین، عوسمان ئاغا ڕووی لە من و ڕەمزی برای کرد و گوتی: ئەگەر شەڕ دەستی پێ کردەوە من بەرەو شاخ دەڕۆم.ڕەمزی برای کە گوێ ی لەم قسەیە بوو زۆر تەنگاو بوو، بەڵام عوسمان ئاغا دڵی داوە و وتی:حەقت بە من نەبێ،لەوانەیە شۆڕشەکەمان تێک دەچێ، ئینشائەڵڵا واش نییە، بەڵام هەر چەندە بیری لێ دەکەمەوە ڕەشبینم..

شەڕ دەستی پێ کرد، هەموو خەڵک بە ئۆتۆمبێل و بە پێیان بەلێشاو بەرەو شاخەکان ڕۆیشتن، هەولێر چۆڵ بوو، تەنها شیوعییەکان نەبێ لەگەڵ بەعس بەرەیان هەبوو، هەندێ پارتی کارتۆنیش دامەزرابوون، بەڵام زۆر باش بوون خەڵکیان حەشار دابوو..

عەزیز ئاغا خەبەری بۆ ڕەوانە کردم گوتی: ناوێرم بڕۆم، پەری یان بردە بنکەی پۆلیس تەنیشت مزگەوتی کوێتی "حاجی پەری خێزانی عوسمان ئاغا بوو، کە کچی برایم ئاغای سەید عوبێد بوو". پەری وەزعی باش نەبوو نزیکی منداڵبوونی بوو، بۆتان و هاژە و هێرۆ ی لەگەڵدا بوو، لە ناو بنکەی پۆلیس دانیشتبوون، لە ناویان خێزانی "ئیسماعیل یەعقوبی" عەرەب بوو، ئەویش تەسفیر دەکرا، قسەی دەکردو جوێنی بە حکومەت دەدا، زۆر ئازا بوو، لەناو خەڵک زۆر گەورە بوو.

منیش خوالێ خۆشبوو "حاجی بەدری" دایکم لەگەڵ پەری ڕەوانە کرد، کە گەیشتنە جێگای خۆیان، پەری لە سنووری عێراق و ئێران لە نزیک گوندی لاجان خوا کچێکی پێ بەخشی، ناوی کچەکەی نا "لاجان"، بەڵام نەژیا. ئەوەندە حاجی بەدری دایکم لە ئێران گیری خوارد، کە هاتەوە ئەوە دەقی قسەی حاجی دایکمە..

لە ئێران میوانی ماڵێکی زۆر ڕێک بووین، منیش هەر دەم پرماند، ئەوە لێرە عاسێ بووم، چۆن بگەڕێمەوە، گوتی: خاوەن ماڵەکە پێی گوتم: خوشکم جادەڵێم بۆ وا تەنگاوی بە خوای هەمووتان دەگەڕێنەوە پاش دوو سێ مانگی تر، ئێوە فرۆشراون، دوعای خێر بکە..

وردەکاری زیاتر ئەم تەسفیر و ڕۆیشتنە ئێرانەی خانەوادەی شەهید لەگەڵ چەند خانەوادەیەکی دیکە، کە بە دەستی ڕژێمی بەعسی رووخاو ڕەوانەی ئێران کرابوون لەزاری "پەری برایم ئاغا"ی خێزانی شەهید دەبیستین:

**بەشی دووەم**



شەهید عوسمان سەرسۆر لەگەڵ قوتابییە پێشمەرگەکاندا - ١٩٧٤



دەسخەتی شەهید عوسمان سەرسۆر

# کوردایەتی و خامۆشییەکانی ئەزموونی فرەحزبی



**حاجی مەمۆ**

بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو هەر تەنیا لەگەڵ هەڵگرتەکان "احتمالات" نەژین و وانەو عیبرەت لە ئەزموونی شێواوی رابردوو وەرگرن، خۆیان خاوەنی داهێنان و کاری دەستپێشکەری و چەکەرەکردنی وزەی نوێ بن، تاکو لەو بازنە بۆشەی رابردوو دەربچن و بە لێکۆڵینەوەو دیراساتی هەڵسەنگێنەرانەو پێداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە لاپەڕەکانی رابردوو شەن و کەو بکەن و مێژووی نوێی نەتەوەکەمانی لەبەردا بنووسنەوە. دەبێ تاوبدەنە هەڵتەکان و کردنەوەی گرێکوێرەکانی خەباتی نەتەوەی کورد، بە تایبەت لە مەیدانی ئەو حیزبایەتییە کلاسیکییە کە هەر بە رووکەش ناوی حیزب بووە، بۆ ئەوەی بگەینە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ، کە ئەویش لەناو حیزب و حیزبییەکانی کورد هەرگیز سەقامگیری بیرو کردار نەبووەو حیزب خاوەنی هێڵێکی دیکەم هەیە، هیوادارم لە فرسەتێکدا بتوانم پاکنوسی بکەم و بیخەمە بەرچاوان" ئەوجا تاک و ئەندامەکانی حیزب لەگەڵ شەپۆل و رەوتی رووبارەکان سەوڵی خۆیان لێداوە نەوەک داهێنەرو خۆڕاگرو سەقامگیربوون. ئەو پراکتیکە بۆ خواری خوارەوەی ریزەکانی خەڵک رەنگیداوەتەوە بۆ هەموو بوارێک و رۆژگارێک رەنگی خۆی رشتووە.

هەر بۆ نموونەش لەگەڵ دروستبوونی "پارتی" و "حشع" دواتر "ینک" کە سێ حیزبی خاوەن کاروانێکی دووررودرێژن، تا ئەم نزیکانەش بەهۆی تەم و مژی هێڵی سیاسی و ئایدۆلۆژی ساغ کراوەو ناسەقامگیری پراکتیک هەتا ئێستاکەش خەرمانی ئینشقاق و جیابوونەوەو پارچەبوون بوونە، بە جۆرێک لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە، لە رەوتی بەردەوامی ئەو رێڕەوە تەماوی و پڕ هەورازو نشێوەدا، هەموو جیابوونەوەو کەرتبوون و ناتەباییەکان- گەورە و بچوک- وەک کاڵایەکی گرانبەها، لەسەرەتاوە بە بانگەشەکردن بۆ جیاوازی فیکرو لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەو دژایەتیکردنی تاکڕەوی و لادەرو سەوداچی و سەدویەک بڕوبیانووی دیکە هۆنراوەتەوە، کەچی لە ئەنجامدا، ئەوەندە سەیروسەمەرەو بگرەهەتاسەرشۆڕکردن و چوونە باوەشی دوژمنانی سەرەکی و گەڕانەوە ناو باوەشی هەمان حیزبی دایک و تەواوبووە!

ئەگەر زۆر دورنەکەوینەوە، هەر لەناو خەباتی چەکداری "شۆڕشی نوێ و گوڵان" ئەو سی ساڵەی دواییدا، نموونە گەلێک لەم جۆرە دیاردانە دەخەینەڕوو کە هەروەک کورد گوتەنی "ئاوێک لە سەرچاوەکەیەوە گەش نەبێت دەبێ جۆگەلەکەیشی هەروا بەگەشی شۆڕنەبنەوە"، بەڵام سەیرەکە لێرەدا ئەوەیە، دەنگۆی ئەمجۆرە هەڵپەرکێ بێهودەیە هەر بەردەوامەو کەسانێکی خاوەن ئەزموونێکی دوورودرێژ هەن هەنووکەش دەرسیان وەرنەگرتووە، ئێستاش لە هەوڵی ئەوەدان ئەو حیزبانە کەرت بکەن و ماڵەکەشیان و دەوارو سێبەری سەرسەریان هەڵوەشێننەوە، هەر لەبەر ئەوەی خۆیان بەتەنیا "هەمزە ئاغا" نین!

لە کاتێکدا پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی وەرچەرخانی نەتەوەو وڵاتی کوردستان لە هەموو رۆژێک زیاتر پێویستی بە حیزبی یەکگرتوو و یەکێتی ریزەکانی نەتەوەو یەکپارچەیی هەیە تاکو لە ئاست رەوتی رووداوەکان بین. چونکە بە درێژایی مێژووی رابردوویان لە دژی چاکسازی و گۆڕانکاری و قووڵبوونەوە بوونەو زۆر درەنگ بەخۆهاتوونەتەوەو لەم دەرفەتە ئێستادا هەر خۆجیاکردنەوەو کەرتبوونێک بێهودەیەو حیزب تێکوپێک دەدات!

لێرەدا نابێ پیلانگێڕی و تەکەتولی بێ بنج و بنەوانی زەمان و زەمینی خۆی بە سەرجەم قەدو باڵای مێژووی حیزب لەناو کورداندا لە بیربکەین و دیسانەوە یەکێک لەو سەرگوفەکە سووتاوانەیە کە هەردەم لەگەڵ خۆیدا سەروەری حیزب و سەرکردایەتی کزۆڵ کردوەو گەورەترین زیانی بە نەتەوەی کورد گەیاندووەو ئەزموونی حیزبی کرمۆڵە کردووە، چونکە تەنیاو گونجاوترە لە دەمی کۆنگرەو کۆنفرانس و کۆبوونەوەو فراوانەکان خەڵکانی خاوەن بیرو بۆچوونی جیاواز، یاخوا هەبوون و پێداویست بوونی ریفۆرم و چاکسازی دێتەکایەوەو بە ئاشکرا لەسەر سەکۆی بەردەم نوێنەران باسی لێوەدەکرێت و چارەی بنەڕەتی بۆ دەدۆزێتەوە، نەوەک بە رێگای پەنا دیواران و لە سێبەری قۆستنەوەی دەسەڵات هەوڵی تەکەتول و پاشقول لەیەک گرتن بێت کە بەداخەوە ئەزموونی حیزب لەناو نەتەوەی کورد پڕیەتی لەم جۆرە دیاردە دزێوانەو هەر لە رۆژە ناسک و دژوارەکانیش پیادەکراوە بۆ کۆسپ و تەگەرەنانەوە لەبەردەم رەوتی گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکان کە تێیدا نەتەوەی کرد توشی گەورەترین زیان و ماڵکاولی بووە. بێگومان گەمەکردن بە چارەنووسی نەتەوە، بە تایبەت حیزبێک لە دەسەڵات و بەڕێوبردن رۆڵی دیاریکراو خاوەن مێژوویەکی پڕ ئەزموونی خۆشی و ناخۆشی بێت، چونکە ناسەقامگیری تاکەکان هەر لەو زەمین و زەمانەدا دیسانەوە دەبێتە بازگەیەک بۆ پاشاگەردانی و شەق هەڵدان لە پرنسیپە سودبەخشەکان و جێگرتنەوەی ماستاوکردن و مشەخۆری دەبێتە سیمایەکی ئاشکراو بۆ تێکڕای دام و دەزگایەکی حیزب کنەدەکات و لە ئەزموونی حیزبی کوردیدا هەمیشە خەڵکانی تێکۆشەرو دڵسۆزو خاوەن خەبات و بوونەتە سووتەمەنی و رەنجیان لەلایەن خەڵکی بێ تواناو هیچ لەبارنەبووی فاشیل و ئۆپۆزسیۆنیست قۆزراوەتەوە.

ئەوانەش لەو ئەزموونەدا حیزب بەو ئاقارەدا دەبەن و بردویانە، بایی تۆزقاڵێک ئاوڕیان لە رەهەندەکان نەداوەتەوە، دڵیان بە قوربانی کۆمەڵانی خەڵک نەسووتاوەو ناسوتێ، چونکە ئێستاکەش خەباتی نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان، وەک کێڵگەی تاقیکردنەوەی بەزم ورەزمی تاقم گەرێتی و حەزو ویستی میزاجی تاکەکەس بەر رەوسەی حەزەکانی خۆیان دەبینن و دەبێ نەوەی نوێ، وزە تازە پێشکەوتووەکان جەمسەرەکانی ئەو واقعە بخوێننەوەو خۆیانی لێ گێل نەکەن و بەدوو کڵاوی بابردەڵە نەکەون. گرامشی فەیلەسوف جوانی نووسیوە کە دەڵێ:.

"کۆن لە گیانەڵڵادایەو نوێ لە دایک نابێ، لەو مەودایەدا "مەودای نێوان کۆن و نوێ" هەزارو یەک دەردی کوشندە سەرهەڵدەدەن کە تابڵێی ناقۆڵاو دژوارە".

**بەشی سی و نۆ**

**تێبینی:**
ئەم نووسینە لەبری بەشەکانی دیکەی یاداشتەکانی حاجی مەمۆ بڵاودەبێتەوە.

## لوقمان کێخوا داودی ئۆرمزیار:

# پێشمەرگایەتی بناغەی قەناعەت و فکرو رۆح بەخشینی رێبازەکەیە

**ئا: عەبدولڕەحمان مەعروف**

*** کەی رووتان کردە شاخ؟**

-لەسەردەمی شۆڕشی نوێ و چالاکییەکان و سەروەرییەکانی پێشمەرگەی "ی، ن، ک" ساڵی "١٩٨٣" بووم بە پێشمەرگەو، کە دووچەکی حکومەتیشم لەگەڵ خۆم بۆ ناو شۆڕش برد، دوابەدوای پەیوەندی کردنم بە ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، رژێمی بەعسی لەناوچوو بە غیابی من فەرمانی لە سێدارەدانمی بۆ دەرکرد. بەهەموو هێز و باوەڕەوە رووی چەکم کردە سنگی دوژمن و داگیرکەری کوردستان، هەڵبەتە بەوپەڕی چاونەترسی و بیروباوەڕی حوکم و پتەوەوە ئەو سەنگەرەم هەڵبژاردو ژێردەستی و دیلی و راوەدوونانی بەعسم رەتکردەوە، بەکۆمەڵێک خەون و هیواو ئاواتەوە رێگای مان و نەمان و سەرفیرازی و ئازادی کوردستانم هەڵبژارد، هەر یەکێک لە هاوسەنگەرەکانیشم ماڵ و حاڵ و خێزان و دایک و باوک و نێو نوێنی گەرمی بەشەوی سارد و تاریک و رووبەڕووبوونەوەی مەرگ گۆڕیبۆوە، ململانێ لەگەڵ مەرگ و پێشبڕکێی شەهیدبوون و شەهادەتیان بە ئاوات دەخواست. یەکەم شەڕیش کە تێیدا بەشداربووم ئازادکردنی ناوچەی بێتواتە بوو. لەناوڕاستی مفاوەزاتەکەشدا لە سەرداوای خۆم گواسترامەوە بۆ مەڵبەندی ٣ی هەولێرو دەستەکەی "مامە غەفە". ساڵی "١٩٨٤" پارێزەری نیشتیمان "مامە ریشە و هەڤاڵەکانی" بە غەدرو ناهەق و نامرۆڤانە شەهیدکران، جێبەجێ سەرکردایەتیمان کۆتایی بە مفاوەزاتەکە هێنا لەگەڵ حکومەتی عێراقی. لەبەر ئەوە تێکڕای هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کەوتنە ئامادەباشی و دەست کرا بە چالاکی و راوەدوونانی دوژمنان لە دەشت و شارو شارۆچکەکان لە تۆڵەی "مامە ریشەو هەڤاڵەکانی".

ئەوەبوو لە سنوورەکەی ئێمە لە دەشتی هەولێرو قەرەچووغ بەسەر پەرشتی هەڤاڵی تەمەنێک پێشمەرگەی کوردستان "مامە غەفە" و بەهێزو بازووی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان توانرا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گورزی کوشندە لە خائینان و دوژمنانی کوردستان بدەین.

لەوانە شەڕی "قۆریتان"ی هەولێر، ئەگەرچی ئەم نەخشەیەی داڕێژرابوو دەرنەچوو لەبەر هەڵەی چەند بەرپرسێکی ئەوێ رۆژێ، بەڵام چەند خۆفرۆش کوژران و شەڕی جاش و فڕۆکەش تا ئێوارەیەکی درەنگ بەردەوام بوو، تەنها پێشمەرگەیەکمان بەسووکی بریندار بوو. دواتر شەڕی گوندی "چەمەدبس"و سوتان و تێکشکاندنی "٢"ناقیلەو کوژران و برینداربوونی چەند سەربازێک و بەدیل گرتنی چەند خەبیرێک و رەوانە کردنیان بۆ سەرکردایەتیمان.



لوقمان کێخوا داودی ئۆرمزیار

ئێمە کە لەدەستەی مەفرەزەکەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بووین "٤"چوار کوڕی "مامە غەفە"لەگەڵماندا پێشمەرگەبوون، دوانیان "جیهانگیر و فەرەیدون" بەمنداڵی و لە تاریکی زیندانەکانی بەعسی زاڵمدا لەگەڵ خانەوادەکەیاندا چەندین ساڵ زیندانی و تەنیایی هاوڕێ و قوتابخانەیان بوون، تا لێبووردنی گشتی و ئازادبوونیان و بوونیان بە پێشمەرگە لەپاڵ باوکیان لە حزبی سۆشیالستی کوردستان و دوایش "ی.ن.ک" دوانەکەی دیکەش بەناوی "هێمن و ئازاد" ئەوانیش لە تەمەنێکی زۆر کەم چەکی پێشمەرگایەتیان کردە شان و زۆر ئازاو چاونەترس و خۆڕاگربوون و منداڵیان بە پێشمەرگایەتی گەورەکرد.

هەڤاڵ "نامیق رەسوول" جێگری یەکەمی ئێستای مەڵبەندی ٢٠ی قەرەچوغ پێشمەرگەیەکی چالاک و سەربازی و سیاسی و ئیداری بوو. هەڵگری بیروباوەڕی هێژا ساڵح یوسفی بوو، شەهیدی نەمر"نەجات مام سابیر" برازای "مامە غەفە" بوو پێشەنگی نەبەردەکان بوو، لە زۆربەی شەڕەکاندا لە پێشەوەی هەمووماندا بوو، بەدەمی پێکەنینەوە هەنگاوی شێرانەی دەنایەوە رووەو تێکشکاندنی دوژمنان.

*** چۆن و لەڕێگای بڕیاری کێوە بۆ چالاکییەکان دادەبەزین؟**

- زۆرجاران بە بڕیاری هەڤاڵ "کاک کۆسرەت" مەفرەزە مەفرەزە دادەبەزینە ناو شارەکانی کوردستان، بە تایبەت هەولێر. چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرا وەک بەناوبانگترین چالاکی و گوزر وەشێنەکەی شەهید "سەردار" بە لێدانی پارێزگاری ئەوسای هەولێر هەروەها بەفەرمانی هەڤاڵ "کاک کۆسرەت" من و شەهید "محەمەد تورەقی" و چەند هەڤاڵێکی تری پێشمەرگە چووینە ناوچەرگەی شاری هەولێر بۆ هێنانی دەوڵەمەندێکی هەولێری بۆ مەبەستی باج وەرگرتن لێی بۆ شۆڕش.

دوای چەندین کاتژمێر گەڕان و سوڕان بەدوای کەسی دەست نیشان کراو سەرەنجام نەمان دۆزییەوەو چووینە رێگای "موسڵ- هەولێر" ئەفسەرێکی پلە بەرزی پێشووی بەعسی رووخاومان بەسزای گەل و شۆڕش گەیاندو گەڕاینەوە جێگای لێی هاتبووین...

ئەگەرچی ئێمەی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەبەردەوامی لە شەڕدا بووین، سەرکەوتن بە دوای سەرکەوتنمان بە دەست دەهێناو کۆپتەرەکانی دوژمنیش زۆربەی رۆژان بە دوامانەوەبوون و چەندین جاریش شەڕی کۆپتەریشمان دەکرد. چەکی قورس و دژە کۆپتەریشمان ئاربیجی بوو لەگەڵ بی کەیسی. لە هاوینی ساڵی "١٩٨٥" دا بەپێی نەخشەیەکی داڕێژراوی مەڵبەندی سێی هەولێر سەرکەوتینە چیای سەفین لە رێگای گوندی "ناودارۆکان" و "سولاوک" لەسەرجادەو لۆفەکانی قەد پاڵی چیای سەفین بەخواردنی گۆشتی قووتوو کەوتینە رێگاو تاوەکو بەرەبەیان لەم دیوی چیای سەفین لە چاوەڕوانی کاتژمێری سفر بووین بۆ لێدانی بارەگاو فەوجی گەڕۆتە بەبێ ئاوو بە تینویی و بە ئەنجام نەگەیشتنی چالاکییەکە گەڕاینەوە بۆ دیوی خۆمان و لەبەر زۆر تینوێتی رێگا، لە کانیاوە وشک بووەکاندا "قورمان" ئەخستە سەر جەمەدانییەکەمان و لە ژێرەوە هەڵمان دەمژی.

*** ئەم چالاکییە ئەنجام نەدرا؟**

- بەڵێ شەوی دواتر چووینەوە جێگای مەبەست و دیاریکراو بە ماوەی "٢" کاتژمێرو بەخوێنی دوو شەهیدی نەمر بارەگاو فەوجی گەڕۆتەمان ئازادکرد..

دوایی چەندین شەڕی بۆسەو شەڕی لا بەلا ساڵی "١٩٨٦" کاتێک سەرکردایەتیمان مەترسی هێرشی سەربازی حکومەتی رژێمی بەعسی هەبوو، بۆیە هێزێکی زۆری پێشمەرگەی "ی، ن، ک" لە هەموو سنوورەکانماندا لە سەرکردایەتیدا کۆکردەوەو خستنییە ئامادەباشییەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٨٧ی قەرەچووغ بەسەرپەرشتی "مامە غەفە" بوو هاتینە ئەم بانگ هێشتکردنە، "٣" مانگ پێش شەڕەکە لە گوندی "ئۆمەراغ و مەوکەبەو مارەڕەش" چیای غەفرە ئەرکمان دەبینی و چەندین جاریش خائینان و دوژمنانی کوردستان مینیان لەسەر رێگای هاتووچۆماندا دادەناو یادی بەخێر "شەهید هیوامان" بەم رێگایەوە بەمین شەهید بوو، هەڤاڵ "بەکر گردەسۆری" لەم رێیەو بەم شێوەیەو بە مین بریندار بوو.

*** ئەمە تاکەی درێژەی کێشا؟**

-تا دوژمنانی کوردو کوردستان رۆژێکیان خۆیان تاقی کردەوەو بەهەموو هێزو تۆپی دوورهاوێژو سەدان دەبابەو دەیان فرۆکەو دەیان فەوجی سووکەوە هێرشیان هێنایە ناوچەی سەرکردایەتیمان لە قۆڵەکەی ئێمە لە خەفرەو دوو برا بووە شەڕو پێکدادان و دەستی پێکرد، بۆ سەرتاپای ناوچەی سەکردایەتیمان و قۆڵەکەی ئێمە زۆرجاران شەوو رۆژێک قۆپکی "دووبرا" دەکەوتە دەست دوژمنان و دوایی بە خوێن و هێزوبازی پێشمەرگەکانەوە "دووبرا"مان وەر دەگرتەوە لە دوژمن، هەڤاڵ "سەلاح چاوشین" بەرپرسی بەرەکە بوو. شەهید "سابیر رەسوول و رائد جەلال" تۆپ هاوێژی ئەوێ رۆژێ بوون و لە چەند گوللە تۆپێکدا گوللەیەک بە تەواوی دەردەچوو لەبەرامبەریشدا دوژمنان هەزاران هەزار تۆپ و هاوەنیان بە دەوری ئێمەدا دەتەقاندەوە، بەڵێ لەم داستانە چەندین رۆڵەی بە ئەمەکی کوردستان گیانی پاکیان سپارد. سەرەنجام دوژمنان تێکشکان و سەنگەرەکانمان قایمتر کرد، دوژمنان پاشەکشەیان کردو بەسەربەرزی هاتینەوە سنوورەکانی خۆمان. خەڵکینە لەبیرتان نەچێت و دەبێت راستییەکان بۆ مێژوو بنووسینەوە کەوا زۆربوون ئەوانەی پشتیوانی پێشمەرگەو شۆڕشیان دەکردو وەک پێشمەرگە ژیانییان لە مەترسی دابوو لەوانە کۆچ کردوو "حاجی کاکە حاجی کەریم" ئۆرمزیار خەڵکی گوندی هەمزەکۆر بوو پیاوێکی ئازاو قورئان خوێن و نیشتیمان پەروەرو کوردپەروەر بوو، هەمیشە بەخۆی و ئۆتۆمبێلەکەی لە خزمەت پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بوو زۆرجاریش پێشمەرگەی برینداری بردۆتە شارو چارەسەر کردووە، لە غەمی خێزان و خانەوادەی پێشمەرگە دابوو، زۆرجاریش هاوکاری ماددیشی دەکردن.

ئەمە یەکێکە لەم نموونانە، کە رەنگە دەیان و بگرە سەدان جوامێرو خۆبەخش و کەس و ماڵ و خانەوادەی دیکە هەبوون، لە سەرخستن و هاوکاریکردن و پشتیوانی شۆڕش سڵیان نەکردۆتەوەو هەمیشە لەسەر پێ بوون و پێویستە بۆ مێژوو ناوی هەموو ئەوانە تۆمار بکرێت و لاپەڕەی سەروەرییان هەڵبدرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئەو پیاوە مێرخاس و نیشتیمانپەروەرو قوربانیدەرانەو گوندنشینەکان نەبوایە، ئێمە نەماندەتوانی درێژە بەخەبات و شۆڕش بدەین.

**بەشی دووەم**



مرۆ (١٢٠)

**حەمید بەدرخان**

# ئینسکلۆپیدیای هەولێر چاپکراو نوخشە لە ئینسکلۆپیدیای کوردستان

پاش چاوەڕوانییەکی زۆر بەرهەمی شەونخوونی نزیکەی "٥"ساڵ لە شوققە بچووکەکەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باڵەخانەی سەرداری لەشاری هەولێر بەکۆتاهات. ئەو دەزگایەی کە مانگانە مینحەکەی "٢"ملیۆن دینارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دەزگایەی، کە کارمەندەکانی لەخۆبووردووانەو شەرەفمەندانە کارەکانی خۆیان ئەنجامدەدەن.

دەزگا هەیە کە مانگانە بە دەفتەر دۆلار پارە وەردەگرێ و زاتی ئەوە ناکات، کارێکی ئەوەندە گەورە، مەگەر شایانی هەولێر بێ "ئینسکلۆپیدیای هەولێر"، دیارە ئەوەش بەپشتگیری برای گەورەمان "کاک کۆسرەت" ئەنجامدراوە، ئەگەر ئەویش نەبوا، وەکو چەندین پڕۆژەی نووسەری گەورەی دیکە دەخەوت و دنیای کتێبخانەی کوردی نەدەبینی. هەروەها نابێ رۆڵی ئەندامانی لیژنەی باڵا فەرامۆش بکرێ، بەتایبەتی "د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، د.مەولود ئیبراهیم حەسەن، فەرید سابیر قادر، د. ئومێد جۆزەلی و حەمید بەدرخان" کە ئەوانە زۆر هیلاک بوون، بەتایبەتی ئەوانەی بەتەنگ بەرهەمی نووسەران و ئەوانەش کە لە خەمی دابینکردنی بودجەی داراییەکەیدا بوون. وەلێ منیش "حەمید بەدرخان" کاری هونەری و ئیداری و گەڕان و سوڕان و پەیداکردنی وێنەو دانیشتن لەگەڵ "عوسمان پیرداود"ی نەخشەسازی دەستڕەنگین و کاکە محەمەد زادە شێخی نەخشەسازانی کوردو هەردوو کارمەندانی دەزگای بەدرخان کاکە عەبدولڕەحمان مەعروف و مەسعودی مەلا هەمزە، کە هەندێجار بۆتە شەڕمان و لەگەڵ برای بەڕێزم یوسف ئەبوبەکر و هەردوو برازام "ئەیوب و بەدرخان" جگە لە راوێژکردن لەگەڵ پارێزەر "حوسامەدین سەرداری"و ئینجا نووسەران و مامۆستایانی زانکۆو "شێرزاد فەقێ"ی هەڵەبڕو رەحیمی سورخی و م. دلشاد زاموا"و خەڵکانی دیکە...

سوپاسی شاری هەولێر دەکەم، سوپاسی یەک هەڵوێستیان دەکەم لەبەرامبەر ئەو پڕۆژە گەورەیە، سوپاسی هەموو نووسەرانی ئەورووپاو دەرەوەی کوردستان دەکەم، کە توانییان بێ جیاوازی فیکری و هەر شتێکی دیکە هاوکارییان کردین.

هەر لێرەداو هەروەک چۆن هەر لێرەدا بەڵێنمان بە رووناکبیراندا، کە دەزگای بەدرخان "ئینسکلۆپیدیای هەولێر" دەنووسێ و بڵاویان دەکاتەوە، کە ئەوکات زۆربەی ئەکادیمییەکان و نووسەران و دەزگا رووناکبیرییە بچکۆلەکان و کەسە دەروون نەخۆشەکان دەیانگوت دەزگای بەدرخان خەونی حوشتری بینیوە، بەڵێ دەزگای بەدرخان خەونی بەهەموو پیرۆزییەکانی کوردستان بینیوەو دەبینێ، تەنیا خەون بە پارەو زەوی و ئۆتۆمبێل چەندین شتی دیکە نابینێ، بەدرخان پارەی نییە، بەڵام هەر بەرهەمێک کە مەبەستی بێت بەشانازییەوە ئەنجامی دەدات، مێژووش گەواهی ئەو قسانەمان دەسەلمێنێ، چونکە کە گفتێکمان دا، دەبێ بیبەینەسەرو لەهەموو کارەکانیش هەر سەرکەوتوو بووە.

بۆیە دیسانەوە هەر لەو مینبەرەوە بەدەنگی بەرز هاوار دەکەین و دەیڵێین و دەیڵێینەوە: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەمجارەیان دیاری و موژدانەی بۆ هەموو کوردانە لەهەر کوێیەکی سەر گۆی ئەم زەمینە دەژی، ئەویش کارکردنمانە بۆ نووسین و ئامادەکردنی "ئینسکلۆپیدیای کوردستان" پیرۆزەو پیرۆزبایی لەگەڵی کوردستان و لەهەموو کوردێکی خاوەن ویژدان و بەشەرەف و خۆڕاگر و خۆنەویست و ئەکادیمیست و نووسەران و رۆژنامەنووسان دەکەین. چۆن "٥" ساڵ چاوەڕوان بوون، ئاواش پاش "٥" ساڵی دیکە "ئینسکلۆپیدیای کوردستان"تان پێشکەش دەکەین.

رۆژانی سەخت

## رای پێش وەخت



دلێزار حەسەن

پەرلەمانتارێکی کوردستان دەڵێ "لە هەر شوێنێک خۆپیشاندان کرابێت حکومەت دەستی کردووە بە پرۆژە" جا کوڕی باش، باش نییە ئەو وادەکات، هی واهەیە لە جیاتی چاکی بکات بە بەنزین ئاگرەکەی خۆشدەکات؟!.

سەفینی مەلا قەرە دەڵێت "زانیاریمان هەیە یەکێتی دەستدرێژی دەکاتە سەر لایەنگرانمان". بە خوا سەیرە، ئەمەشیان کردە بەزمی هەڵبژاردن و هێشتا نەکرابوو دەیانگوت تەزویرە. رەنگە ئەو برادەرە لیبتێکچووبێت و جیاوازی نەکات لە نێوان واقع و "حەکی جەرائید"ەوە؟!!.

مەلاکان لە سەری ساڵدا، یەک ترێلە قسەی ناشیرین و تەشهیریان بەو کەسانە کرد کە بەشداری ئەو یادەیانکرووە. خۆشیان لە وتارەکانی رۆژی هەینیدا بە خەڵکی دەڵێن غەیبەتی کەس مەکەن و قسە بەخەڵکی مەڵێن، چونکە خودا نەعلەتتان لێدەکات. ئای لەوە، خۆ خۆشیان بەر ئەو نەعلەتیە کەوتن؟!!.

گەرمیانییەکان چیتر خۆپێشاندان ناکەن، دەترسم ئەمەش پەیوەندی بەو بارانە زۆرەی ئەو ساڵەوە هەبێت و ئێستا فێنکی کردوونەتەوە؟!!.

لە رۆژنامەی ئاسۆ نووسراوە هاوڵاتیانی سلێمانی پەشیمانن دەنگیان بە گۆڕانداوە، دەڵێم بۆ خەریکی کەرکووکن، ئەوە لەوێندەری فەشەلیان هاوردووە؟!!.

دەک ماڵت بە قوڕێ گیرێ بەراز، لەبەر تۆ چوار مانگە ماچێکی تەڕم نەکردووە؟!!.

لەپڕێک رۆژنامەی کوردستان راپۆرتیان داخست، کاکە تەبیعەتی ئیشەکەوایە. کەس لەکەس ناپێچیتەوە و کوردستان بێ حاکم و میرە؟!!؟

دکتۆرەکان، بە گوێی مندەکەن جانتاکەتان بپێچنەوە و بڕۆن بۆ مەملەکەتێکی دیکە، چونکە شیخ و مەلا و دەرمانی کوردەواری هێندە زۆر بووە بازاڕی ئێوەشیان نەهێشتووە. باشە بۆ نایەن کارێک بکەن؟ واز لە دختۆری بهێنن و ببنە دەروێش؟!!!.

خودایە سمکۆ عەبدولکەریمان بۆ بهێڵیت، دەزانن بۆ؟، چونکە ئەو کوڕێکی باش و بە ویقارە؟!!.

ڤەنزوێلا بەکارهێنانی کارەبا کەمدەکاتەوە، کوردستانە؟!!.

دەڵێن لاعیباتی زۆر چاکە، وەرزشیش باشە، بەس تێیان نەگەیاندین چۆن لاعیبێک بین باشەو وەرزشیش چۆن بکەین خاسە؟!!.

ئیمیڵێکی هەڵەم بۆ هاتووەو باسی گەندەڵیەکانی یەکێک لەو رێکخراوانەی کۆمەڵگای مەدەنی دەکات و بە حیسان بۆ بەرپرسێکی باڵای حکومی وەزارەتێکی حەساسی نووسیوەو دەڵێت " ئەو قسانە بەینی خۆمان بێت، چونکە بزاندرێت فەسڵدەکرێم؟!!.

لە هەفتەنامەی ئاوێنە نووسراوە "سەرنووسەری رۆژنامەی هەولێر بودجەکەی ئاشکرا ناکات" بە خودا سەیرە، وەک ئەوەی رۆژنامەکەی ئەوان بودجەکەی ئاشکرا کردبێت؟!!.

بۆ وا لە سلێمانی دەکرێت، چونکە بەزمی خۆشە؟!!.

دەڵێن لە ساڵی ٢٠١٢ دا قیامەت دادێت و دنیا بە یەکجاری دەڕووخێت، مەلاکانیش ئەمە بە کوفر دەشوبهێنن!!. منیش بە فیلمی تێدەگەم؟!.

خوێنەرێک بە رۆژنامەنووسێکی وت وەرەقەکە فرێبدە، چونکە دەستت کەشفبووە؟!!

تورکیا هەرێمی کوردستان بە حەوشەی خاریجی وڵاتەکەیان دەزانن، بۆیە کۆمپانیای فاشل و قوڵبڕمان بۆ دەنێرن؟!!.

حکومەتی ئێران بڕیاری داوە دەست لە کاروباری عێراق وەرنەدات، بەڵام کرمەکە وازی لێناهێنێت؟!!.

رۆژێک دادێت گەنجێکی کورد شیعرێکی زۆرنایاب دەنووسێت، بەڵام ئەو رۆژە لە جیهاندا باوی شیعر نەماوە؟!!؟

ساڵی ٢٠١٠ گۆڕانکاری کتێبخانەکەی دەزگای بەدرخانیشی گرتەوە، ئەو گۆڕانکارییەش بەخێر دەکەوێتەوە لۆ هەندەکان.

# شوێنەوارە دێرینەکانی شاری کۆیە بەرەو لەناوچوون دەچن!!



### كازم عومەر دەباغ

شوێنەوارە کۆنەکان لەهەر شوێنێک بەرچاو بکەون نیشانەی پێشکەوتن و شارستانیەتی ئەم شوێنە دەخاتەڕوو، بۆیە هەتا دەکرێت دەبێت بیانپارێزین لە رمان و لەناوچوون، ئەرکی پاراستنیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە لە رێگای دامودەزگاکانی.

هەندێک شوێنەواری مێژوویی کۆن لەهەندێک شوێنی جیا جیای کوردستان لە شارو شارۆچکەکان رووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە بێ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی سەغڵەت بێت یا بەربەست دابنێت لەبەردەم ئەم کەسانەی، کە هەست بە لێپرسراویەتی ناکەن و شوێنەوارەکان بۆ بەرژەوەندی و مەرامی تاکە کەسی خۆیان دەشێوێنن.

شاری کۆیە یەکێکە لە شارە کۆنە مێژووییەکانی کوردستان، کە بە شوێنەواری کۆنی دەگمەن بەناوبانگە، هەبوونی ئەم شوێنەوارە کۆنانە پێناسەیە بۆ هەبوونی شارستانیەت لە دێر زەمانەوە لەم شارە .

لەمانە دوو قەیسەرییە گەورەکەی ناوبازاڕی گەورەی ئەم شارەو قشڵەی کۆنی کۆیە لەسەر گردی کەکۆن، ئەم گردەی کە حاجی قادر لە شیعرەکانی هەمیشە کردوویەتی بە هەوێنی هۆندنەوەی هۆنراوەکانی .

لەم شارە چەند تاقی بە ئەندازە دروستکراو هەیە، وەک:(تاقی عەولا بەگ)لە گەڕەکی قەڵات، تاقی جەمیل ئاغا لە گەڕەکی هەواوان، تاقی حەمە ئاغا و تاقی مفتی لەگەڕەکی بایزئاغا و تاقی (ئاورەحمان ئاغا) لەگەڕەکی قەڵات، دووتاقی دیکەش هەیە لەناوبازاڕی گەورەی کۆیە، کە بەسەری مەیدان بەناوبانگە.

لەم شارە شوێنێک هەیە پێی دەگوترێت (چوارتاقا) ئەم شوێنە دەکەوێتە گەڕەکی شەهیدان کاتی خۆی شوێنی پشوودان و حەسانەوەی ئەم کاروانانە بووە، کە بەم شارە تێپەڕبوونە .

جگە لەمانە چەند خانێک لەم شارە هەبووە، کە هەندێکیان تا ئەم سات و کاتە ماون، لەوانە: خانی (مەحمود ئاغا) لەناو بازاڕی گەورەی کۆیە،ئەم خانە هاوشێوەی (میوانخانەکانی) ئەمڕۆیە لەسەر دەرگا سەرەکییەکەی ئەم خانە بەخەتێکی فارسی شکستە نووسراوە ئەمە کاروانسەرای مەحمودئاغایە هەرکەسێک کاسبی لیرە بکات خێر دەستی دەگرێت جگە لەمە مێژووی دروستکردنی لەسەرنووسراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٢٧٧)کۆچی، واتە (١٥٤)ساڵ پێش ئەمڕۆیە، ئەم کاروان و خەڵکانەی، کە روویان لەم شارە کردووە لەم (خانانە) پشوویان داوەو شەوانە خۆیان و وڵاخەکانیان، لەبیرمە دەبوو هەر نەفەرێک هەقی مانەوەی (٥٠ فلس) بدات و (٢٥ فلس) یش بۆ هەر وڵاخێک. هاوشێوەی میوانخانەکانی ئەمڕۆیە.

ئەم خانە دوو نهۆمە هەر نهۆمێک زیاتر لەسێ ژووری تێدایە، لە نهۆمی خوارەوەش بەهەمان شێوەی سەرەوە چەندین هۆدەی هەیە، کە وڵاخەکانیان تێدا دەکرد لەگەڵ حەوشەیەکی گەورەو هەبوونی حەوزێکی ئاو لە ناوەڕاستی حەوشەکە بۆ ئاودانی وڵاخەکان لەگەڵ هەبوونی بیرێکی ئاو. رووبەری ئەم خانە زیاتر لە هەزارو پێنج سەد مەتر چوار گۆشەیە هەروەها سی و شەش دوکانیشی هەیە، ئەمەی جێگای داخە ئەم شوێنەوارە مێژووییە بەهۆی ئەوەی، کە لەلایەن دامودەزگاکانی شوێنەوارەکانی کۆیە چاودێری ناکرێت، ساڵ بە ساڵ دادەڕمێ و بەرەو نەمان دەچێت، ئەم شوێنەوارە مێژووییە. لەوڵاتان بە پلیت خەڵکی سەردانی شوێنەوارەکان دەکەن و بەسەرچاوەیەکی پێداویستییەکانیان، ئەم شارە وەک مەڵبەندێکی بازرگانی بووە .

ئەمڕۆ تەنها خانی مەحمود ئاغاو خانی قادری یاسین ماون، ئەوانی دیکە لەناوچوون . ناکرێت کە باس لە شوێنەوارە کۆنەکانی ئەم شارە دەکرێت باس لە حەمامەکان نەکەین، هیچ کەسێک نییە خۆی لەم حەمامانە نەشووشتبێت، وەک شاهید حاڵێک من خۆم لەهەموو حەمامەکانی ئەم شارە شوشتووە، جاران گەورەبووین لەگەڵ دایکمان دەچووین بۆ حەمام و بۆخچەیان پێ هەڵدەگرتین، ئەمەش ناوی حەمامەکانە:(حەمامی پیسکان لەگەڕەکی دەباخانان بوو) موڵکی حاجی مەلا عەبدوڵلا چەلەبی بوو، لەبەردو گەچ دروستکرابوو، چەند گومبەتێکی جوانی ئەندازەیی هەبوو، جگە لە کوڕەو شوێنی زبڵ کۆکردنەوە، ئاوی ئەم حەمامە بەزبڵی وڵاخ گەرم دەکرا، بەهۆی کەرو بارو شەڵتە لە خانەکان زبڵ دەگوازرایەوە بۆ حەمامەکان، کاتی هاوین ئەم زبڵە دەکرا بە گونبەت، بەقوڕ سەریان سواغ دەدا، بۆ ئەوەی بارانی زستان تەڕی نەکات بەپێی پێویست بۆ سووتاندن و ئاو گەرم کردن کاتێک گوێی لە دەنگی ئەم جامە دەبوو، خێرا بە دوای دەنگی ئەم جامەدا دەهات و دەیگوت کێ بوو جامی لێدا، ئەوکات ئەم کەسە داوای ئەم پێداویستیانەی دەکرد، کە مەبەستی بوو. ئەم (ناترانە) گەلێک جار پشتی خەڵکیان دەشووشت، هەر نەفەرێک کە خۆی دەشووشت دەبوو (٥٠ فلس بدات)، بۆ منداڵانیش (٢٥ فلس) بوو، کە دەبوو وەک بەخشیش (٢٥ فلس ) بدەی بەناتر، وەک شاهید حاڵ هەموو ئەم رووداوانەم وەک خۆی لەبەر چاوە، لە بیرمە جارێکیان لەگەڵ دایکم چووم بۆ حەمام تەمەنم حەوت ساڵ زیاتر بوو، ئاوی گەرم نەما ژنەکان کردیانە ژاوەژوو (یاپیرۆز) دەستی مام (حوسێنی حەمە مەلۆی) گرتبوو، کە ناتری پیاوان بوو، گونیەیەکی لەسەر کردبوو، وەک ئەمەریکییەکان بەدوای خۆی رایدەکێشا بەناو ژنان تێی دەپەڕاند، بۆ ئەوەی بچێتە ناو (مەنجەڵی) ئاوەگەرمەکە بکاتەوە، چونکە دەرگای مەنجەڵەکە لەناو حەمامەکە بوو، ئەم دیمەنە زۆر سەیرو سەمەرەبوو هەر ژن بوو خۆی دەدا پەناو (یا پیرۆزیش) سەرپەرشتی دەکرا، ئێستا ئەم حەمامە نەماوە .

جگە لەمە حەمامێکی دیکە لە گەڕەکی بایزئاغا هەبوو بەناوی (حەمامی ناوەند)، کە پیاوێک بەناوی( مام خدر) سەرپەرشتی دەکرد، لە شەفتی ژنانیش خێزانەکەی بەناوی (خەجاوی مام ساڵح) ناتری ئەم حەمامەش ناوی (ساڵحی وسو بندیان) بوو، ئەم حەمامەش هاوشێوەی حەمامی پیسکان بوو، لەگەڵ خاک یەکسان کرا، دوای راپەڕین حەمامێکی دیکە لە گەڕەکی قەڵات هەبوو بەناوی (حەمامی حەسەن ئاغا)، پیاوێک سەرپەرشتی دەکرد بەناوی (حەمەی حەمامچی) و ژنەکەشی بەناوی (یاهەیبەت)، ئەم حەمامەش لەدوای راپەڕین تێکدراو بووە بەگەراج، حەمامێک بەناوی حەمامی (جمهوریە) لە دوای شۆڕشی ساڵی (١٩٥٨)دروستکرا، ئەم حەمامەش تێکدراو کراوە بە گەراجی شارەوانی، دوای ئەمانە ساڵی (١٩٧٠) حەمامێک لەلایەن ماڵی وەستا (حوسێن نەجار) دروستکرا بەناوی حەمامی ئاسۆ لە ناو بازار، بەڵام ئەم حەمامەش تێکدرا ئێستا کراوە بە بازاڕێکی



خانووی مەحمود ئاغای کۆیە روزی ٢٧١٢٢٠٠٩ کیراوە بە کامیرای مامۆستا کازم عومەر دەباغ

گرنگی داهات دادەنرێت، کەچی لەم وڵاتە بەدبەختەی ئێمە بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەین، کەس خۆی بە خاوەنی ئەم وڵاتە نازانێت !!

لەم شارە هەندێک خانی دیکەش هەن، وەک:(خانی قادری یاسین، کە موڵکی حاجی مەلا عەبدوڵڵای چەلەبی بوو)،(خانی یازبێد لەگەڕەکی دیانان ) (خانی وەستا مستەفا لەبەرامبەر مزگەوتی خادم)، (خانی وەستا عوسمان لە گوزەری کورتاندروان).

لەسەرتاسەری شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان کاروان هاتووە بۆ ئەم شارە بۆ دابینکردنی بەکاریان دەهێنا، دوو شەفت ئەم حەمامانە کاریان دەکرد، بەیانیان تانیوەڕۆ بۆ ژنان، دوای نیوەڕۆ تا بەیانی بۆ پیاوان بوو .

لەم حەمامانە (جورنە)ی لەبەرد دروستکراوی لێبوو کە بەلوعەی ئاوی ساردو گەرمی لەسەربوو، هەر نەفەرێک لەبەردەم جورنەیەک دادەنیشت، هەموو کەسێک خاولییەکی سۆری لەحەریری لە خۆ وەردەپێچا، کە خۆی دەشووشت هەر نەفەرێک ئەگەر پێداویستییەکی هەبووایە جامێکی زەردی لە ئاسن دروستکراوی پێ بوو، لە ئەرزی حەمامەکەی دەدا وەک جەرەس وابوو، (ناتر) هەر زوو زوو دەیگوت (حوسێن) خۆ چاوت نابینی، لە وەڵامدا دەیگوت دیتنی چی بەرم نەدەی ملم دەشکێت !!!

دوای چاککردنی ئاوە گەرمەکە (مام حوسێن) لەناو مەنجەڵەکە دەهاتە دەرەوەو بەهەمان شێوە یا پیرۆز گونییەکەی لەسەر دەکردو رایدەکێشا تا دەچووە دەرەوە، ژنەکان دەیان گوت رۆیی، کە دڵنیا دەبوون ئەوسا هەر کەس دەگەڕایەوە بەر جورنەکانی خۆیان، ئەم رووداوە لە حەمامی پیسکان بوو .

ئەم حەمامە لەلایەن مام کاکە و کوڕەکەی بەناوی (دلشاد) هاوچەرخ، لە ساڵی (٢٠٠٨) حەمامێک لەم شارە دروستکراوە لەلایەن مامۆستا بەهرام وەستا عەبدە .

ئەم حەمامانەش کە ئاماژەمان پێکردن مێژوویێکی کۆنیان هەبوو شوێنەواری کۆنی ئەم شارە بوون، کەچی هەر هەموویان تێکدران و لەناوچوون، بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فریای شوێنەوارەکانی ئەم شارەوە بچن. دارمان و لەناوچوونی هەر شوێنەوارێک شێواندن و کاردانەوەی خراپی دەبێت لەسەر شێواندنی مێژووی کۆنی ئەم شوێنە!!

# ئەنفلەوەنزای گەندەڵی کوشندەترە لە(H1N1)

### باوکی لێزان

گەندەڵی وەک پەتایەکی کوشندە بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە لەم سەردەمەدا دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوەو بەدەستییەوە دەناڵێنێت، دوا بەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق(٢٠٠٣/٤/٩) زیاترهەست بە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە دەکرێت، رۆژانەش لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان بابەتی جۆراوجۆر لەسەر گەندەڵی بڵاودەکرێتەوە هۆکاری تەشەنەکردنی ئەم بەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی توندوتیژ دژ بەئەنجامدەرانی ئەم رەوشتە قێزەونە، کە شیرازەی حکومەت دەپچڕێنێت و لەرێڕەوی راستی خۆی لای دەدات، بۆیە دەبێت کاربەدەستان و لێپرسراوان لێپرسینەوەبکەن لەگەڵ سەرپێچکاران بۆئەوەی کەس توانای ئەوەی نەبێت ئەم کارە نەشیاوە بکات، وەک پێشوولەی (ئەنۆفلس)خوێنی ئەم میللەتە بمژێت و یاری بەداهات و سەروەت و سامانی وڵات بکات!!!

کەسانێک هەن پۆستەکانیان بۆمەرام و بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەنجوومەنی وەزیران لەکابینەی شەشەم رۆژی(٢٠٠٩/١٢/٢١ ) پرۆژە یاسای(دەستەی نەزاهەی تاوتوێ کرد) تا ئەوکاتەی یاساکە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن خەڵکی گەشبین نین هەرکاتێک کارگەیشتەئەوەی گەندەڵچییەکان سزایان بەسەردابسەپێندرێت و لەبەردەم دادگا رابگیرێن هاوشێوەی ئەم سزایەی بەسەر بریکاری وەزیری گواستنەوەی عێراق (عەدنان عوبێدی) سەپێنرا، ئەوکات ئومێدبەخش دەبێت لەناو کۆمەڵگا، خودای گەورەش لەقورئانی پیرۆز باسی لەدزی کردووەو سزای دەست بڕینی بۆ ئەنجامدەرانی داناوە. پەتای گەندەڵی تەنها بەهەدەربردنی سەروەت و سامانی میللەت نییە، بەڵکو بەخراپ بەکارهێنانی پۆستەکانیش دەگرێتەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت. هەندێک لێپرسراو بەناوی (تەنسیب)خزم و کەسوکاریان لەقوتابخانەکان بۆفەرمانگە پەروەردەییەکان بۆ حەشاردانیان دەگوازنەوە، مانگانەش پشتگیری بەردەوام بوونیان لەدەوام پێدەدەن بۆ وەرگرتنی مووچەکانیان، دەبێت حکومەت و ئەو حزبەی کە ئەم لێپرسراوە کاری بۆ دەکات چاوەڕێی چ لەم جۆرە گەندەڵچییە بکات لە کۆڕو کۆبونەوەکانیش خۆیان دەکەن بە فریشتەی ئاسمان هاوشێوەی نەعامەی ملدرێژ سەریان دەخەنە ناوخاک وا دەزانن ئەگەر ئەو خەڵک نەبینێت کەس ئەو نابینێت. بۆیەدەبێت سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی بەڕێز لێپرسینەوە بکات لەگەڵ ئەم لێپرسراوانەی لەئاست لێپرسراوەتیدا نین بۆ ریشەکێشکردنی ڤایرۆسی گەندەڵی!

## له قسه خۆشەکانی مەلا محەممەدی عەلیاوەیی


مەلا محەممەدی عەلیاوەیی

### ڕەحمان وەرە دەرێ شێخی قون دڕی

له دەوروبەری ساڵی ١٩٤٤ز تاخمه فەقێیەک ئەچنە ناو ڕەوەندایەتی بۆ جومعانە، ئەم ڕەوەندایەتییەش بۆ ماڵ زۆر قرسن. ڕووئەکەنە ڕەشماڵێکی گەورە و لایەکی ڕەشماڵەکە دیوەخان دەبێ، یەک لە فەقێیەکان سەرۆکیان دەبێ، دەپرسێ ئەم مارە هی کێیە؟
دەڵێن: ماڵی ڕەحمانە، ڕەحمانیش لەکن مارێ لە دوور دیار بوو، تا فەقێیەکان گەیشتنە ئەوێ ڕەحمانی خاوەن ماڵ و دیوەخان بزر بوو، تومەز نەکو شتەک بداتە فەقێیەکان- خۆی لەبن نوێن و شت نابوو لە ژووری ماری، تاکو فەقێیەکان گیر نەبن و بڕۆن.
فەقێ گەیشتنە بن ڕەشمار و لای دیوەخان، سەلامیان کرد و کەسی تیا نییە، ژنان لە دیوی مارێ سەلامیان وەرگرتەوە، دیوەخان چۆل و بێ ڕایەخ و شت، فەقێ لێی دانیشتن لەسەر عەردی، ژنان وتیان: باوکم فەقێ کەس لەمارێ نییە، واتە لە پیاوان.
فەقێیەکەی سەرۆک وتی: ئێمە فەقێ نین و بوختانمان پیامەکەن، ژنان وتیان ئەدی ئێوە چنە؟
وتیان ئێمە شێخین، خەرکیش قەدری شێخان باش دەگرن.
ژنان وتیان: ئێوە لەبەرەی چ شێخێکن؟ فەقێیەکە وتی: لەبەرەی شێخ ئادەمین.
ژنان وتیان: پەخوا شێخن گەلێ زانیوە، بەڵام ناوبانگی شێخ ئادەمن نەبیستووە.
فەقێ وتی: دەنا شێخ ئادەم گەورەی هەموو کەسێکە و ئەسڵی هەموو شێخ و مشایەخ ئەچنەوە سەر ئەو، مەبەستی فەقێ باب ئادەم بوو، ئینجا دەسبەجێ ڕایەخ هات و مافوور ڕاخرا، فەقێیەکە وتی: دایکی ڕەحمان، دایکی ڕەحمانیش هۆپێکی لەخۆ زانی کەوا ئەم فەقێیە دیارە شێخە ئەگەرنا چۆن دەزانی ئەمە ماری ڕەحمانە و دایکی ڕەحمان ماوە. وتی بەرێ یا شێخ فەرمووە.
وتی: دایکی ڕەحمان بە فکرت دێ کە باوکی مەرحومی ڕەحمان لە حەیات و ژیان بوو.. پیاوێکی پیاو بوو، هەموو جار دەیگۆت: ڕەحمان من بمرم و چاوم بزر بێ تۆ خۆت لە مێوانان دەشارییەوە..
دایکەش فکری کرد و زانی وایە، چونکە زۆربەی باوکان وادەرێنە کوڕانی خۆیان، دایکە زانی کەوا ئەم شێخە شێخێکی زەریفە و کەرامەتدارە. فیکری کرد ئەگەر چاک بەڕێ نەکرێ لەوانەیە تووشی زەرەر ببن جا بە دەنگەکی بەرز گاسی کرد و وتی: کوڕە ڕەحمان هەستە وەرە دەرێ شێخی قون دڕی، واتە زانی کەوا تۆ لە مارێ یو خۆت شاردیتەوە.
ڕەحمان هەستاو هات دەستی فەقێی ماچ کرد و عوزری هێناوە کەوا شەو لەبەر حەیوان نەخەوتییە، بۆیێ ئێستا خەوی لێ کەوتبوو ئاگای لە جەنابتان نەبوو، جا فەقێیەکەی سەرۆک بووە شێخ و ئەوانی تریش مورید و دەروێش.
جا سەماوەر دانرا بوو بە تێکە فرکە و خواردن پارەیەکی باشیان کۆکردەوە دایان بە شێخ زۆر بە مەمنوونی، شێخ بەبێ موبالاتی پارەکەی وەرگرت و وتی: ئێمە دەرۆزەکەر نینە، بەڵام ئەگەر وەرنەگرم دەترسێم لەلای خوا گوناحبار ببم کە ئێوە ئەم خێرەتان بە نسیب نەبووە.

**ئا: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**

# تەتەڵە


**شاسوار هەرشەمی - سوید**

بۆ تێگەیشتنی باشترو وردتر لە هەڵوێستی وڵاتانی هاوپەیمانان لە هەمبەر کێشەی کورد، دەبێ یەکەمجار بزانین کوردان بە گشتی کەوتبوونە کامە بەرە لەو سێ بەرەیەی کە باسمان کردن، بەرەی هاوپەیمانان، بەرەی وڵاتانی تەوەری ئەڵمانیاو عوسمانی یان بەرەی سێیەم واتا بێلایەنی و دوورە شەڕی.
وەک دەزانین و دیارە پشکێکی گەورەی خاکی کوردستان بەشێکی گرنگی خاکی دەوڵەتی عوسمانی بووە. هەڵکەوتەی کوردستان لە زۆر ڕووەوە ستراتیژی بووە هەردوو کەمایەتی ئایینی-ئەتنی ئەرمەنی و ئاسووری لە هەر هەموو شەڕەکانی سەدەکانی زووتری ناوچەکەوە گلابوون. بۆ شەڕی یەکەمی جیهانیش خۆیان ئامادەکردبوو. بەمجۆرە هەمووان دەیانزانی، کە کوردستان "وەک هەر هەمیشەش وابووە" مەیدانێکی گرنگ و یەکلایی کەرەوەی جەنگ دەبێت، ئەم هاوکێشە ئەمە دەسەلمێنێ کە باس کردن لە بێلایەن بوونی کوردان شەڕێک کە لە ناوماڵەکەیدا دەکرێت، کارێکی گەوجانەیە. ئاشووری و ئەرمەنەکان دەمێک بوو، بەهۆی هاوسۆزی ئایینی، هەڵوێستی سیاسی و جەنگی خۆیان یەکلایی کردبووەوە. ئەوان لە پاداشتی ئەو کارەیاندا چاوەڕوانی دروستکردنی دەوڵەت بوون لەسەر خاکێک کە کوردان زۆرینەی تەواوی دانیشتوانیان لێ پێکدەهێنێت.
کەواتە دانە پاڵ کەسانێکی کەچاویان لە ماڵ و خاکی ئەو بڕیوە دیسان کارێکی گەوجانەیە. هەڵوێستی سەرۆک خێڵ و هۆزە کوردەکان، شێخ و مەلاو کەسایەتییەکان، ڕێبەرانی تەریقەت و. هتد وەک مانگەشەو دیارو ڕۆشن و گەش بوو.
دەبا هانی خەڵکی بدەن بەرگری لە ماڵ و ناموسی خۆیان بکەن. لەوەش گرنگتر شەڕەکە وەک شەڕە زۆرەکانی پێشووتر بەدەرنەبوو لە تیفتیفەی ئایینی، کەواتە بۆ هانی خەڵک نەدەن تا بەرگری لە دین و باوەڕو ئایینیشیان بکەن. دیارە شەڕێکی وا گەورەو گران نەلە توانای ڕێبەرانی کورد بوو، نە ڕێبەری وا ژیرو وریاشیان لە ناودا هەڵکەوتبوو تا دوورنەمای شەڕەکە ببینێ، بۆیە بێ هیچ چەندو چونێک چەکداری کورد دەکەوتە پاڵ جەندرمەی تورک و خۆبەختکەرانی تری موسڵمان، کە لە هەموو گۆشەو کەنارێکی خاکی عوسمانی هاتبوون و هێنرابوون.
چەکدارو سەربازانی کورد، بە درێژایی ساڵانی شەڕ، هێزێکی سەرەکی و دیاری سوپای تورکی عوسمانی بوون لە شەڕ، چ لە دژی هێزە سەرەکییەکانی ڕووسیاو ئینگلیز، چ لە دژی هاوپەیمانانی ناوخۆی ئەو دووهێزە "هێزە نانیزامییەکانی ئەرمەن و ئاشووری، کە چ تەنیا یاخود شان بەشانی هێزی هاوپەیمانی چالاکی شەڕیان لە کوردستان ئەنجامدا". تەنانەت لە خۆبووردوانی کورد، کە بە ناوی غەزا لە پێناو خودا دا سەرگەرم کرابوون، پەیتا پەیتاو خۆ بەخشانە بۆ بەرەکانی شەڕ دەچوون و لەبەر نە شارەزاییان لە شەڕ، بۆ زۆربەیان ئەو سەفەرە "سەفەر بەرلک"و "سەفەری نەگەڕاوە" بوو. زۆر جارو لە زۆر شوێنی جیاجیای کوردستان لە پیرە پیاوانم بیستووە، کە چۆن خۆیان باوک و کەسوکاریان بۆ غەزا چوون. هەندێ بەیت و لاوک و گۆرانیش لەسەر هەندێ لەو شەڕکەرانە دەگوترێت. شێخ مەحموودی حەفید یەکێ لەو خۆبەختکەرانە بوو، کە بۆ غەزای کافران تا "شوعێبە"ی لای بەسرا چوو.
دوای برانەوەی شەڕیش هێشتا بەشێکی گەورەی توانای کوردان بۆ پاڵپشتی کردن و چەسپاندنی دەستەڵاتی یان تورکی کەمال ئەتاتورک تەرخان کرابوو. چەکدارانی کورد ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە دەرکردنی یۆنانییەکان لە ئێزمیر.
ئۆز دەمیر "ئۆت دامر" بە پاڵپشتی و کۆمەکی غەزاکەرانی کورد، بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناوچەی ڕواندزو پشدەرو خۆشناوەتی، تەڕاتێنی دەکردو سەرئێشەی بۆ ئینگلیزەکان دروست دەکرد، شێخ مەحمودی حەفید، کە ئەو کاتانە بە ناوی "مەلیک مەحمودی مەکە"پاشای کوردستانی جنوبی بوو، ئاڵای سەربەرخۆیی کوردستانی بەرز کردبووەوە، بە کۆمەڵە کەسانێک دەورە درابوو کە بەردەوام هانیان دەدا تا پەیوەندی بە ئۆزدەمیرەوە بکات و یارمەتی لێ داوا بکات بۆ دەرپەڕاندنی ئینگلیزەکان. منەوەرەکانی ئەو سەردەم بەو کەسانەیان دەگوت "جلخوارەکان".لە باوەڕی گەلیشدا، تورکانی هاودین هێشتا پشت و پەنامان بوون.
ئەو ڕاستییە لە لاوکی "شێخ مەحمود"ی کاوێساغا بەجوانی دیارە، کە لە یەکەمین گۆرانی نیشتیمانی کوردی تۆمارکراودا، پڕ بەدەمی دەچریکێنێ ". هاواری تورکان دوورە، کورد خائینۆ".
لەو تابلۆیەی سەرەوەدا شوێنی کوردان لە شەڕدا بەروونی دیارە.
لای هاوپەیمانانیش کورد هەروەکو تورکان بەلایەنێکی دۆڕاوی بەرەی دوژمن دانراون و دەبا سزا بدرێن، نەک پاداشی دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆ بوون. بۆ ئەو دەرەنجامەش، جگە لە هەلومەرجی جوگرافی و ئایینی و ئەزموونی کەڵەکە بوونی چەندان سەد ساڵە، دەبێ بۆ بەشەکەی تریشی، پێش هەموو شتێک گلەیی لە خۆمان و لە بێ ئاگایی باپرانمان بکەین، کە لە هاوکێشە سیاسییەکانی سەردەمی خۆیان نەگەیشتبوون و خۆیان بەلایەنی دۆڕاوەوە گرێدابوو. ئەوانەی کە لە پەیماننامەی سێڤردا خەڵات کراون و بەڵێنی گەورەو چەوریان پێدراوە، هەموویان چالاکانە لە چالاکییە جەنگییەکانی هاوپەیمانان بەشداریان کردبوو، تەنانەت هەندێکیان وەک ئەرمەن و ئاشوورییەکان باجێکی زۆر قورسیشیان دابوو.عارەبەکانیش بەڕێبەرایەتی "شەریفی مەکەکە" لە پاڵ هاوپەیمانانی کافر، دژ بە لەشکری موسڵمانی سوڵتان جەنگین و خەڵاتی خۆیان وەرگرت کە سووریا و ئوردن و ویلایەتەکانی بەسراو بەغدا بوون، دواتر ویلایەتی موسڵیش "باشووری کوردستان" خرا سەر ئەو دوو ویلایەتە عارەبییەی تر "بەغدا و بەسرا"، چونکە بە گوێرەی پرەنسیپی دۆڕان و بردنەوە، لەو چارەنووسە باشتری بۆ نەبڕابووەوە.
هاوپەیمانان لە بەڵێنەکانیدا ئەوەندە ڕاستگۆ بوون، تەنانەت بە تەنگ چارەنووسی ئەو چەند هەزار سریانی و کلدانییە پەرت و بڵاوەشدا بوون، کە لە ناوچەکانی نێوان "دیار بەکر- ئەدەنە- سیواس" دەژیان و هەوڵیان دا شوێنێک و جۆرێک لە بەڕێوبەرایەتی خۆجێیی بۆ ئەوانیش دابین بکەن.
دەوڵەتی تورکە شیعەکانی قاجار لە ئێران، لە شەڕی جیهانی یەکەمدا بێلایەن بوو، بەڵام بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە. واتا ئێرانی شیعە دەرگای وڵاتەکەی چالاکییە سەربازییەکانی هێزی هاوپەیمانان، لە دژی لەشکری سوننەی تورکی و عوسمانی، ئاوەڵا کرد بوو. وڵاتانی هاوپەیمانیش لە پاداشی ئەم هەڵوێستەی تورکە قاجارەکانی دەستەڵاتداری ئێران، پەیتا پەیتا دووپاتیان دەکردەوە، کە دەبێت ڕێز لە سنوورو سەروەری خاکی ئێران بگیرێت. تەنانەت ئێران و بەریتانیای گەورە دوای برانەوەی شەڕ لە ١٩١٩/٨/٩ ڕێکەوتننامەیەکیشیان مۆرکرد، کە تیایدا بەریتانیا بەڵێن دەدات تا سەروەری خاکی ئێران بپارێزرێت.
ئەم بەڵێن و هەڵوێستەی بەریتانییەکانی لە بەرامبەر ئێراندا، لە هەڵسوکەوتیاندا لەگەڵ ڕووداوەکانی دواتر ڕاستگۆیانە دەردەکەوێت. کاتێ، کە ئاشوورییەکان لە ناوچەی ورمێ شکان و هەڵاتن، لەگەڵ مەسیحییەکانی تری ئەو ناوە هەموویان پەنایان بۆ سوپای بەریتانیا برد. بەریتانییەکان هەموانیان بۆ مەندانی نزیک دیالا ڕاگواست. لەوێ ئاشوورییەکانی هەکاریان لە ئۆردوگایەک نیشتەجێ کردو کەوتنە مەشق پێکردنیان لەسەر چەکی تازە. دواتر ڕەگەزنامەی عێراقیان بەسەر دابەشکردن و لەشکری لیڤیان لێ پێکهێنان و لەگژ ڕاپەڕینەکانی کوردیان بەردان.کەچی مەسیحییەکانی ئێران لە ئۆردوگایەکی جیا دەستبەسەرکران بەو نیازەی بۆ ئێرانیان بگێڕنەوە گوایا ئەوان هاووڵاتی ئێرانن و هێشتنەوەی ئەوان کەمکردنەوەیە لە سەروەری ئێران. نەسۆزی هاوئایینی و نە تکای زۆری ئاشوورییەکان، نەیانتوانی هەڵوێستی کاربەدەستانی بەریتانیا لەمەڕ مەسیحییەکانی ئێران بگۆڕن، لێرەدا دەبا مێژوونووسانی کورد لە خۆیان بپرسیبایە ئەی لەپای چی و بۆچی گلەیی لە بەریتانیای گەورە. وەک دارێژەری سەرەکی پەیماننامەی سێڤر، بکەین کە نەچووە سەروەری خاکی ئێران پێشێل بکات و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەخستۆتە سەر ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە بە خەیاڵی هەندێک، لە سێڤردا خەریک بوون دایمەزرێنن، دیارە وەکو دواتر بە وردی و بە نەخشەوە دەریدەخەین، ختوکەی دەوڵەتی کوردی لە دەستچوومان لە سێڤر، هەر لەبنەڕەتەوە بناغەکەی لە تێنەگەیشتن بنیاتنراوە.

**دەنگی سەربەخۆییخوازانی کورد بە گوێی هاوپەیماناندا.**

چارەنووسی خاکی کوردان لە دوای برانەوەی شەڕ هەروەک چارەنووسی خاکی تورکان بوو. لە ناوچەکەدا ژمارەیەک دەوڵەتۆکە بۆ سەرۆک هۆزو خێڵ دروستکران. هاوکات گەلانی ئەرمەن و ئاشووری هیوایان زۆ بوو، کە وڵاتانی هاوپەیمان خەونەکانیان "بە زیندە خەوی خۆشخەیاڵانەشەوە" بۆ دێننەدی. کەچی هەموو ئاراستەکان وایان پیشاندەدا، کە خاکی کوردان دەکەوێتە بەر لەتکردن و دابڕاندن و دابەشکردن و بەخشین بەسەر لایەنە سەرکەوتووەکان.
ئەم بارودۆخە تازەیەو بێکار مانەوەی ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرو ڕۆشنبیری کورد، دوای هەڵوەشانەوەی سوپای عوسمانی. هەروەها بڵندبوونەوەی زەنگی ئازادی گەلان، هەمووان دیارتر ڕاپەڕینەکانی تێکۆشەری گەورە، شێخ مەحمودی حەفید و جموجۆڵەکانی سمکۆی شکاک و هەوڵە زۆرو ماندوونەناسەکانی دیبلۆماسی ناسراوی کورد، شەریف پاشای خەندان بوون. ئەو جوڵانەوە پەرش و بڵاوانە هەروا سەرەڕۆیی بەسەر چاودێران و شارەزایانی بەریتانیادا تێنەپەڕی. ئەوان بە وردی سەرنجییان لەو جوڵانەوانە بڕی و چەندەش بۆیان کرا لێیانەوە نزیک بوونەوەو لە نزیکەوە هەڵیانسەنگاندن. تێگەیشتن کە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆخوازی لە کوردستاندا وا لە خەملێن و پێکەیشتن دایە. دیارە هاوپەیمانان لەسەر ئاستی جۆراوجۆرو جیاوازدا ڕووبەڕووی ئەو بزووتنەوەیە بوونەوە. بەڵام ئەوەی جێگا مەبەستی ئێمەیە،ئەوەیە کە ئەوان ویستیان وەستایانەو زیرەکانە مەترسی ئەو بزوتنەوەیە لە دژی دەستەڵاتی هێشتا باش ڕامنەکراوی تورکی بەکار بێنن.
سەیر دەکەین لە پەیماننامەی سێڤردا پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیان بێ هیچ پێوەرێکی دیار بەخشی و دابەشکرد، کەچی پارچەیەکی بچووکیان لەناو چوارچێوەی خاکی تورکیا "ناوچەی دیاربەکر هێشتەوە. کە گوێڕایەڵ نەبن" ئەو پارچە زەوییە لە تورکیا جیابکرێتەوەو سەربەخۆبێت. سێ بەندە بەناوبانگەکەی ٦٢،٦٣،٦٤ی پەیماننامەی سێڤر تایبەتن بەو ناوچە بچووکە، ئۆتۆنۆمی دارەی ناو تورکیا.

**بەشی سێیەم**

## باهەبێ (٣٥)


سەنگەر زراری

### فێڵکردن له بورجەکانی (٢٠١٠)

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێی (٢٠١٠)، وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، جارێکی تر مژدەی ئەوەی پێدان کە خاوەن مۆلیدەکان لەسەریان پێویستە بێ هیچ بێنە و بەردەیەک و بێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکەن و خەڵک ماندوو بکەن، کارەبای مۆلیدە زیاد بکەن و خەڵک لە کارەبا حەیاتەکەیان بێبەش نەکەن و خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە نەتەوەیی و نیشتمانییە نەدزنەوە، لەسەریان پێویستە خزمەتی گەل و نەتەوەکەیان بکەن و باجی ئەو خزمەتەش هەرچییەک بێت بیدەن. ئەمەش مانای ئەوەیە کارەبای نیشتمانی کەم دەبێتەوە.
وەزارەتەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە نرخی ئەمپێرەکانی کارەبای مۆلیدە بەرز دەبێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەی کە هەم مۆلیدە خۆشەویستەکان مەغدوور ناکرێن و هەم نابێ خەڵکیش خۆیان لەو بەرپرسیارێتییە بەدوور بگرن و پێیان ناخۆش بێت.
بەڕێزان. نابێ ئێمە بەو نرخ گرانییە دڵگران بین، چونکە ساڵەکەی نەهاتە، نابێ گوێی پێ بدەین، دەبێ بەوە مەمنوون بین، چونکە هەموو ئەوانەی شتێک لە بورج و کەلووەکان دەزانن و سەریان لێی دەخورێ، پێشبینی ئەوەیان کردووە ئەمساڵ نەهاتە و ساڵێکی باش نابێت، هەندێک دەڵێن: ئەمساڵ ساڵی جەنگەکانە، بورجخوێنەکانی خۆشمان سەبارەت بە کورد هەمان ڕایان هەیە و وای دەبینن ئەمساڵ بۆ کورد ساڵێکی باش نابێت.
خەڵکێکی زۆر بڕوایان بە لێکدانەوەی بورجەکان هەیە (کە من یەکێک نیم لەوان)، بەڵام خۆ هەر ئەوان ناڵێن ئەمساڵ باش نییە، بەڵکو چاودێرە سیاسییەکانیش کە زۆرێکیان پێناچێت نێوانیان لەگەڵ بورج و کەلوان باش بێت و بڕوایان پێی بێت، پێیان وایە ئەمساڵ بۆ کورد باش نییە، بە تایبەتیش لەسەر ئاستی عێراق، چونکە شەڕەکان گەورەتر دەبن و ململانێکان لەگەڵ ئەو خەڵکەی بەغدا قووڵتر دەبنەوە، کەواتە ئەگەر لەناو ئەو هەموو پێشبینی و لێکدانەوە خراپانە، لە نێوان ئەو هەموو جەنگ و ناخۆشییانەی کە پێشبینیکراوە، تەنها ئەو شەڕ و خراپەیەمان بۆ بێت کە نرخی کارەبای مۆلیدە گران بکرێ و کارەبای نیشتمانی کەم بێتەوە، زۆر مەمنوون، خوا بکا چ شەڕی دیکەمان بۆ نەیەت و پێمان نەفرۆشرێت، هەر بەوەندە ڕاوەستێ ئێمە مەمنوونین، خۆ ئێمە بە کارەبا ڕاهاتووین، هیچ کاتێک مانگێک بەتەواوی ئۆخەییمان لێنەکردووە، بەڵکو هەر چاوشارکێمان لەگەڵ کردووە، یان ڕاستتر بڵێین ئەو چاوشارکێی لەگەڵ کردووین، کەواتە ئەگەر ئەو شەڕەی لە کەلووەکانەوە بۆ ئێمە پێشبینی کراوە، تەنها شەڕی نەمانی کارەبا و زیادکردنی نرخی مۆلیدە بێت، خەنی لەخۆمان و ئەمە مانای ئەوەیە فێڵمان لە کەلووەکان کردووە، چونکە ئێمە لەگەڵ کارەبا چەند ساڵە بەو حاڵە فێرین و کەلووەکانیش ئەم حاڵەمان بۆ بە نەهات و شەڕ حساب دەکەن.

## له ئەرشیفی شۆڕشگێڕانەوە


وینەی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شۆڕشی ١٩٧٤ کە لە ١٩٧٤/١٢/١٦ گیراوە. لە ڕاستەوە بۆ چەپ:
١- کازم عومەر دەباغ خویندکاری قوناغی چواری کولیجی ئاداب زانکۆی سلیمانی. ٢- دلشاد عەبدولڕەحمان تەها- دەرچووی شەشی ئامادەیی. ٣- مشیر شەفیق خەیات – بەرگدروو لە کۆیە. ٤- وریا خدر جەلیزادە – دەرچووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا. ٥- بەهزاد ئیسماعیل کاکە بەگ- دەرچووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا.

# کەسایەتی کاک کۆسرەت لە نێو خەبات و جەماوەردا



رزگار سەید کاکەڕەش

بۆ ئەوەی مێژوو وەک خۆی بنووسرێتەوە، دەبێت لاپەڕەی ڕەشی قێزوەن و نەخوازراویش جێی داخە هەڵدرێتەوە، بۆ ئەوەی نەهامەتەکانی گەلو سەردەمی ڕابردوومان وەبیربێتەوە، دەبێت بە ئاگابین لە هێڵە سوورەکان و نەی بەزێنین، چاک و خراپ تێکەڵاو نەکرێ، تێکۆشەر و سەکردە و کەسایەتییەکان لەکەدار نەکەین و ڕا نەکەین لە ڕووداوە مێژووییەکان ئۆباڵی بخەینە پاڵ ئەم و ئەو...! پێویستە بنووسرێ و بنووسین، بۆ ئەوەی هەستو ویژدانمان دادپەروەرانە و ڕاستگۆیانە لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان مامەلە بکەن.

وەلی ئەمڕۆ نزیکەی نۆزدە ساڵ تێپەردەبێت، بەسەر ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان، کەچی لێکترازان و دوور کەوتنەوە و جیابونەوە بۆتە نەریتو کلتوورێک لێرەو لەوێ زەقکردنی کێشەو تۆمەت هەڵبەستن هاژەی دێ، بەداخێکی زۆرەوە لای ئەوانەی لە سەردەمی خەباتو تێکۆشان سەرکردەی بەتواناو ماندو بوون، ئەمرۆش پۆلێکن لە کەسانی وشیار و سیاسەتمەداری گەل و سەردەم لە دوور و نزیکەوە بەشدارن لە فەرمانرەوای کوردستان.

لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لە شۆڕش و خەباتدا خەڵکانێکی بەرهەم هێناوە کە جێی ڕێز و سەروەرن لەنێو کۆمەڵدا، دەکرێ بیرەوەری و یاداشت نووسینی خەڵکێکی شۆڕشگێر، گومان و بریندارکردنی کەسانێکی بەدواوە نەبێت، یان کورد گوتەنی ! دەستی چەورت بە کەسێکی تر بسڕی و هەڵەکان لە دەوری هاوبیر و هاوسەنگەرێکی خۆت کۆ بکەیتەوە، دواجار دەبێت بە هۆکاری ناکۆکی و دژایەتی کردن ڕاکێشانی بەری بەرپێ. تەشهیر کردن و شکانی ئەو کەسایەتییە شۆڕشگێرانەی دوێنێ و ئەمڕۆ، کاردانەوەی خراپی بەدواوە دێتو ئەنجامێکی باشی لێ ناکەوتەوە، کەس ناتوانێت بڵێ !ئەمە ململانێکی سیاسییە بۆ گۆڕینی شێوەی حکومڕانیی هەرێمی کوردستان، یان خەبات و کارکردن بێ بۆ سیستەمێک ڕیفۆرمی تیادا بکرێت، لەدژی دەسەڵاتی لایەنەکانی نێو دەسەڵات، بەڵکو لەگەڵ خودی کاک کۆسرەت بەگشتی و خەڵکی ناوچەیەک بەتایبەتی ....؟!

شەقامی کوردی باش دەزانێت کاک نەوشیروان دەسەڵاتێکی باڵای هەبووە لە نێو سەرکردایەتی یەکێتی، ساڵانێک لە دەشتی هەولێر و ناوچەکانی بێ گیانێکی لێبووردەیی بە دەست بڕیار وفەرمانەکانی بە گرمەی شەڕەوە دەینالاند، لەو لاوەش جێی داخە گەر کەسانێک وڕێنەی ئەوە بکەن و بڵێن ! کاک کۆسرەت کەمی کردبێ و تازە هاتوە یا میوانە و خاوەن ماڵ نییە.... بە هاتن و ڕووکردن لە شاخ یەکێتی تەکانێک و گۆڕانێکی خێرای لە نێو جەماوەر و ڕیزەکانی هەم لەڕێکخستن هەم لە ڕێزکانی پێشمەرگاتیەوە گەشەیەکی بەر چاوی بەخۆیەوە بینی، تا وایلێهات پێشمەرگە بووە خۆشەویستی هەموو ماڵێک و خانەخوێیەک، لەو لاوەش ڕێکخستن بەردەوام لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بوو، مەڵبەندی سێی ی ن ک بوژانەوە و هەستانەوەیەکی بەر چاوی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی کەسایەتی کاک کۆسرەت و هێمنی و وریای و لێهاتوی، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵانی خەڵک و ناوچە نشینەکانی هەولێر کرد، بگرە زیاتر لە سەردەمی ناوداری کاک ( فارس باوەی ) خوالێخۆشبوو لە شۆڕشی ئەیلول، بەجارێک ئاسەواری شەڕی براکوژی سرایەوە و برینەکان سارێژ بوون، یان بە پێچەوانەیەکی تر چالاکی تیپ و کەرتەکانی پێشمەرگە زیاترو گەرمو گورتر دەبوو، ڕۆژانە لە گشت ناوچەکان زەبری کوشندە بەر هێزەکانی دوژمن دەکەوت، ئەمانە بە پلان و ڕێنماییەکانی کاک کۆسرەت دەگەڕێتەوە بۆ مەڵبەندی سێ هەولێری ی ن ک ، کە زۆر جاریش ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەیوت ! مەڵبەندی سێ هاژەی دێ.....؟

من وەک تاکێکی کورد گەواهی ئەوە دەدەم گەر هەر منداڵە شەهیدێک ڕووی لە کاک کۆسرەت نابێ، نازی هەڵگرتووە و بەسەرکردنەوەی خانەوادەی شەهیدانیش بەئارامی ویژدان و بەئەرکێکی شۆڕشگێری و حزبی زانیوە، لەهیچ بارەگاو ماڵ و دانیشتنێک هیچ ئەندام و کادیرێکی دەرنەپەڕاندووە و ئیدانەی کردبێ، لەبەر دەرگای ماڵەکەی کەسێک نەکوژراوە کە نەیار و دۆستی ی ن ک نەبێ، سەنگ و پێگەیەکی فراوانی لەنێو ڕیزەکانی یەکێتی و جەماوەردا هەیە، ئەو پێگەیە وایکردوە کە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت بۆ یەکلا کردنەوەی تەبایی نێو ڕیزەکانی، هەر چەندە لە ناکۆکی ناو یەکێتی بگرە لە ساڵانی هەشتاکانەوە زۆر خۆی دوور ڕاگرتووە و نەبۆتە سەری ڕمی کێشەکان ژێرکاری بۆکردبێ، بە نیەتێکی پاک خەباتی کردووە بۆ یەکێتی ناو یەکێتی ، دیارە کەسانێک هەن بە زەقی هەست بەو هێز و قورساییەی کاک کۆسرەت دەکەن، ئەگەر لە قازانجی وان نەترازێ، ئەوا نووکی قەڵەمەکان تیژ دەکەن بە وتار نووسین و بیرەوەری داخ و قینی ڕەشی خۆیان دەردەبڕن، بۆ شکان و تەشهیر کردنی بە کاک کۆسرەت و.....؟

گەر کاک نەوشیروان خاوەنی ئێتیک و مۆڕاڵێکی هۆشیار و سیاسی بێت، دەزانێت بەچ زمانێک دەنووسێت چلۆن ڕەفتار و ڕێز لە بەرامبەرەکەی دەگرێت، ئەگەر کەسێکی بلیمەت و وریاش بێت ئاوا بە سادە ناوی هاوڕێیانی لە مەکتەب سیاسی ناهێنێت بێ وشەی هەڤاڵ و بەڕێز بەسەریان تێپەڕبێ، وەک چۆن مامۆستایەک ناوی خوێندکارەکانی بێنێت، یان ئاغایەک ناوی پیاوانی بێنێت، جوانی تێدانییە بەڵکو هۆکارێکە بۆ ناشیرینکردنی کەسایەتییەکان و سووک کردنی ناوەکان، مەستە بە ڕۆڵی خۆی لە ڕوداوەکانی ڕابردوو دوور لە ڕێزو گیانێکی دادپەروەرانە بەلایانەوە باز دەدات، سۆزو عەتفی خۆی روون دەکاتەوە بێ گوێپێ دان و بریندارکردنی کە سانێک تا دوێنێ هاوڕێی چەند ساڵەی بوون ، هەمیشە شیکردنەوەی ئەم جۆرە نووسینانە، گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەکی پڕاو پڕ لە بوخزو قینی سەردەمی شاخ، ئەوش دەچێتە خانەو نەغمەی گێچەڵ و سازشکردن ، گەرچی خاوەنی بڕوانامەی وڵاتانی ڕۆژئاوایە، کەمێک لە ژیانی سیاسی ئەوروپا، دیموکراسییەتی ژیاوە، بەڵام ! هیچ پێوەر و کاریگەریەک لە سیماو نووسین و وتارەکان و فەرمانەکانی ڕابردوو بەدی ناکرێ، وەک چۆن ئەو بڕیارە هەڵانەی کە فەردی لە شاخ دەری دەکرد و بەتایبەت لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر لە ساڵانی خەبات و تێکۆشان لە لایەن کەسانێکی سادە و سەرگەرم لە فەرماندەکان دەهاتە جێ بەجێکردن.

کاک کۆسرەت خاوەنی مێژوویەکە پرە لە قارەمانێتی و پێشمەرگەیەکی بە وەفاو بەئەمەک بوو، لە ڕیزەکانی پێشمەرگە و شۆڕش بێ هۆکاری عاشیرەت و بێ بڕوانامەی کۆلیژەکانی وڵاتانی ئەوروپا خۆی خۆی پێگەیاندووە لە ڕێکخستنی یەکێتیدا، پێگەیەکی جەماوەری بەرفراوانی زۆر بە هێزی لە هەولێر و دەوروبەری هەیە، دەتوانم بڵێم ! یەکەم کەسایەتیی ئەو سەردەمەی شاری هەولێرە...! هەر سمبولی ئەم شارەیە و بە کاندید و کارێزمای بەهێز دەخوێندرێتەوە، لە هەڵوێست و گۆڕانەکانی دنیا و بواری سیاسی پێشهاتەکان بە ئاگایە، ئەوانەی لە نزیکەوە ئاشناو تێکەڵاو هاموشۆی دەکەن یان لە چاو پێکەوتن و گۆتنەکانی هیچ بۆچوون و پەیامێکی نییە تا لە دوارۆژ ببێت بە سکرتێری یەکێتی خەبات و تێکۆشانی خۆی کەڵەکە کردبێت، تاکو ئەمڕۆ ببێتە تیرو توانجی ئەم و ئەو ...!

---



قەقنەس

مەهدی ئەبوبەکر

## هەر هەون هەو

دەگێڕنەوە کە پیاوێکی ئەم گەرمیانەی خۆمان، گوێدرێژێکی دەبێت، گوێدرێژ خۆی وا نیشان دەدات کە ئامادەی هەڵگرتنی هەموو بارێکی قورسە. خاوەنە ساویلکەکەشی بڕوای پێدەکات و سێ بە سێ تەڵاق دەخوا، کە هەرگیز پێی نەڵێ گوێدرێژ و ئیتر پێی بڵێ هێستر.

ڕۆژێک کابرا بارێکی سووک لە گوێدرێژە تازە بە هێستر بووەکەی دەنێت و ڕووە و بەرزاییەک لێی دەخوڕێت. لەناوقەدی بەرزاییەکە گوێدرێژ بارەکە فڕێ دەدا و ڕووەو خوارەوە غار دەدات. خاوەنەکەشی زۆر بێزار دەبێت و لە دواوە بانگی دەکات و دەڵێت: بەخوا هەر هەوی، بەڵام من زمانم بڕاوە.

لە بازاڕی سیاسیی کوردستاندا، بە گوێرەی سات و کاتەکان، جارناجارێک کەسێکمان لێدەکەن بە سوپەرمان. وامان نیشان دەدەن ئەم کەسە قودرەتێکی لە ڕادەبەدەری هەیە، دەتوانێت لە چاوتروکاندنێکدا کێشەی کارەبا چارەسەر بکات. لە شەو و ڕۆژێکدا ئابووری وڵات بگەیەنێتە ئاستی ژاپۆن. کشتوکاڵ هێندە بگەشێنێتەوە، تەنانەت ئوستڕالیاش حەسودیمان پێببات. ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە هەر مەپرسن وای وێنا دەکەن، کە نەک تەنها برادەری، بەڵکو گاڵتەی هینیشی لەگەڵ سەرکردەکانی جیهاندا هەیە.

نۆزدە ساڵە، دەیان کەسی لەو جۆرەیان دروست کرد، تەڵەبە و مەڵەبە و مۆزەف و خەڵکیان بۆ هێنانە سەرجادە تا پێشوازیان لێبکەن و گوڵبارانیان بکەن. کەچی تا ئێستا نەمانبینی یەکێک لەوانە لەوانی پێش خۆی جیاواز بێت. زۆربەیان لە یەکەم تاقیکردنەوەدا شکستیان هێنا، بەڵام ئامادەنەبوون، غار بدەن و ساحەکە چۆڵ بکەن. هەموو ئەوانەی چەندین ساڵە لێمان کراون بە دێوی ئەفسانەکان، ڕێوی دەرچوون، ڕێوی لە غیرەتدا. ڕێوی لە فێڵ و تەڵەکەبازیدا. ڕێوی لە وەفاو بەڵێنەکاندا. هەموویان لە یەک فابریکەوە بەرهەمهێنرا بوون و لەزگەی مارکەی تەزویریان لێدرا بوو.

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ: خوا تا کێو نەبینێ، بەفری تێناکات. هەن دەڵێن: خۆمان مستەحەقی ئەوەین تا ئاوامان پێبکرێت، ئەگەر خۆمان لەسەر سەرمانیان دانەنێین، ئەوانیش ئاوا بۆیان ناچێتەسەر.

هەندێکی تریش دەڵێن: خەتای خەڵکی تێدا نییە، ئەوان هەر لە ڕەگەوە وا سەوز بوون و فرچکیان بە دزی و درۆزنییەوە گرتووە، ئیتر خەڵک چی بکات؟

ڕەنگە هەردوولا، بەشێک لە ڕاستی لە بۆچوونەکانیاندا هەبێت، بەڵام ڕاستی حاشاهەڵنەگر ئەوەیە، خەڵکیش بەشێکی خەتاکەی لە ئەستۆدایە، گەر وانییە کێ ئەمجارە دەنگی پێدانەوە و کردنییەوە بە ئاغا و لەسەر تەختی ناز و نیعمەت دایانەوە؟

ڕەنگە هەبن بڵێن: بە تەزویر دەرچوونەوە، ئەگەرنا قەت نەیاندەتوانی ببیەنەوە. کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات کە تەزویر نەکراوە، بەڵام تەزویرەکە هەرچەندە بووبێت، لە بایی دوو تا سێ کورسی تێی نەپەڕاندووە، (الله اعلم). هەرچۆنێک بێت بردیانەوە و توانیان سواری ملمان ببنەوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە؛ ئەو زەلیلییەی لە هەڵبژاردندا تووشی بوون. ئەو مەترسییەی هەڵبژاردن ڕووبەڕووی کردنەوە، عیبرەتیان لێوەرنەگرت و ڕەفتارەکانی نەگۆڕین، دەریانخست هەتا هەتایە "هەر هەون" و بە هەوی دەمێننەوە.

بوار بۆ خەڵکی هەیە تا ئەو هەڵەیەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کردیان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عیراق و پارێزگاکانی کوردستاندا دووبارەی نەکەنەوە. ئێ خۆ خەڵکی وەکو کابرا تەڵاقیان نەخواردووە تا زمانیان نەبێت و بڵێن: هەر هەون و ئێمە زمانمان بڕاوە؟

---

# تورکیا لەنێوان دیموکراسی و عەسکەرتاریدا



پارێزەر: کەمال محێدین

زاراوەی دیموکراسییەت بەهەموو ڕەنگەکانییەوە جا دیموکراسی ناوەندی"مرکزی"بێت یا دیموکراسی گەلی"شعبی"بێت، یان دیموکراسی سوشیالیست"اشتراکی"...بێت بووە بە ڕێباز و ئامرازێک بەدەست هێزە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵ لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و حوکمڕانی و بەردەوام بوونیان بەبێ ئەوەی بزانن ماناو مێژووی ئەم زاراوەیە چییەو لەکوێوە هاتووەو چۆن ڕەفتاری پێکراوەو ئێستاش چۆن دەبێ ڕەفتاری پێبکرێت.

دیموکراسییەت جلوبەرگی جوان و ڕازاوەو بەنرخ نییە شانی خۆمانی پێبا بدەین و پێشوازی خەڵکی پێبکەین، بەڵکو دیموکراسییەت مانا ڕاستەقینەکەی بریتییە لەدەسەڵاتی تەواوی گەل بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی لە کەش و هەوایەکی پڕ لە ئارامی و کامەرانی و پێشکەوتوانەدا بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگاکەی، بەبێ جیاوازی لەنێوان ڕەنگ و ڕەگەز و چینایەتی بە ژن و پیاوانەوە. مێژووی نزیکی زاراوەی دیموکراسییەت دەگەڕێتەوە ساڵانی ٥٠٥ – ٥٠٨پێش میلادی حەزرەتی مەسیح سڵاوی خوای لێبێت لەڕۆژانی دەسەڵاتدارییەتی یۆنانییەکان، کە دەسەڵاتدارەکان بریتی بوون لە"ئاغا و دەوڵەمەند و نوبەڵلاو خاوەن زەوییەکان"کە ناویان لەخۆیان نابوو واتە بەخۆیان دەوت:"گەل"ئەم پیاو ماقوڵانەی ناو کۆمەڵ"واتا گەل"لە مەیدانی ئاغورای شاری ئەسینای یۆنان کۆدەبوونەوەو یاساو بڕیاری جۆراوجۆریان دەردەکرد بەناوی"گەل"دەبوایە کۆمەڵگاش جێبەجێیان بکات، لەم ڕۆژگارە ژن مافی دەنگدان و کاری سیاسی نەبوو، ئازادییەکانی تەنها لەنێوان چوار دیوارەکەی ماڵەوە دابینکرابوو، بە کرێکار و جووتیاریان دەگوت: حەقیر و هیچ و پووچ، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئادەمیزاد گەرم و بەرقەراربوو، واتا سیستەمی"الرق"، بۆیە دەبێ بڵێیت یۆنانی زاراوەی دیموکراسییەتیان بەپێچەوانە لێکداوەتەوەو بەکاریشیان هێناوە بۆ بەرژەوەندی بەشێکی بچووک لە دەسەڵاتدارەکان دژی بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگای یۆنانی، کە بریتی بوون لە ژن و جووتیار و کرێکار و ... کاسبکارەکان.

هەرچەندە زاراوەی دیموکراسییەت زاراوەیەکی یۆنانییەو بریتییە لە وشەی"دیمو+کرات" پێکهاتووە، وشەی"دیمو"بەمانای گەل دێت و وشەی"کرات"یش بەمانای دەسەڵات دێت، واتا دیموکرات بریتییە لە دەسەڵاتی گەل.

ئەم زاراوەیە بەهەردوو بەشەکەیەوە وردە وردە گۆڕان و پێشکەوتنی بەسەرداهات، بەتایبەتی پاش هاتنە خوارەوەی کتێبی تەورات و ئینجیل و قورئان و دروستبوونی دەسەڵاتی پێغەمبەرەکان و دانانی حوکمڕانی و بنەما باشەکانیان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگاو نەهێشتنی ئەو هەموو جیاوازییانەی کە لەناو کۆمەڵ دیاردەی خۆیان هەبوو.

لەپاش شۆڕشی فەرەنساو لەپێش ئەویشەوە یاساکەی حەمورابی و دانانی یاسای"شورا" لە دینی ئیسلام و هەنگاوەکانی خەلیفەی ڕاشیدەین ڕەحمەتی خوایان لێبێت، تا گەیشتە دەسەڵاتی عوسمانییەکان پێشکەوتنێکی یەکجار باش و فراوانمان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام تائێستاش لەهیچ وڵات و حکومەتێک یان لەناو هیچ پارت و لایەنێکی سیاسی لە سەرانسەری جیهانی چەرخی٢١و چەرخی پێشکەوتنی زانیاری و تەکنەلۆجی زاراوەی دیموکراسییەت وەک پێویست پەیڕەو ناکرێت، لەهیچ وڵاتێک گەل خاوەن دەسەڵات نییەو لەهیچ وڵاتێک حوکم و دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی گەل کاریان نەکردووەو پێشبینیش ناکرێت بەم زوانە ئەم کارکردنە ئەنجامبدرێت، واتا ڕەوای حەق نییە بەخۆمان بڵێین دیموکرات، چونکە لەواقیع دیموکرات نین و ناشتوانین ببینە دیموکرات.

گەر سەرنجێک بدەینە دەستوور و یاسا و پەیڕەوو پڕۆگرامی هەموو ئەو حکومەت و پارتە سیاسییانەی کە بەخۆیان دەڵێن دیموکرات لە باشترین حاڵدا بە سیستەمی زۆرینە واتا لە ٥١٪دەنگەکانی ناو ئەنجومەنی نوێنەران"کە نوێنەری گەلن"کارەکانیان بەڕێوەدەبەن، ڕەنگە هەندێجار ئەم زۆرینە کەمتر دەبێت تا دەگاتە ٤٠٪ واتا نە ئەنجومەنی نوێنەران دەنگی هەموو کۆمەڵگایان وەرگرتووە نە ٤٠٪ یا ٥١٪ بریتییە لە دەنگی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، واتا لێرە بۆمان نییە بڵێین ئێمە دیموکراتین و دەنگی هەموو گەل لەگەڵماندایە، ئەگەر زۆر باش بۆخۆمان قسە بکەین بۆمان هەیە بڵێین ئێمە بە دەنگی زۆرینەی ناو کۆمەڵگا کاردەکەین، واتا دەبێ زاراوەی دیموکراسییەت بدەینەوە بە برا یۆنانییەکان، چونکە ئێمە بە کرێکار و جووتیار ناڵێین هیچ و پووچ و ژن مافی سیاسی تەواوی هەیە، لەلای ئێمە فرۆشتن و کڕینی ئادەمیزاد لای ئێمە جێگای نابێتەوەو ئاغاو دەوڵەمەندەکانمان جێگای گەل ناگرنەوە.

بۆیە بەخۆمان ناڵێین دیموکرات، بەڵکو دەچینە ناو هەڵبژاردنی گشتی ئازاد و بێ فرت و فێڵ ئەگەر زۆرینەی دەنگمان هێناو دەرفەتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتمان بۆ ڕەخسا ئەوکات بەخۆمان دەڵێین دەسەڵاتی زۆرینە.

باشترین بەڵگەش بۆ ئەو ڕاستیانەی سەرەوە هەڵبژاردنەکانی عێراق و تورکیاوئەمریکاوبەریتانیاوئەڵمانیاو فەرەنساو کوردستان لە عێراق ژمارەیدانیشتوان"٣٠,٠٠٠,٠٠٠"سی ملیۆن کەسە، ژمارەی دەنگدەران نزیکەی"١٢,٠٠٠,٠٠٠"دوانزە ملیۆن ناخبە کە ٢٧٥ دووسەد و حەفتاو پێنج نوێنەریان هەڵبژاردو ژمارەی بەشداربووان بۆ ئەندامەتی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەزار کەس زیاتر بوو واتا دەنگی ١٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆنەکە دابەشکرا بەسەر ١٠٠٠کەس هیچ پاڵێوراوێک ٥,٠٠٠,٠٠٠ پێنج ملیۆن دەنگی نەهێنا، واتا ئەم نوێنەرە بەهیچ پێوەرێک نوێنەری گەل نییە، بەڵام ڕەنگە ببێتە نوێنەری زۆرینە. هەروەها لە تورکیا ژمارەی دانیشتوانی ٧٢,٠٠٠,٠٠٠ حەفتاو دوو ملیۆن کەسن ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا ٥٥٠ پێنج سەد و پەنجا کەسن ٣٣٣ نوێنەری پارتی دادو گەشەپێدانن، ٢١نوێنەری کوردن، ٢٠١ دووسەد و یەک نوێنەری توندڕەوەکانن، بۆیە پارتی دادو گەشەپێدان حکومەتی دروستکرد، بەڵام ئەم حکومەتە هی هەموو گەل نییە، بەڵکو زۆرینەیە، هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساو....

هەموو ئەو هەڵبژاردنانە لەگەڵ هەندێک ساختەکاری و فشار و هەڕەشەو پارە بەخشینەوەش نەیانتوانی تەواوی دەنگەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەدەستبهێنن، مەگەر هەڵبژاردنەکانی سەدام دیکتاتۆری گەورە لە جیهان بەدەر لە زوڵم و ستەمکاری و چەوسانەوەی گەل کە لە ٩٩٠٩٪ هەموو دەنگەکانی گەلی عێراقی بەدەستهێنا، ڕەنگە بەمجۆرە هەموو دەنگی کۆمەڵگا وەربگرێت بە زوڵم و لێدان و گرتن و کوشتن و ساختەکاری، ئەویش دیسان ناویان ناوە پڕۆسەی دیموکراتییەت.

لە هەڵبژاردنەکەی کوردستانیش سەرکەوتنەکەی لیستی کوردستانی بە زۆرینەی دەنگ بوو، هەروەها ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی عێراقیش لە ٢٠١٠/٣/٧ بەزۆرینەیەکی کەم سەرکەوتنەکان بەدەست دەهێنن.

واتا وەرگرتن و گەیشتن بە دەسەڵات بە پشتیوانی هەموو گەل مومکین نییەو ناشبێت، واتا دەسەڵاتمان قەبووڵە بەزۆرینەی دەنگ، لە وڵات هەروەکو ئێستا بەهەموو پێوەر و پیوان و کێشانێک دەبینین پارتی دادو گەشەپێدان زۆرینەی دەنگی دانیشتوانی تورکیای بەدەستهێناو لەئەنجامی هەڵبژاردنێکی دوور لە ڕەخنەی زەق و دیار، هەربۆیە ئەم پارتە توانی حکومەت پێکبێنێت و بەناو دەسەڵات بگرێتە دەست و سەرۆکی پارتەکەیان ڕەجەب تەیب ئەرۆغان بۆ سەرۆک وەزیران بەپێی بنەماناکانی ئەو دیموکراسییەتەی ئێستا لە تورکیا لەباوەو ئێمە پێی دەڵێین دیموکراسییەتی سەربازی دەبێ هەموو هێزو پارت و لایەنە سیاسی و دینی و سەربازی و مەدەنییەکان پابەند بن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ملکەچ بن بۆ بڕیار و کارەکانی حکومەتی زۆرینەی پەرلەمان، بەڵام بەدرێژایی تەمەنی حوکمڕانی تورکیا لە ١٩٢٣ تائێستا زۆرینەی ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیا بەبێ پشتیگری تایبەتی هێزی چەکداری تورکیا هیچ حیساب و ڕێزگرتنێکی بۆ نەکراوەو بۆشیان ناکرێت، تا سیستەمی سوپا سالاری لە تورکیا کۆتایی نەیەت باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ڕەتکردنەوەی هەوڵەکانی ئەم دواییەی پارتی دادو گەشەکردن بۆ دەربارەی کردنەوەی دیموکراسییەت و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کوردستانی بەزۆر بەستراو بە تورکیا.

زۆربەی ئەندامانی نوێنەرانی تورکیا لەگەڵ ئەم پرۆژەی پارتی دادو گەشەکردن بوون، بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لێکرد، بەڵام هێزی سەربازی لەگەڵ توندڕەوەکان و نەژاد پەرستەکان بە پاڵپشتی سیستەمی سوپا سالاری دژی پرۆژەکەوەستان و دەنگی زۆررینەیان خنکاند و هەڕەشەی کودەتایان کرد لە حکومەتەکەی ئەردۆغان و تا کار گەیشتە ئەوە پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیان قەدەغەکردو سەرۆک و کادیرەکانیان تاوانبارکردو بە بڕیاری پێشەکی حکومیان دان.

واتا برایانی بەڕێز تێکۆشەرانی کوردپەروەر"عەبدوڵڵا ئۆجەلان و موراد قەرەیلان و ئەحمەد تورک"ئەندامان و گەریلا نەبەزەکانی پەکەکەو ڕێگای ئازادیخوازانەی کوردستان دەبێ پێداچوونەوەیەک بکەن لەو کۆسپ و تەگەرانەی کە تائێستا بوونەتە هۆی نەگەیشتنی کاروانەکەتان بە ئامانجەکەی و کە تا ئێستاش لە قۆناغی مەبەست دوور ماونەتەوە.

هەڤاڵانی تێکۆشەر هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی دەبێ وردبین و دووربین بێت، دەبێ دۆستی دوور و نزیکی خۆی بناسێت، هەروەها بەرامبەرەکانیان ئێوە لە وڵاتێکی سوپا سالاری دەژین و خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان، بۆیە زۆر پێویستە هەموو هێزو توانای کۆمەڵگای کوردستانی تورکیا کۆبکەنەوە بە بچووک و گەورەیان، بە نزیک و دووریانەوە لێتان مادام لەم قۆناغەی خەباتتان سوودیان لێ وەردەگرن لەگەڵ هێز و توانای نەتەوە ماف زەوتکراوەکانی تورکیاو هێزە دیموکرات و نیشتیمانپەروەرەکانی و یەکێتی و سەندیکا پیشەییەکانی تورکیا بە ژن و پیاویانەوە بۆ نەهێشتنی سیستەمی سوپا سالاری لە تورکیا، هەروەها دەبێ دروشم و ئامانجەکانتان بخەنە ناو دروشم و ئامانجە سەرەکییەکانی نیشتیمانی دیموکراسی و نەتەوایەتی، چونکە بەبێ دروستکردنی هاوپەیمانی و یەکڕیزی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی تورکیا مەحاڵە بگەن بە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە، کە ئەو سیستەمە مافەکانی گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکەی تورکیا بەدی دێنێت و دەیانپارێزێت، هەموو لایەکتان ئاگادارن کە حکومەتی بەعسی عێراق لەپاش چۆک دادانی بەرامبەر شۆڕشی کوردستانی عێراق لە"١١"ی ئازاری ١٩٧٠ دانی نا بە هەندێ لە مافەکانی کورد، بەڵام پاش ماوەیەک پەشیمان بوونەوەو لەکورد هەڵگەڕانەوە، چونکە سیستەمەکەیان دیموکراسی نەبوو، بەڵکو دیکتاتۆر و تاکڕەوبوو سیستەمی بەعس سالاری بوو، وەک سوپا سالاری ئێستای تورکیاو تا دواجار ڕژێمەکەی بەعس سالاری ڕووخاو کورد گەیشتە بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی لەپێش هەموویانەوە چەسپاندنی فیدرالییەت بۆ کورد و دامەزراندنی حکومەتی ئیقلیمی کوردستان و بەشدارییەکی بەرچاو لە حکومەتی مەرکەزی عێراق و بوونی بەڕێز مام جەلال پێشمەرگەی ئازاد و چالاکی کوردستان بە سەرۆک کۆماری عێراق و...

واتا ئێوەش ڕەنگە لە ڕۆژگارێک بتوانن بە هەر مەبەستێک بێت، ڕێککەوتنێک وەک هی ١١ی ئازاری کوردستانی عێراق لەگەڵ سوپا سالاری تورکیا بەدەستبێنن، بەڵام لە سات و کاتێکی گونجاو بۆ خۆیان سوپا سالارەکەی تورکیا وەک حیزبی بەعس بەشیمان دەبێتەوە، جا برایانی بەڕێز بەخۆداچوونەوەو ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە دیموکرات و نیشتیمانپەروەر و نەتەوەکانی دیکەی تورکیا، تاکە ڕێگای سەرکەوتنە بۆ ڕووخاندنی سیستەمی سوپا سالاری و دیموکراسییەتەکەی هێزی چەکداری تورکیا ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی مافەکانی گەلانی تورکیا و بەتایبەتیش هی گەلی کورد.

# کاریزمای سەرۆکی کابینەی شەش و دەسەڵاتی ئەبرەهەکانی سێبەر



**لوقمان بەرزنجی**

ئەو وڵاتەی کە سیستەمی پەرلەمانی حوکمی دەکات. هیچ کەس بۆی نییە لەیاسا باڵاترو دەسترۆیشتووتر بێت. ئەمڕۆ لە سایەی ئەم نیمچە ئازادییە ئایا کوردستان بۆتە خاوەنی حوکمێکی پەرلەمانی و یاسا تێیدا سەروەر بێت؟ ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بەکام یاسا دەکات.. چۆن کارەکانی بەڕێوەدەبات؟ ئایا هێشتا کار بەیاسای عێراقی دەکات؟یا کار بە یاسای پەیڕەوی ناوخۆی حزب دەکات؟یا کار بەو یاسایانە دەکات کە لە پەرلەمانی کوردستان هەموار (تەشریع) کراون؟ تۆ بڵێی ئەوەی دەیبینین و لەڕابردووش بینیمان هەموو یاساکان دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی و پرنسیپەکانی پەیڕەوو پرۆگرامی حزب گرێدراوبن؟ لەماوەی حکومڕانی هەردوو دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی وحکومەتی هەرێم بەشێکی زۆری یاسا لاستیک ئاسا لە بەرژەوەندی حزب ڕاکێش و هەڵکێش کراون. بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵانی خەڵک. نموونەش زۆرن ئەگەر بمانەوێ باس لێوە بکەین. هەر لە دەست بەسەرداگرتن و مۆنۆپۆلکردنی بازرگانی تادەگاتە بچووکترین میکانیزمی بەڕێوەبردن و دامەزراندنی هاووڵاتیان لەدامودەزگاکانی حکومەت و وەرگرتن لەزانکۆکان بە تەزکیەی حزبی . واتە دەسەڵاتی حزب لەسەرووی دەسەڵاتی یاسا و دەسەڵاتی گەل بووە، لەئاکامی ئەو گوێنەدانە بەیاسا لەنێوحزبیشدا خەڵکانێکی مشەخۆر دروستبوون، کە زۆر باڵادەستتر لەدەسەڵاتی حزب و پەرلەمان و حکومەت ئەو کەسانەش ئێستا بوونەتە ڤایرۆس لەجەستەی حزب و حکومەت و هەڵگری گەنجینەیەکن لە نهێنییەکانی حزب و دەسەڵات، دەسەڵاتیش ناتوانی وا بەئاسانی دەستبەرداریان بێت، ئەمانەش ترس و دڵەڕاوکێیەکیان لە ناوخەڵکیدا پەیداکردووە. بەشێویەک خۆیان پێناسەکردووە، کە ئەوانن میکانیزمی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەت ئەگەر هیمەتی ئەوان نەبێت حکومەت دەمێکە ئیفلیج دەبوو، ئێمە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆمان گوێبیستی هەمواکردنی چەندین یاسای جۆراوجۆری هەمواکراو بووینە، کە پەرلەمانی کوردستان لەم چەند ساڵانەی دامەزراندنیدا هەمواریکردووە، ئەم بڕیارانە بەڕواڵەت بەرگری لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان دەکات. بەڵام بە پراکتیک کەمینەیەکی زۆر کەم لەم یاسایانە لە بەرژەوەندی میللەت جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەتیش ئەو خاڵانەی کە بێ مەسرەفن، واتە پارەی تێدا سەرف ناکرێ. بەشێکی تریش لەو یاسایانە ئەگەر گونجاو نەبووبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی حزب ئەوە دەیان فەقەرەو مادەی حزبیان بۆ زیاد کردووە، شەرعیەتیان داوەتە یاساکە بە بیانووی ئەوەی وەزعی ئێستای حکومەتی هەرێم لە مەترسیدایە و ئەم قۆناغە وا دەخوازێ کە هێندێک لەو یاسایانە بەلاوەبنرێ یا وەک لاستیک لەبەر یەک ڕاکێش بکرێ، چونکە بۆ بەرژەوەندی حزب دواجار یاساکە بە بەرژەوەندی خۆیاندا بەرجەستە بکەن. بەمەش پەڕوباڵی یاسان کردووە دەست و پێ هاووڵاتیان پێبەستۆتەوە. کەواتە هەر حزبێک بەپێی بەرژەوەندی حزبایەتی خۆی کاری بەو یاسایە دەکات. کاتێک هاووڵاتی گلەیی لەو دیاردە بێ سەرو بەرەی جێبەجێکردنی یاسادەکات دەڵێن:(حکومەتەکەمان ساوایە) بەم شێوەیە شەرعیەتیان بەو سەرپێچیکردنەیان دەدا. هاووڵاتیش لەهەمبەر ئەو کارە بێدەسەڵاتی و بێ دەنگی هەڵدەبژارد تا ڕۆژی فەرەج بەڵکو ئەو حکوومەتە ساوایە گەورە بێت و زمان و قاچ بگرێ و ئیتر ئەو ژیانیان بۆ مەیسەر بکات. ئێستاش لەدوای هەژدەساڵی حوکمرانی بەرەی کوردستانی و حکومەتی هەرێم و دەست بەکاربوونی کابینەی شەشەم. وەک ئاگادارین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هیواو ئاواتێکی زۆریان بەو حکومەتە هەیە و دکتۆر بەرهەمیش ڕێزێک و کاریزمایەکی زۆری لە نێوکۆمەڵی کوردەواری هەیە، بێ جیاوازی ئایدۆلۆژی گرەوی زۆریان لە سەرکەوتنی ئەم کابینە هەیە، کە خەڵکانێکی تەکنۆقرات و لیبرالی گرتۆتەخۆ. هەڵبەتە دەبێت ئاماژە بە پشتیوانی کردنی بێ سنووری بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ کابینەی شەش بدەین، کە گوڕێک و هێزێکی تر دەبەخشێتە کاری بوێرانەی حکومەت بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی حکومەت لە لێدانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان، ئەوانەی کاریگەری زۆر خراپیان هەبووە لەسەر ڕەوشی سیاسی و ئابووری کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا . ئێستا لە شەقام و کۆڵانەکان وتە جوانەکەی دکتۆر بەرهەم دووبارە دەکەنەوە، کە لەدیدارێکیدا وتبووی (لەخوا بەزیاد بێت ئێستا حکومەتەکەمان گەورەبووە و خەتی سمێڵی داناوەو دەنگیشی گڕبووە)، کەواتە خەڵک ئێستا وەک چاودێر بەدووربینێکی ورد لە ئاداو کارەکانی ئەم کابینەیە دەڕوانێ و دەڵێت ئێستا هیچ عوزرێک بۆ ساوابوونی حکوومەت نەماوە، کاتی ئەوە هاتووە یاسا وەک خۆی پیادە بکرێ، دەبێت ئەوەش بڵێین ئەو حکومەتە دوا وێستگەو دوا ئاواتی کوردی پێوەبەندە. سەرکەوتنی ئەم حکومەتە سەرکەوتنە بۆ ئیرادەی گەل سەرکەوتنە بۆ دووبارە بوونەوەو نوێبوونەوەی متمانەی خەڵک بە حزبەکانمان، ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکیش چاوی لێیە، ئەو باوەڕە بەهێزو بە ڕاستگۆییە، کە لە کاریزمایی کەسایەتی سەرۆکی کابینەی شەش ڕەنگدەداتەوە،

دەبێت بەڕێزی پابەند بێت بەرامبەر بەو بەڵێنەو وتە جوانەی کە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی داوە لەکاتی هەڵبژاردنەکان بۆ هێنانەدی خواستەکانیان،

کاتی ئەوە هاتووە ڕێگە لە مشەخۆرو ئەبڕەهەکانی سێبەر بگرێت، ئەوانەی ساڵانێکە خەڵکیان هەراسان کردوە و نەهێڵن هیچی ترلەو گۆڕەپانە فیلەکانیان تاوبدەن. چونکە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان لەوە زیاتر هەڵناگرێ، پتەوکردنی بەرەی ناوەخۆی کوردستان بە پێشکەشکردنی چاکترین خزمەتگوزاری و لێدانی گەندەڵان فاکتەرێکی گرنگە بۆ پشتیوانی لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و لەناوبردنی دەسەڵاتی ئەبڕەهەکانی سێبەر.



دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## زبر



**تامان شاکر**

### کارەبا و سیاسەت

کارەبا یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ، لە سەرتاسەری دنیادا بە دەگمەن وڵاتێک دەبینین کەبێ کارەبا بێت، تەنانەت وڵاتە هەژارەکانیش ئەمڕۆ بێبەش نین لە کارەبا، کەچی لە کوردستان چونکە کارەبا بەشێکە لە سیاسەتی دەسەڵات ئەوا خەڵکی کوردستان لێی بێبەشن ئەگەرچی خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی خەڵکی هەموو دنیا، کارەبایان بە شێوەیەکی کەم پچڕ پچڕ هەیە کەچی پارەی دوو کارەبا دەدەن.

لەگەڵ دامەزراندنی کابینەی شەشەم، کارەبا تووشی ئیفلیجی بوو، بە تایبەتی کارەبای حکومەت. بیانووش ئەوەیە گوایە گاز گرانە و هاووڵاتیان دەست بە کارەباوە ناگرن، ئەی باشە هاوینی رابردوو گازگران نەبوو؟ حکومەت کارەبای دەدا بە خەڵک، ئەم گازە بۆ لە ئێستادا گران بوو.یان لەبەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بوو بۆ ئەوەی ستایشی حکومەت بکەین و بچین بۆ دەنگدان، بەڵام حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەبێ بزانن لەم ساڵەدا دوو هەڵبژاردنیان لە پێش ماوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، جا ئەگەر تاکی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی سەردەم بێبەش بێت، دەبێت هەڵوێستی هەبێت و کارتی سوور پیشانی ئەوانە بدات کە خۆیان بە حکومەت دەزانن و لە رووناکی بێبەشمان دەکەن، شەڕ و ململانێ هی ئێوەیە، دەبێت ئێمە باجەکەی بدەین، پارە هی ئێمەیەو بە ژمارەی ئێمەو ناسنامەکانی ئێمە وەریدەگرن و زۆرینەی دەبەن بۆ خۆتان، کەمێکیشی نادەن بە ئێمە ئەوە هەمووی سیاسەتی ئێوەیە.

ئەگینا حکومەت بۆ سیستەمێک دانانێت بۆ ماڵەکان بۆ ئەوەی هەرماڵێک نەتوانێ لە بەشە کارەبای خۆی زیاتر خەرج بکات. ئایا لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو وەزارەتی کارەبا نەیانتوانیووە ئەم کارە بکەن،هاووڵاتیانی کوردستان لە ئێستادا بەدەست پارەی کارەبا دەناڵێنن، من لەم مانگەدا چل و هەشت هەزار دینار پارەی موەلیدەی گەڕەکم داوە وسەدو پێنج هەزار دیناریش پارەی کارەبای حکومی، باشە کارمەندی واهەیە مووچەکەی سەدو پەنجا هەزارە دەبێ پارەی مانگێکی ژیانی لە کوێ دابین بکات، حکومەت لە وڵاتێکی بێ کارەبا، زۆرترین پارە لە هاووڵاتیانی خۆی دەستێنێت، لە وڵاتانی دنیادا حکومەت خاوەنی زۆر شت نییە بەڵکو خەڵکی ئەم وڵاتە خاوەنین و خزمەت بە خەڵکی خۆیان دەکەن، راستە قازانج دەکەن بەڵام بە شێوەیەکی زۆر باش خزمەتگوزارییەکانن پێشکەش دەکەن، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی خۆیان ئاسوودە بکەن، گوێ بەوە نادەن کێ سەرۆکی حکومەتەو کێ سەرۆکی پەرلەمانە، ناشیانەوێ بە برینی کارەبا شکست بە حکومەت بهێنن. خەڵکی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە گیرۆدەبوون، لە شەری ناوخۆش هەر خەڵک باجەکەیدا، هیوادارم خاوەنی کارەبافراوانتر بیربکاتەوە و رۆشنایی ماڵەکانمان نەکاتە قوربانی سیاسەت، چونکە ناپلیۆن پۆناپارت لە کۆتایی دەسەڵاتی خۆیدا تەنها لەوە پەشیمان بوو کە هێزو خۆشەویستی خۆی لە خەڵک وەرنەگرتووە، بۆیە کۆتاییەکەی بەم شێوەیە بووە، خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستان مایەی بەردەوامی و مانەوەی ئەو ئەزموونەو دەسەڵاتی ئێوەیە.

## له تاراوگه‌وه

### خالید جووتیار دوا پیاسە بەناو هەولێردا دەکات

سەرجەم کۆنووسی بەرهەمەکانی دەخاتە نێو ئەو تورەگە بەنەخشەی ساڵانێک بەر لە ئێستا یەکێک لە خێلە ڕەوەندەکانی دەشتی هەولێر وەک دیارییەکی فۆلکلۆری کوردی بۆیان هێنابوو، بە نیازی دوا پیاسە لە ماڵ دێتە دەرو بەرەو ناوشار دەکەوێتەڕێ، دەچێتە باغی گلکەند و بەدەوری کەندولکەدا دەسوڕێتەوەولەبەرامبەرگوڵەکانی خوار پلیکانەکان دەوەستێ و شریتی یادەوەرییەکانی سەردەمانی گەنجێتی دێتەوە یاد، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و هەیهات سەردەمی لاوێتی بەسەر چوو، ئێستاش لەگەڵ نەخۆشیدا لەململانێی بردنەوەی گرەوی مەرگ و ژیاندایە،ئەوێ جێدێڵێ و بەبەردەم بازاڕی ماستفرۆشاندا ڕەتدەبێ بەرەو شێخەڵلا شۆڕدەبێتەوەو لەبەرامبەر گۆڕستانی چراخدا هەڵوەستەیەک دەکات، قووڵ لێیدەڕوانێ و دەڵێ: ئەوەش دێرینترین گۆڕستانی شارەکەمە، بەدەیان پیاو چاک و ناوداری بەخۆوە گرتووە، مەنزلگەی دڵداری شاعیر بوو و دواجار ماڵئاوایی لێکردین، ماڵەکەی پێچایەوەو بەرەو زێدی باب و باپیرانی شارەکەی کۆیە گەڕایەوە. بەناو بازاڕی قەیسەریدا دەڕوات و لەم سەری شەقامی باتا بەرامبەر خواردنگەی یوسف دێتە دەرەوە، هونەرمەند جەلال سەعید دەبینێ بە ڕانکوچۆغەیەی مەرەزو تەزبیحێکی ئاسای لەدەست گرتووە، لەگەڵ چەند هاوەڵێکی وەستاون، ڕۆژانە لێرە دەوەستێ، تۆش بەلایاندا ڕەتدەبیت و سڵاوێکی هەولێریانەیان لێدەکەیت، بە شەقامەکەدا شۆڕدەبیتەوە، لەبەردەم گۆڕەپانی پارێزگادا لە نێوئاپۆڕای خەڵکدا پەردە لەسەرتابلۆیەکی لەپەیکەر دروستکراو هەڵدەدرێتەوە، پەیکەری فەرهاد پیربال و چەند پەیکەرێکی رووناکبیرانی هەولێر دەوریانداوە دەبینی، فەرهاد بوتلێک بەنزینی بەدەستەوەیە و دەڵێ ئەگەر ئاشتی سەقامگیر نەکەن لە کوردستان خۆم دەسووتێنم!، سەرێکی شەقامی موزەفەرییە دەدەیت و سوڵتان موزەفەر لەبەردەم مەزارگەکەی لەگەڵ موریدەکانی خەریکی ئامادەکردنی مەولودنامەن، سوڵتان بانگدەکات جووتیار ئێوارە وەرە گەورەمان بکە و نانمان لەگەڵدا بخۆ، تۆش دێیتە وەڵام ودەڵێی: گەورەتان کردم ئەگەر کاتم بوو بەسەرچاو. بەرەو کتێبخانەکانی لای مەحکەمە دەڕۆیت و سەیرێکیان دەکەیت، لە کتێبخانەی سۆران ئاگادارییەک هەڵواسراوە: کۆبەرهەمی شاعیرو مێژوونووسی کورد عەبدولخالق سەرسام بەم زوانە دەکەوێتە بازاڕەوە، گەنجێک پرسیار دەکات: زەحمەت نەبێ کتێبی ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواری شەهید عەبدولخالق مەعروفتان هەیە؟، خاوەنی مەکتەبە: بەڵێ هەیە، لەوێ دێیتەدەرەوە چەند هەنگاوێک واوەتر کەژاوەی هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەڵان بەکر دەبینی لەنێو دۆستان و خۆشەویستانی بەرەو گەڕەکی خانەقا پیاسەدەکەن، تۆش فاتیحایەکی ماڵئاوایی بۆ دەخوێنیت، هەزاران رەحمەت و سڵاو بۆ دەنگە خۆشەکەی دەنێری، سەرێک لەدەزگای بەدرخان دەدەیت و هەواڵی حەمید بەدرخان دەپرسی لەوێ نییە، بەهاوکارەکانی دەڵێیت باشە ئەوە کێوە چووە، لۆ لەنوسینگەکەی خۆی دانانیشێ؟ برازاکەی دێتە وەڵام: فەرموو مامۆستا دانیشە، هەندەک ئیشی هەبوو هەر ئێستا بەدیار دەکەوێ، ناوەڵڵا دەڕۆم بەڵام ئەها ئەوە سەرجەم پاکنووسی بەرهەمەکانمە بیدە دەست حەمیدی، قەولی دایە لۆم چاپ بکا، پێی برێ خەمی لێ بخوا، بەڵام ئەها تورەگەکەی بدەنە دکتۆر مەولود ئیبراهیمی، دەی بەدوعا، برازاکەی دەڵێ: بەخێرچی مامۆستا سەرچاو.

دەچێتە سەر قەڵات و لای پەیکەرەکەی ئیبن المستوفی دەوەستێت و سەیرێکی شاری دەکەیت و منارە و هەولێر لەنێو تۆزو دووکەڵدا ونبوون، بانگی وێنەگرێک دەکەیت و چەند وێنەیەکی یادەوەری لەگەڵ ئیبن المستوفی و دیمەنی شاری هەولێرو قەڵادەگری، دەچێتە خوارەوەو تاوێک لەبەردەم چاخانەکەی مەچکۆ دەوستی و لەژوورەوە دەڕوانی، چەند هەنگاوێک بۆ ژوورەوە دەچیت و مەچکۆ جمەی دێت،عەزیزی مەلای رەش دەبینی بەدیار یاری تاولەی چەند ریش سپییەک دانیشتووە، تۆش بەدەست بەرزکردنەوە سڵاوی بۆ دەنێری و قوربانی چاوتم مامۆستا سەحەتت باشە؟،کەڕو لاڵەکان لەولاوە بەئیشارەت خەریکی باسکردنی گرفتەکانی خۆیانن، بەئەسپایی دەچیتە پاڵ زامدارو هەواڵی دەپرسی، چایەکت بۆ بانگدەکات بەدەم چاخواردنەوە سڵاو لە دۆست و برادەرانی دەوروبەرت دەکەیت، چەند خوێندکارێکی زانکۆ هاتوونەتە لای زامدار خەریکی ئامادەکردنی ساڵیادی کۆچی دوایی دکتۆر عەبدوڵلا حەدادن، تۆش هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژیان بۆ دەخوازی، روو دەکەیتە زامدارو دەڵێی: زامدار گیان ئەوە وەسڵی وێنەکانمە، سەفەرێکی درێژم لەپێشە، ناتوانم بیهێنمەوە بۆیە داوات لێدەکەم ئەم وێنانە وەر گرەوە، لە ئەرشیفی خۆت بیانپارێزە بەڵام نوسخەیەکی بدە بەدەزگای بەدرخان، بڕیارە سەرجەم بەرهەمەکانم لۆ چاببکەن، ئەوجا ئەمن دەڕۆم بەدووعا، جووتیار تا لە تاریکایی ون بوو زامدار هەر چاوی لێبوو!.



**یوسف مەنتک**

ژمارە (١٣٢) کانوونی دووەمی ٢٠١٠/١/٨ زایینی بەفرانباری ٢٧٠٩ی کوردی

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٤٣ - ١٣٢ - هەینی ٢٠١٠/١/٨ی زایینی

## پرۆفیشناڵ



مەسعودی مەلا هەمزە

### ڕێزلێنان لەزیندووان

نەریتێکی کۆن و گڵاو هەیە کە هەموومان لێی نارازین و نەفرەتی لێ دەکەین، هەمووشمان لەوانەیە بکەوینە ژێر کاریگەری، ئەویش زیندوو کوژی مردوو پەرست، لەوەتەی بیرم دێ هەر کەسێک کە دەمرێ ئەوجا حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار دێتەوە یادیان کە ئەو کابرایە شۆڕشگێڕ یا هونەرمەند یا نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی بلیمەت بووە، بەر لە مردنیشی کەسێک نییە ئاوڕی لێ بداتەوە و کارەکانی بۆ مەیسەر بکا، کەچی کە دەمرێ بەناوی دڵسۆزی و خزمەتکردنییەوە یاد و چلەی بۆ دەکەن و پارەیەکی زۆری بۆ لە شتی باق و بریق سەرف دەکەن، کە دڵنیام ئەگەر ئەو پارەیەی لەو جۆرە یادانە سەرف دەکرێ کە زیندوو بوو بەدیاری پێیان بدابا ئەوا ژیانی دەگۆڕی، وەلێ کە زیندوو بوون بۆیان نەدەکردن و دەبووا ئەو برادەرە دەیان واستە بکا تەنها بۆ ئەوەی بگاتە لای یەکێک لە لێپرسراوان تەنها بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری خۆی پێیان بڵێ، کەچی نەدەگەیشتێ، لە چلەکەشیدا دەڵێن ئەو کەسێکی وا بوو، بەڵام ئەسەف وێرانەگەیشتین یارمەتی بدەین.

لەوە گرنگتر ئەوەیە هەموو جارێک وەکو قەوانێکی سواو لە دەمی بەرپرسانی حکومەت گوێبیست دەبین کە دەڵێن با لەمەودوا مردوو پەرستی زیندوو کوژ نەبین، کەچی هەر کە لە ڕێوڕەسم و چلەکە چوونە دەرەوە ئەو قسەیەیان لەیاد نامێنێ، من بە هەموو جۆرێک ئەو شتە ڕەت دەکەمەوە و ناشمەوێ ئەو نەریتە ناشیرینە بمێنێ، کە کابرایەک تا زیندوو بوو لەداخی ئاوڕلێ نەدانەوە و خزمەت نەکردن کۆچی دوایی کرد، کەچی دواتر چلەی بۆ بکەن، من بەوە دەڵێم بازرگانی کردنی ڕەش بە گیانی مرۆڤە جوان و بە ئەزموونەکان.

ئەوەی لێرەدا گەرەکمە باسی بکەم دوو هەوڵی جوانە، کە مایەی ئەوەن دەتخۆشیان لێ بکرێ، ئەگەرچی هێشتان هیچ یەک لەو هەوڵانە بە ئەنجام نەگەیشتوون، وەلێ لە نزیکەوە ئاگادارم کە بەرنامەڕێژیان بۆ کراوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئەنجام دەگا، ڕێز لە هونەرمەندی گەورەی شاری هەولێر محەمەد ئەحمەد ئەربیللی و دووەمیشیان ڕێزلێنانی هونەری ناوەندی هەولێری ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە بە هاوکاری پارێزگای هەولێر لە هونەرمەند گۆڤار ئەنوەر، کە لەو بڕوایەدام ئەو دوو هەوڵە لە هەوڵە جوانەکان و جوانترینەکانی ساڵی "٢٠١٠"ن، با ئەو هەوڵانە ببنە هەوێن بۆ بەردەوامبوونی ئەو جۆرە کارانە، کێ هەیە نکۆڵی لەوە بکا محەمەد ئەحمەد ئەربیللی شایانی ئەوە نییە ڕێزی لێ بنرێ، گۆڤار ئەنوەریکیش کە یەکەم هونەرمەندی شاری هەولێربێ کە بەسەر فەرشی سووری فێستیڤاڵی پوسانی نێودەوڵەتی سینەمایی کەوتبێ بۆچی شایانی ئەوە نییە ڕێزی لێ بنرێ، نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کە بەدەیان و بگرە سەدان هونەرمەندی کورد هەن شایانی ئەوەن ڕێزیان لێ بنرێ و مەدالیای ئاڵتوونی بکرێتە ملیان، ئەو ڕێزلێنانە هۆکارێکە بۆ داهێنانی زیاتر و بەردەوامبوونی گەورەتر.

# ئەرسەلان دەروێش و پرسەکانی کۆمەڵگای کوردی لە دراماکانیدا



هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش

**ڕەنگە بەخششدارترین هونەرمەندی بواری شانۆو درامای کوردی بێت لەکوردستاندا بەتایبەت لەساڵی ٢٠٠٩دا کە دوو شانۆیی و دوو درامای تەلەفزیۆنی سەبارەت بە پرسەکانی مرۆڤی کورد پێشکەش کردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەک سەرنووسەری گۆڤاری (شانۆ - المسرح) و زنجیرە کتێبی شانۆ و ماڵپەڕی شانۆ کاردەکات، هونەرمەندی ناسراو (ئەرسەلان دەروێش) بۆ (٣٠) ساڵ دەچێت بە توانایەکی هونەریی ئەفرێنەرانە بەردەوام خزمەت بە بزاڤی شانۆی کوردی دەکات، (هونەری بەدرخان) سەبارەت بە زنجیرە درامای (منداڵەکانمان) و بەرهەمەکانی داهاتووی ئەم دیمانە کورتەی لەگەڵدا ئەنجامدا...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** دوای ئەوەی دوو کاری درامای تەلەفزیۆنیتان بۆ ماف و کێشەکانی ئافرەتان پێشکەشکرد، بەرهەمێکی پەروەردەیی بۆ؟**

- چونکە پێویستە، ئاوڕدانەوە لە ڕەوشی ژیانی منداڵی کورد و میکانیزمەکانی پەروەردەکردن و پەیگەیاندنی ئەرکی هونەرمەندانیشە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا ئەو پرسە بەهەند وەرنەگیراوە، بۆیە بەپەسەندم زانی بەرهەمێکی هونەریی بەم ئاراستەیە ئەنجام بدەین، لەگەڵ هاوڕێی ئازیزم هونەرمەند (ئەنوەر قادر ڕەشید) و دەستەی بەڕێوەبەری شانۆی سالار بیرۆکەکەمان گەڵاڵەکرد و پاشان پێشنیازەکەمان خستە بەردەستی وەزیری پەروەردە ئەویش پەسەندی کرد و دوای سێ مانگ بە هەوڵ و ماندوبوونی ستافێکی دڵسۆز لە هونەرمەندانی ئەکتەر و پشتی کامێرا زنجیرەدرامای (منداڵەکانمان) هاتە بەرهەم.

*** لەو بەرهەمەدا دەبینین چەندین کەسایەتی دیار بەکارهاتوون بۆ ڕێنماییەکان، ئامانج لەوەدا چییە؟**

- بێگومان سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین، کە بە پەیامی خۆیان بەشدارییان لەم درامایە کردووە، هەڵبەتە ئەو بەشدارییە بۆ خۆی گرنگی ئەم بابەتانە دەردەخات و هاو بیریی ئەو ڕووناکبیر و هونەرمەند وپسپۆڕانە سەبارەت بەم پرسە بەرجەستە دەکات، لەلایەکی تریشەوە ئەو بەشدارییە سەرنجێکی زیاتری لای بینەران بۆ باری ژیانی منداڵەکانمان ڕادەکێشێت بەهۆی ناوبانگی ئەو بەڕێزانە.

*** جیاواز لە دراماکانی دیکە، ئەوە دوو جارە ئێوە دەستپێشخەری دەکەن لە نمایشکردنی بەرهەمەکانتان لە زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییە ئاسمانی ولۆکاڵەکاندا پێکەوە، ئایا ئامانج لەوەدا بازرگانییە، یان بینینی بەرهەمەکەیە لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە؟**

- هەردوو زنجیرەدرامای (ئارەزوو) و (منداڵەکانمان) بە دیاری دراوەتە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و یەک دینارمان لەکەسیان وەرنەگرتووە، من بۆ پرسەکانی ئینسانی کورد کاردەکەم، پرسەکانی ژیان لەم ساتە وەختەداو لێرە لەم کۆمەڵگایەدا کە سیخناخە بە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، بۆیە ئامانجی سەرەکیم ئاراستەکردنی بازنەی ڕووناکییە سەبارەت بەو کێشانە بۆ بەشداریکردن لە چارەسەرکردنیان. دەنا چ دەرهێنەرێک هەیە زنجیرەیەکی (١٠) ئەڵقەیی بۆ تەلەفزیۆن بە تەنها (٢٧) بیست وحەوت ملیۆن دینار بەرهەمبهێنێت؟! ئەو پارەیە بۆ کورتە فیلمێک دەگونجێت، نەک بۆ زنجیرەیەک کە هەموو ئەرکەکان و ئامێرەکانی لەسەرخۆت بێت، بەڵام وەک گوتم بەلای ئێمەوە گرنگ کارکردنە بۆ ئەو پرسانەی بڕوامان پێی هەیە.

هەر بەم بۆنەیەشەوە من سوپاسی ئەو کەناڵانە دەکەم کە هاوکارمان بوون لە نمایشکردنی ئەم دوو زنجیرەیە بە پێی ئەو سات و کاتەی پێشنیازمان کردبوو.

*** درامای (منداڵەکانمان) چۆن و بە هاوکاری کێ بەرهەم هاتووە؟**

- بەرهەمێکی هاوبەشی نێوان (وەزارەتی پەروەردە) و (تیپی شانۆی سالار) بوو.

*** تیپی شانۆی سالار وەک دەزگایەکی هونەریی کاردەکات، ئێوە سەرەڕای بەردەوام بوونتان لە نمایشکردنی کاری شانۆیی، درامای ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی پێشکەش دەکەن و تەنها گۆڤارێکی شانۆیی کە ئەمڕۆ لە ناوەندی هونەرییەکەدا هەیە لەلایەن ئێوەوە دەردەچێت هەروەها زنجیرە کتێبێکی شانۆییش دەردەکەن و بەخۆڕایی دابەشی دەکەن و ماڵپەڕێکی کوردی عەرەبیتان هەیە سەبارەت بە شانۆ، چۆن فریای ئەم کارانە دەکەون؟**

- ئێمە هەموو وەختی خۆمان بۆ ئەم کارانە تەرخان کردووە، سەرەڕای ئەوەیش ژمارەیەکی دڵسۆز و پسپۆڕ و گەنج لە شانۆکاران ئەندامی تیپەکەمانن سەرەڕای هونەرمەندە ناسراوو بەئەزموونەکان، گەرچی بەداخەوە هیچ جۆرە هاوکاریی و پشتیوانییەکمان لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە لێ ناکرێت، بەڵام هیواداین لەگەڵ ساڵی نوێدا لەمیانەی سیستمی نوێی ئەم وەزارەتەوە بودجەی بەرهەمهێنانی ساڵانەمان بۆ تەرخان بکرێت، چونکە تاکو ئێستا تەنها پشتیوانێکی ڕاستەقینەی تیپەکەمان بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵەو سەنتەرەکانە کە بەخشینێکی مانگانەی بۆ کرێ و خەرجی بارەگاکەمان تەرخانکردووە و هەرئەویش بودجەی گۆڤارەکەمان دابین دەکات کە جێگای پێزانین و سوپاسمانن.

*** بەرهەمی داهاتووت چییە؟**

- لەناوەندی مانگی کانوونی دووەم و لەنۆبەرەی بەرهەمەکانی (شانۆی سالار)دا لە ساڵی ٢٠١٠ ڕۆڵی (ستراگۆن)دەبینم لە شانۆیی (بەدەم چاوەڕوانییەوە) لە دەرهێنانی هونەرمەند (بورهان قەرەداخی)، لەمانگی شوباتدا شانۆیی (پاسەوان)کەلەنووسینی هونەرمەند (دڵشاد مستەفا) و نواندنی هونەرمەندی گەورە (ئەحمەد سالار)ەو دەرهێنانی منە، لە (٩) شاری وڵاتی سوید نمایشی دەکەم، ئەم شانۆییە لەلایەن (شانۆی نبشتمانی سویدییەوە) داوەتکراوە.

لەمانگی ئازاریشدا (٨)هەشت کتێب بۆ ژمارەیەک لە نووسەران و شانۆکارانی کوردستان و عێراق بەچاپ دەگەیەنین لەنێویاندا بەڕێزان (تەڵعەت سامان، کەمال غەمبار، موحییەدین زەنگەنە، دانا ڕەووف، یاسین ئەلنسەیر.. هتد)، بڕیارە لەمانگی نیسانیشدا دەستبەکاربم لە دەرهێنانی زنجیرە درامایەکی کوردی گەورە کە لە (٦٠) ئەڵقە و سێ بەش پێکدێت بیرۆکەی خۆمەو (چیرۆک ودیالۆگ وسیناریۆ)ی لە لایەن برای هونەرمەندم (دڵشاد مستەفا)وە دەنووسرێت و سەبارەت بە (شاری سلێمانی)یە و ژمارەیەکی یەکجار گەورە لە هونەرمەندان وهونەرکارانی کوردستان بەشداری تیادا دەکەن. بێگومان کاری تریشمان ئامادەیە، لەوانە زنجیرەی (عەلەموشکیلە) کە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی کۆمێدییە، نووسینی هونەرمەند (کاوەی ئەحمەد میرزا)یە وهەروەها شانۆیی (بێکەس) لە نووسینی مامۆستا (ئەحمەد سالار)و چەند بەرهەمێکی هونەری تر.

# فێستیڤاڵی داربەڕووی زێڕین بۆ کورتە فیلم لە هەولێر سازدەکرێ




**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

فێستیڤاڵی داربەڕووی زێڕین دووەم فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێرەو بڕیارە لە ماوەی داهاتوودا بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر ئەو فێستیڤاڵە سازبکا، دەربارەی فێستیڤاڵەکە شاخەوان ئیدریس گوتی: فێستیڤاڵی داربەڕووی زێڕین فێستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێرە، ئەو فێستیڤاڵە خولی دووەمیەتی، لە ساڵی ٢٠٠٦یش خولی دووەمی ئەو فێستیڤاڵەمان بەڕێوەبرد، ئیتر دوای ئەوە لەبەر چەند هۆکارێک ڕاوەستا، ئەمساڵیش ئێمە توانیمان ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەربگرین بۆ دووبارە سازدانی فێستیڤاڵەکە، لەبەرئەوەی ئێمە دڵنیاین کەوا فێستیڤاڵ دەرفەتێکی گرنگە بۆ پیشاندانی توانا شاراوەکانی شارەکەمان، هەروەها ئەو دەرهێنەرە گەنجانەی کە لە شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان دادەنیشن، دەرفەتیان گەلێک کەمە بۆ ئەوەی فۆند وەربگرن بۆ سازدانی فیلم و دەرخستنی تواناکانی خۆیان، تۆ ئەگەر فێستیڤاڵێک سازبکەی بۆ کورتە فیلم ئەوە دەرفەت دەڕەخسێنی بۆ ئەوەی ئەو توانایانە بتوانن بە بودجەیەکی کەم کارێک بکەن، لەو کارەدا تواناکانیان ئاشکرا دەبێ، بۆ نموونە لە کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانە ٢٠٠٠ کورتە فیلم بەرەسمی بەرهەم دەهێنرێن جگە لە کورتە فیلمەکانی دیکە کە ژمارەیان زیاترە، ئەم سیاسەتەش لەلایەن وڵاتە دراوسێکان و وڵاتانی دیکە پێڕەو دەکرێ بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێژەی ئەو ٢٠٠٠ فیلمە کە ئەوان فۆندی بۆ دەکەن و بودجەی بۆ سەرف دەکەن ٣-٤ دەرهێنەری بەتوانا بدۆزنەوە و فۆندیان بدەنێ و کاربکەن، بۆ فێستیڤاڵەکەی خۆشمان ئێمە سەرەتا بە ڕاگەیاندنێک دەستمان پێکرد، بۆ ئەوەی برادەران سیناریۆکانی خۆیان پێشکەش بکەن، نزیکەی ٦٠ سیناریۆی کورتە فیلم بوو لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان هاتن بە تایبەتی لە هەولێر، چونکە ئێمە پێمان باش بوو ئەوانەی لە فێستیڤاڵەکە بەشدار دەبن زیاتر دانیشتووی هەولێر بن، لەبەرئەوەی لە سلێمانی و دهۆکیش فێستیڤاڵ هەیە و برادەرانی ئەوێ دەتوانن پەیوەندی بەوانیشەوە بکەن بۆ کارکردن و بەشداربوون لە فێستیڤاڵەکە، لە کۆی ئەو ٦٠ سیناریۆیە ئێمە مافمان هەبوو ١٥ کورتە فیلم بەرهەم بهێنین، لیژنەیەکمان پێکهێنا لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی سینەما، بۆ ئەوەی کەس هەست نەکا تەداخول کراوە لە بڕیارەکانی هەڵبژاردن، فعلەن توانیمان ٣ برادەر دەستنیان بکەین کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: "فەرزین کەریم، مەوجود سامان، دکتۆر فەرهاد پیرباڵ" بۆ ئەوەی ئەوانە سیناریۆکان بخوێننەوە و ناوەکانیشمان لەسەر سیناریۆکان لادا بۆ ئەوەی ئەوانەی کە سیناریۆکان دەخوێننەوە نەزانن ئەو سیناریۆیە هی کێیە، یاخود پەیوەندی بکەن و ئاسانکارییان بۆ بکرێ، یانی شتەکان شاردراوە بوو و نەشمانهێشت ئەو ٣ برادەرە کۆببنەوە لەگەڵ یەکتری، بۆ ئەوەی تاوتوێی شتەکان بکاو هەریەکەو بەجیا ڕای خۆی لەسەر سیناریۆکان دەربڕێ، بۆ ئەوەی کاریگەری جانبی لەسەر شتەکان نەبێ، دوای ئەوەی ئەوان تەواو بوون و بڕیارەکانی ئەوانمان کۆکردەوە گەیشتینە ئەو ڕایەی کە ئەوان کۆکن لەسەر ئەوەی ١٤ فیلم بەرهەم بێ، نەک ١٥، کەواتا بودجەی کورتە فیلمێکمان بەزیاد مایەوە و دەبێ ئەو بودجەیە بگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان نەگەیشتنە بڕیاری ئەوەی ١٥ فیلم بەرهەم بێ، ئێمەش لەخۆمانەوە ناتوانین کەس هەڵبژێرین تا کار بکا، ئێستا ئێمە ١٤ کورتە فیلم بەرهەم دێنین و پەیوەندیمان بە برادەران کردووە بۆ ئەوەی کاربکەن، بەشبەحاڵی خۆم وەکو بەڕێوەبەری سینەما لیژنەیەکم پێکهێناوە هەر لەناو بەڕێوەبەرایەتی سینەما بۆ بەدواداچوونی کارەکان، بۆ ئەوەی من تەدەخول نەکەم و زیاتر لیژنەکە سەرپەرشتی کارەکان بکا، ئەو لیژنەیەش پێکهاتووە لە بەڕێزان: "حەسەن عەلی، وشیار زێڕۆ، موحسین محەمەد، ئەنوەر شێخانی"، ئەوانە بەدواداچوون بۆ کاروبارەکان دەکەن و منیش وەکو سەرپەرشتیارێکی گشتی ئاگام لە کارەکان دەبێ، بۆ ئەوەی نەڵێن لە بەڕێوەبەرایەتی تەدەخولات هەیە، هەروەها هەر بۆ ئەو فێستیڤاڵە ئێمە ٦ فیلمی دیکۆمێنتی بەرهەم دەهێنین، ئەویش هەر لەسەر بودجەی فێستیڤاڵەکەیە.

لە ژمارەی داهاتووی بەدرخان دیدارێکی تایبەت لەگەڵ شاخەوان ئیدریس بخوێننەوە دەربارەی وردەکارییەکانی ئەو فێستیڤاڵە کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر.

## دەرچووانی گەنج و چەند دەقێکی تر

**تایبەت بە هونەری بەدرخان**

کتێبێکە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی داهێنان زنجیرەی ژمارە "٤". بریتییە لە پێنج دەقی شانۆیی یەک پەردەیی کە چواریان لەزمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی کوردی و یەکێک لە نووسینی وەرگێڕ و نووسەر "سلێمان گەلاڵی"یە. لە سەرەتای کتێبەکە لەبری پێشەکی وتارێک دەربارەی گرنگی شانۆیی یەک پەردەیی لە نووسینی د. فەیسەڵ میقدادی بڵاوکراوەتەوە.

ئینجا باس لە ژیانی نووسەرانی دەقەکان کراوە، کە بریتین لە برتۆڵد برێخت و قاسم مەترود و دکتۆر فەیسەڵ میقدادی وێڕای ژیاننامەی وەرگێڕ لە دوابەرگدا بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە سێ دەق لە دەقە شانۆیییەکان مۆنۆدرامین واتا تاکە ئەکتەرن، ئەویش بۆ ئەوەی قوتابیانی هونەری شانۆ سوودی لێ وەربگرن.

شایانی باسە "سلێمان گەلاڵی" کۆمەڵێ شیعر و چیرۆک و وتاری شانۆیی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە و چەندین شانۆیی بۆ شانۆ دەرهێناوە و کاری هونەری بۆ چەندانی تر کردووە. هەروەها لە سەرەتای نەوەدەکان وەک بێژەر و ئامادەکار و دەرهێنەر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاری کردووە.

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٦٤ - ١٣٢، هەینی ٢٠١٠/١/٨ی زایینی

بەئەسپایی



ئاوڕەحمان مەعروف

## دوادیداری جووتیارو قەڵەم

هەمیشە دوای مەرگی ئازیزو نووسەرو پیاوێکی گەورە یان گەورەکراو دنیایەک نووسین و بابەت و وتارو نووسین خۆیان رەپێش دەکەن، یان زەروورەت سەریان پێ قوت دەکاتەوە. ئەمەش رێک لە مەرگی خالید جووتیاری نووسەرو لێکۆڵیارو رۆژنامەنووس و شاعیرو گەورەپیاو خۆی سەپاند. بەڵام خۆزگە وەک ئەوە هەمووجارو هەموومان زۆر دووپاتی دەکەینەوە، بریا بەر لەمەرگی ئەو هەموو رێزوشکۆیەی بە چاوی خۆی بدیبایەو لە حزووری خۆی چەمکێک، چەپکێک رێزیان بۆ دەخستە سەرمێزەکەی و یا بەبەرۆکییەوە هەڵدەواسی، بەراستی جووتیار ئەو کەسایەتییە بوو، دەبوایە بەر لە مەرگی فرمێسکی خۆشی و ئاسوودەیی لە چاوەکانی بزابوونایە، جووتیار بە قەڵەم و بەقسەو بەکردەوەکانی لە کێڵگەی پڕ پیت و پڕهاتی خەون و خولیاو خەمەکانی نەتەوەکەی جووتی دەکردو وەردو شۆی دەبڕی. ناکرێ پیاو لە ئاستی ئەو هەموو خزمەت و کارە مەزن و پانتاییە فراوانەی قەڵەمەکەی ئەو سەرسام نەبێت و سەری شکۆمەندی بۆ دانەخات!!ئەو سێزدە کتێبی لە بواری جیاجیاو بە تایبەتیش لە بواری فۆلکلۆرو حەکایەت و ئەفسانەی کوردی لە دوای خۆی جێهێشت، تەمەنی خۆی بەخشییە نووسین و کتێب و قەڵەمەکەی، تەنگەنەفەسی و دەردە دڵ و شەکرە و هەموو نەخۆشییەکانی دیکەی لە خەمی نووسین و کتێب و گەردەلوولی پەیڤ و وێڵی و سەرگەردانی و بەدواداگەڕانی کلتوورو فۆلکلۆرەوە سەرچاوەی دەگرت. خۆ ئەو کە لە هەشتاکان دووجار رووی کردۆتە شاخ و هەموو خۆشی و لەزەت و نان و نوێنی گەرمی بە سەرما و سۆڵ و نانەڕەق گۆڕییەوە، بەڵام شار سەرفیرازی و ئازادی و دەنگ هەڵبڕینی لێ نەبوو. گوندیش راوەدوونان و کۆت و بەندو ترسی و دڵەڕاوکێ! پیاوێک بوو زۆر نەفس بەرزو، کوڕی رۆژی لێقەومان و خاوەن وادەو بەڵێنی خۆی بوو، کەسێکی کەمدوو بوو، وەلێ بە نووسین و وشە قەرەبووی هەمووی کردبۆوە، بۆ خۆی دەریایەک بوو لە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەشاندنی پەیڤ.

دواجاریش هەر چەند کاتژمێرێک بەر لە مەرگی ناوادەی، بۆ کار و پرۆژەکەی خۆم گوتم کاک خالید جەنابت لە چەند دەزگا و شوێنی راگەیاندندا کارت کردووە، ئەگەر بۆمی بنووسی؟ هەروا لەسەر پارچە کاغەزێکی چکۆلە، هەندێک لەو شوێنانەی بۆ نووسیم و گوتی: ئەوەندە بەسە...

پێم وابێت ئەمەش دوا بەیەکگەیشتنی ئەو بێت لەگەڵ قەڵەم و کاغەز!!

# هاشم سەراج : تێکست بەرهەمی کردەیەکی دەقئاوێزانە و لە جیهانی نووسیندا هیچ دەقێکی پاڵاوتە و بەرکەماڵ بوونی نییە

**هاشم سەراج یەکێکە لە دەنگە جیاواز و دیارەکانی ناوەندی ئەدەبی و رۆشنبیری کوردی و لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە شیعر دەینووسێتەوە، زۆر لەسەرخۆ و بە هێمنی درێژە بە رەوتی نووسین و داهێنانی خۆی دەدات، کەسێکی کەمدوو و پڕ سۆز و خۆشباوەڕ و دڵساف و بێ قسەیە، بەڵام بە قەڵەم و نووسین قەرەبووی ئەوەی کردۆتەوە، خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە شوێنی خۆی قسەی خۆی دەکات، ئەو پێی وایە شیعر عیشقە و ئاگرەکەی رۆح دەپرووکێنێت!! ئیدی سەبارەت بە شیعر و ئەم عیشقە و زناک و دنیا تایبەتییەکەی رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیارمان کردەوە:**

**دیداری: عەبدولڕەحمان مەعروف**

*** زۆربەی کات تۆ شیعرەکانت پێشکەش بە هەندێک لە برادەرانت دەکەیت، بەمەش سەربەخۆیی شیعرەکانت لەدەستدەدەیت، لەئەنجامی ئەم پێشکەشکردنەت کەسایەتی شیعرەکەت کزدەبێت وکەسایەتی پێشکەشکراوەکەش دێتە پێش. لەمەدا پێتوانییە ئەمە بە زیانی دەقەکانت تەواوبن؟**

_ وابزانم لە دیمانەیەکدا بە درێژی لەم بابەتە دواوم،راستە خۆشم هەستم بەم حاڵەتە کردووە، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەم کردەی پێشکەش و پێشکەشکارییە زۆرتر لە کۆشیعری( زینانی رۆح)دا بەرچاودەکەوێت و من رێزم بۆ هەموو ئەو دۆست و برادەرانە هەیە، کە شیعرم پێشکەش کردوون، دەبێ ئەوەش بڵێم رەنگە ئەم حاڵەتە زۆرتر پێوەندی بە چرکە خۆشنوودییەکانی خۆم وسۆز و خۆشباوەڕی و دڵسافی و کۆمەڵێک لەم حاڵەتانەوە هەبێت، واتە تێکست بە هیچ شێوەیەک لە لایەنی فۆرم و فەزاو پێکهاتەی بونیادییەوە پێوەندییەکی ئەوتۆی بە کەسەکانەوە نییە، بۆیە بڕیارم داوە ئەگەر دەرفەتی دووبارە لە چاپدانی "زینانم: بۆ هەڵبکەوێت هەوڵدەدەم دەقە شیعرییەکان لە دەسەڵاتی سەرجەم ناوەکان رزگاربکەم !

*** بەبۆنە و بێ بۆنە پێشەکییەک بۆ شیعرەکانت دەهێنیتەوە، مەبەستمە کە دێرە شیعرێک لە شاعیرە کلاسیکییەکان دەهێنیتەوە، زۆرجار لەبنەڕەتدا ئەم دێرە شیعرە هیچ پەیوەندییەکی بە بونیادی هونەری و زمانی و فیکری شیعرەکەی تۆوە نییە؟ ئەمەش زیان بە شیعرەکانت دەگەیەنێ، بەڕێزتان چی دەڵێن؟**

_ ئەمەیان نا. بەپێچەوانەوە، ئەوەی بە وردی دەقەکان بخوێنێتەوە هەست بەو پێوەندییە ئێستەتیکی و دەلالییەی نێوان دەق و بەیتەکان دەکات، من هەرگیز بەیتێکی نالی، مەلای جزیری، مەولەوی، مەحوییم ...هتد بەبێ حاڵەتی شیعری و هەڵچوونی دەروونی وەرنەگرتووە، بەڵکو زیاتر لەکاتی پرۆسەی نووسیندا چوون دەقێکی کۆچەر ئاوێتەی جیهانی دەقەکان کراون، دوورنییە خوێنەر دەلالە و ئاماژەی بەیتێک وەک دەروازە و کلیلێکی ئێستەتیکی بەکاربێنێت و بتوانێت دەرگەکانی ماناو دەلالەتەکانی پێبکاتەوە یا پێکهاتەی جەستەو ساختمانی دەق لە چرکەیەکی ئاوێتەی هەستەکیدا هەڵبوەشێنێتەوە و لەگەڵ ماناو دەلالەتە نەگوتراوەکان خەریکی یاری هێرمینۆتیکی بێت، هەڵبەتە تێکست خۆی لەخۆیدا بەرهەمی کردەیەکی دەقئاوێزانە و لە جیهانی نووسیندا هیچ دەقێکی پەتی و پاڵاوتە و بەرکەماڵ بوونی نییە و خوێنەری چالاکیش هەمیشە هەوڵدەدات لە رێگەی درز و کەلێن و بۆشاییاکانەوە تێکست بەرەو پرۆسەی خوێندنەوە و پەیڤین بەرێت، کەواتە دوورنییە بەکاربردنی بەیتەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بکەوێتە خانەی شینی پێوەندییەکی هەستەکی و ئێستەتیکی و دەقئاوێزانی، یا رەنگە بەیتە شیعرییەکان لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتی بونیادی دەق و دنیای ئاڵۆزو جوانی فەزاو گوزارە ناڕاستەوخۆکان سوودیان لێوەرگیرابێت !

*** ئەگەر بە دڵێکی فراوانەوە لێمی وەربگریت "زناک" پرۆژەیەکی نیمچە فاشیلە، بەوەی کە هیچ بەرهەمی هونەری لەخۆت زیاتر نەنووسرا. نەیتوانی دەوروبەر لەخۆی کۆبکاتەوە، لەکاتێکدا بۆ نموونە گروپی "روانگە" یان :کفری" یان "پێشڕەو" خەڵکانێک لەدەوریان کۆبۆوە، بۆ زناک نەیتوانی ئەمە بکات؟**

_ سەرەتا حەزدەکەم ئەوە روونبکەمەوە، کە "زناک" لە سەرەتا و دەسپێکەوە خودی خۆی وەک، بزاف و رێباز و قوتابخانە و شەپۆل و میتۆدێک دەرنەخستووە تا سەرکەوتن بەدەستبێنێت یا ناسەرکەوتووبێت، پاشان هەوڵ نەدراوە یا ئامانجی "زناک" ئەوە نەبووە بەجەماوەری بکرێت و خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، چونکە "زناک" مانەندی تەقسێکی زمانی و کەرنەڤاڵێکی شین دەرکەوت و دەزووی نەبینراوی سیستمی مووررووە پیرۆزەییەکانی شیعری هەڵوەشاندەوە و رووی کردە نووسینی پرشنگی جوانییە دەگمەن و ناوازە و سەرسووڕهێنەکان، ئەو جوانییەی بڵێسە ئاڵەکەی ئاگرئاسا رۆحی شیعر دەپرووکێنێت و بوونی زمان دووچاری هەست و هەڵچوونێکی ئەفیوونی دەکات، بەم کردە شیعرییەش توانی هەندێ لەمپەر و ئاستەنگی بچووک بچووکی دنیای دۆگمای زەین و بیرکردنەوەی ترادیسیۆنی تێکبشکێنێت، من لە هەشتاکان لەگەڵ "حەمەعەلی خان" بەیەکەوە و بە هاوبەشی نۆڤلێتی (تاریکی خۆر)مان نووسی و لە دوای راپەڕینیش لەگەڵ دکتۆر فەرهاد پیربال و ئەحمەدی مەلا و عەباس عەبدوڵڵا یوسف لە "باخچەی یانەی مامۆستایان" کۆنووسێکی شیعریمان بە هاوبەشی نووسی، بەڵام "زناک" وەک پرۆژەیەکی ئێستەتیکی تەنیا خۆی لە بواری شیعری دەستەجەمعیدا نەدۆزیوەتەوە یا بە تەنیا جەختی لەسەر ئەدەبی کۆنووسی نەکردووە، راستە دەقی کۆنووسی بەشێکی کاریگەر و گرنگی پێکهاتەی پرۆژەکەیە، بەڵام کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆری ئەدەبی و مەعریفی و ئەلسونیشی لە خۆگرتووە، بەڵگەشم بۆ ئەمە سێ نامیلکەکەی "زناک"ـە، ئەوەی بە وردی ئەم نامیلکانە بخوێنێتەوە هەست بەم فرەچەشنی و فرەبابەتییە دەکات، چونکە ئێمە وەک کۆمەڵێک برادەری ئەدەبدۆست لە قۆناخ و دەورانێکدا رێکەوت و شیعر و ئێستەتیک و هەستێکی ئۆنتۆلۆژی کۆی کردینەوە و توانیمان لە هۆڵی یانەی تاوس پرۆژەیەکی هەمەجۆری ئێستەتیکی و دەلالی و مەعریفی رابگەیەنین و دواتر بەشێوەی چەند نامیلکەیەک بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران، ئەم سرووتە ئەدەبییەش لەسەرماوسۆڵی وەرزی زستانی ساڵی ١٩٩٦ و لە ئێوارە وەختانێک پێشکەشکرا باران نم نم دەباری و شیعر چوون ئاگرێکی شین دڵ و دەروونی داگرتبووین و رۆحیش بە شەرابی جوانی مەست و مەخموور بوو، دوای خستنەرووی کۆمەڵێک خاڵ و بەند و برگە و بیروبۆچوونی جۆراوجۆری شیعری و مەعریفی و ئێستەتیکی، لە کۆتاییدا دەقێکی دەستەجەمعی خوێنرایەوە. کەواتە "زناک" وەک نیشانەیەکی شینی زمانی لەڕێگەی هەستێکی ئۆنتۆلۆژی شیعری و خوێندنەوەی سەرچاوەگەلێکی جۆراوجۆرو مشتومڕی هەمە چەشنەی ئەدەبییەوە سەری هەڵدا و دواتر توانرا لە مەیخانە جیاجیاکانی شارەکانی کوردستاندا بە مەستی و بێئاگایی و بێموبالاتی دەقگەلێکی "زناک"ی بنووسرێت و ئێستەیش "زناک" مانەندی ( تاو) لەخۆوەو لەڕێگەی ریتم و هەناسە و هەستی جوانییەوە تێکەڵ بە رۆحی تێکستەکان دەبێت و پانتاییە شینەکانی جوانناسی دەخاتە جووڵە و بزاف، بۆیە دەتوانم بڵێم "زناک" ئێستا توحفەیەکی شینی ئێکسیرییە و چوون لەتە فۆنیمێکی پەرش و بڵاوی سپی لە بونیادە جۆراوجۆرەکانی دەقدا بەشاراوەیی دەردەکەوێت و هەرکاتێک خوێنەر پەی پێببات شەپۆلێک لە چێژ و هەست و شادی دڵ و دەروونی دادەگرێت وچەمکی مانا و دەلالەتە نەگوتراوەکانیش کانگای زەینی رووەو خەیاڵ و راڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر رادەماڵێت، ئاخر رەوشی خۆشیئامێزی "زناک" چوون کەش و هەوای جێژنێکی ئەدەبی، لەپڕهات و بەتەقسگەلێکی باخووسی سیستمی زمانی دەقە شیعرییەکانی بە نەشوەگەلێکی جوانیی بارگاوی کرد و بەچرپەوە پێی گوتین پێویستە لە فەزای شیعردا بەدوای دەگمەنترین و سەرسوڕمێنترین پرشنگی جوانی و واتای ئاڵۆزی بووندا بگەڕێین، لەبەرئەوەی چێژی شیعر چوون شانۆ توندوتیژەکانی ( ئەنتۆنین ئارتۆ) لە چرکە خۆشەکانی رۆژی جەژن دەکا و چرکەی جەژنیش هەرگیز دووبارەنابێتەوە !



هاشم سەراج - ٢٠٠٩

**پرۆفایل:**

هاشم ئەحمەد محەمەد ( هاشم سەراج)
لەدایکبووی: ١٩٥٤/هەولێر.
دەستپێک: ١٩٧٦.
خوێندن: بکالۆریۆس ئابووری زانکۆی بەغداد.

**چاپکراوەکانی:**

_ "دوکەڵ" چامەیەکی شێواوە، چاپخانەی "الحوادث"، بەغداد ١٩٨٣. ٦٨ لاپەڕە.
_ گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
_ پرۆژەی برادەرانی زناک.
_ زایزۆنی دووەمی زناک.
_ زایزۆنی سێیەمی زناک.
_ لالە بە دەستان.
_ جوایەز، شیعر، بە هاوبەشی شاعیرانی دیکەی هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٩.
_ سروودەکانی عەشق، شیعر، بڵاوکراوەکانی دەزگای بەدرخان، چاپخانەی تیشک، سلێمانی ٢٠٠٣.
_ زینانی رۆح،کۆ شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس/ زنجیرەی رۆشنبیری/کتێبی شین، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.
_ تاریکی خۆر، هاوبەش لەگەڵحەمەعەلی خان نۆڤلێت.
_ شالیس، شیعر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/گۆڤاری ئایندە، سلێمانی ٢٠٠٧.
_ عەتر و حەشیش و زەهرا، وەزارەتی رۆشنبیری_ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٨، ١٥٨ لاپەڕە.
_ کتێبی زناک، بڵاوکراوەکانی سەنتەری رۆشنبیری رێژیار، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

*** زمان وەک پێناسە ئاساییەکەی: هۆکارو پردی لێک تێگەیشتن و گەیاندنی مانایە، بەڵام بۆچوونێکی دیکە دەڵێت: زمان خۆی کاراکتەرێکی سەربەخۆو زیندووە، ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

_ شیعر بەر لە هەموو شتێک زمانە، واتە زمان لە کردەی شیعردا ئامانجە نەوەک کەرستە و ئامراز، وەک هایدگەر دەڵێت زمان ماڵی یا داڵدەی بوونە، پرۆسەی نووسینیش بەهۆی کەینوونەی زمانەوە بەدوای واتای بووندا دەگەڕێت، بەڵام زمان لەبنەڕەتدا دەسەڵاتە و مانەندی بوونی مرۆڤیش لە دایک دەبێت و دەمرێت، زمان لە رێگەی مۆرفیم و فۆنیم و وشەوە سکوزا دەکات و هەرلە رێگەی ئەوانیشەوە بەشە مردووەکانی لە کاردەخرێن و بەشی زیندوووی تر شوێنی ئەوان دەگرێتەوە. تۆ بڕوانە لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی زانیارییەکان چەندین وشەی نوێ خزانە نێو زمانی کوردییەوە ئەم رووداوەش کۆتایی بە پرۆژەی پاسەوانانی فێندەمێنتالستی زمانی هێنا، بەتایبەتی ئەوانەی بڕوایان بە گۆڕان وگۆڕانکاری نییە و هەمیشە لە نێو ناوکۆییە زمانییە کۆنەکاندا گیانەڵادەدەن و لەگەڵ نوستالیژیای رابردوودا دەژین و دژی هەموو شتێکی جوان و مۆدێرنن، پاشان راستە زمان پرد و هۆکاری تێگەیشتن و گەیاندنی مانایە، بەڵام ئەم بابەتە پێوەندی بە توخمەکانی ئایرۆنیەت و فارماکۆنیەتی زمانەوە هەیە، ئەمە لە لایەک هەروەها دانەر چۆن دەتوانێت لە کەینوونەی گشتی زماندا ئاخاوتنێکی تایبەت بەخۆی بخولقێنێت، لێرەدا مەبەستم لە بۆچوونە دوالیزمییەکەی (سوسێر)ە، کە زمان و ئاخاوتن لێک جیادەکاتەوە، هەروەها چەمکی تێگەیشتن و تێنەگەیشتن لە بواری مانا و دەلالەت و فەزای دەقەوە دەمانباتە لای تیۆرە رەخنەییەکانی هەریەک لە هایدگەر و دیلتای و شلیرماخر و گادامێر و. ئەم بابەتە پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، پێویستە لە گەمە و دیالۆگ و بەشداریکرنی خوێنەر بدوێین، کەچۆن وەک یاریکەرێکی خاوەن زەینی شیعری بە دوای مانا و تێگەیشتن و تەفسیردا دەگەڕێت !

**بەشی یەکەم**



هاشم سەراج لەگەڵ باوکی

# هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە ژیانی چیرۆکنووسی شەهید (محەرەم محەمەد ئەمین)

**(محەرەم محەمەد ئەمین) یەکێکە لەو چیرۆکنووسە بەتوانا و بەهرەمەندانەی کورد، کە خاوەن رۆشنبیرییەکی فراوان و بەربڵاو بوو. سیاسییەکی راستگۆ و نووسەرێکی بەهرەمەند بوو. هەروەک چۆن لە سیاسەتدا رۆڵی بەرزی ئەو فەرامۆش کراوە، لە بواری چیرۆکنووسینیش بە هەمان شێوە رۆڵی گرنگی ئەو بایەخی پێنەدراوە. ئەمەش لەبەر ئەوە نییە، کە ئەو شایەنی بایەخ پێدان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو لەبارودۆخێکی ناهەموار بەدەستی دوژمنانی کورد گیراو شەهید کرا و وەک زۆر کەسی تر ئەویش لەبیرکرا. جا بۆ یادکردنەوە و وەفاداری بەرامبەر ئەم مرۆڤە بەهەڵوێستە مەزنە بریارماندا دیدار لەگەڵ (هێرش) ی کوڕە گەورەی چیرۆکنووس ساز بدەین و لاپەڕە شاراوەکانی ئەم کەڵە نووسەرە شاکارنووسە هەڵبدەینەوە.**

**دیداری د.ئازاد حەمە شەریف**

*** دەکرێت کەمێک لە بارەی ژیانی تایبەتی و خێزانی مامۆستا "محەرەم"مان بۆ باس بکەیت؟**

-لەگەڵ سوپاس و ستایشی بێ پایانم بۆ ئەرک و ماندووبوونتان لەسەر ژیاندنەوەی کلتووری دەوڵەمەندی ئەدەبیمان،بەفەرموون بۆ وەڵامی پرسیارەکانتان.

باوکم لە ساڵی ١٩٢١ لە خێزانێکی رۆشنبیری سلێمانی لە دایک بووە، لە گەرەکی "دەرگەزێن" باوکی کە بە "حەمەی ئەمینەفەندی" بە ناوبانگ بوو کارمەندی حکومەتی بووە بەپلەی بەرێوبەر ناحییەو دواتر قائیمقام لە زاخۆ و شەقڵاوە و رەواندز کاری کردووە.

خاوەنی دوو برا و سێ خوشک بووە، کە ئێستا کەسیان لە ژیاندا نەماون.

قوتابی کولێژی حقوق بوو لە بەغداد، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی نەیتوانیوە تەواوی بکات و هەر ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی ئەوەی درەنگ خێزان پێک بێنێ، لە ساڵی ١٩٥٩ دا ژنی هێناوەو سێ کورو دوو کچی هەیە کە بەندە گەورەکەیانە.

لە ژیانیدا چەندین پۆستی حکومی بەسەربردووە، کە لە بەرێوبەری کتێبخانەی سلێمانی بۆتە کارمەندی مەلاریا و پۆستە جیاوازەکان لە شارەوانی سلێمانی و دواتریش بووە بە سەرۆکی شارەوانی. ژیانێکی پر مەینەتی و دەربەدەری بەسەربردووەو میوانێکی بەردەوامی بەندیخانەکانی عێراق بووە. لە "نوگرەسەلمان" و "فەزیلیە"و "بەعقوبە"و کەرکووک و سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٨٠ دوای ئەوەی رژێمی ئەوکاتە مەرجی خۆکاندیدکردنی بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانی ئەوکاتەو دواتر ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەسەر داسەپاندووە، ئەمیش رەفزی بەردەوامی دەکرد، لە ئێوارەی ١٩٨٠/٧/٢٣ ئەمنی سلێمانی دای بەسەر ماڵەکەیداو خۆی و هەموو کتێب و بیرەوەری و دەستنووسەکانی راپێچی زیندان کردو دوای رۆژێک لێدان بەرگەی ئازاری نەگرت و لە ژێر لێداندا شەهید بوو. گۆڕەکەی لە گردی "سەیوان"ی سلێمانییە.

*** کێ برادەرە هەرەنزیکەکانی بوون؟**

- لە برادەرە هەرە نزیکەکانی ئەوەندەی لە بیری من بن، خوالێخۆشبوو حەسە رەشی خەیات، قالە برسی، هیوا سائب، مستەفا ساڵح کەریم، جیهان عومەر، ئەحمەد هەردی، ساڵح دیلان، رەئوف مەعروف "مەکتەبەی گەلاوێژ". دوو کەس هەبوون کە زۆر خۆی بەقەرزاریان دەزانی وەک وەفایەک لە ژیانی سیاسیدا کە بەرێزان حەلاوە رەشی تەتەرو شەمسەخانی تەتەر بوون.

*** ئایا مامۆستا پیاوێکی جدی یان سوعبەتچی بوو؟**

- پیاوێکی هێمن و لەسەر خۆ بوو، هەرگیز توورە بوونی نەدەزانی. دڵپاک و بەوەفا بوو، حەزی لە قسەی خۆش و دانیشتنی قسەخۆشان بوو، چەند بڵێی ئەوەندە گەشبین بوو، لە ئەزمە هەرە گەورەکاندا زەردەخەنە لەسەر لێوی لانەدەچوو.

*** کێ لە نووسەرانی جیهانی و کوردی دەخوێندەوە؟**

- ئەوەندەی من ئاگاداربم دیستویفسکی، ماکسیم گۆرگی، گۆگۆل، بەقووڵی دراسەی پەرتووکەکانی مارکس و لینینی دەکردن. یەکەم نووسەری کورد بوو، کە مەبدەئە بنەرەتییەکانی فەلسەفەی پۆلیتزەر بۆ خوێنەرو لاوانی ئەوکاتەی کورد وەرگێڕا، لە قوتابیانی قوتابخانەی مەتریالیزم بوو.

*** بۆچی لە دوای پەنجا ساڵی بەرهەمی چیرۆکی روویکردە کەمی؟**

- لە دوای تەمەنی پەنجا ساڵ تەمەن بوو بە سکرتێری گۆڤاری "بەیان" و زیاتر بەرهەمەکانی لەبەیاندا بڵاو دەکردەوە، لە هەوڵی کۆکردنەوەیان دا بوو، بەڵام باری ئابووری خۆی بواری نەدا چاپیان بکات.

*** بەکام شۆڕشی دنیاوەو بەکام سەرکردەی دنیاوە دڵبەند بوو؟**

- شۆڕشەکانی پرۆلیتاریا بە گشتی و سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە هەمیشە تەوەری بیرکردنەوەو لێکدانەوەو نووسینەکانی بوون.

*** هەندێک لە وتە و قسە بەنرخ و گرنگەکانی چی بوون؟**

- بە بەردەوامی بەرزی و پیرۆزیی وشەی "وەفا"ی لەسەر دەم بوو و ئەم سیفەتەی بەکلیلی رێکخستن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا دەزانی. وەفا بەرامبەر بە خێزان، هاورێ، گەرەک، شار، کۆمەڵگا، نەتەوە، فیکر، پۆست و بەرپرسیارێتی.

لەسەر ئەم بابەتە لە دوا قۆناغی ژیانیدا توێژینەوەیەکی وردو قوڵی نووسی و کە باسی لە سەرکەوتن و نسکۆی وڵات و شارو خێزان و..هتد دەکرد و هۆکارەکەی دەگەڕاندەوە بۆ نەبوونی "وەفا".

باوکێکی زۆر ماندوونەناس بوو، هەمیشە هەوڵی پەروەردەکردنی مێشک و بیری نەوەکانی دەدا، هیلاک نەدەبوو کە بۆ چەند سەعاتێک لە دوای رۆژێکی دوورو درێژی کارکردن لەسەر یەک بابەت بۆمان بدوێ.

*** هەڵوێستی بەرامبەر ژن چۆن بوو؟**

- لە کۆتایی شەستەکاندا لەسەر وتارێک لە بارەی ژن و عەبا کە تیایدا داوای کردبوو کە ژنان پێویستە عەبا فرێ بدەن و نموونەی ژیانی لادێی هێنابۆوە کە کاتێک لە کێڵگەکاندا شان بە شانی پیاوان کاردەکەن عەبایان بەسەرەوە نییە. ئەمەبوو بەهۆی ئەوەی لە "مزگەوتی گەورەی سلێمانی" ناوی لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا هەڵبواسرێت بۆ کوشتن.

باوەری بە هەموو فیکرێکی ئازادیخوازانە هەبوو وەک لە هەموو چیرۆکەکانیدا ژن وەک کاراکتەرێکی گرنگ و بەهێز دەرکەوتوون. ئەم بیروباوەرەی لەناو ماڵ و خێزان و خزمان و دراوسێدا رەنگی دابووەوە.

*** کام لە چیرۆکەکانی لە لا لەهەمووان گرنگتر بوو؟**

- وەک من بیرم بێ زۆر پەیوەست بوو بە چیرۆکی "شای قەرەجەکان" و چیرۆکی "مام هۆمەر"، کە تیایدا لە یەکەمدا کەسێکی نەتەوەیی دەوروژاندو لەوی تریاندا چینایەتی.



هێرش محەرەم محەمەد ئەمین



---

## نۆڤلێت (٢٤)



## خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**

زۆرمان نەمابوو بگەینە بناری شاخە مەزنەکە، شەپۆلی بایەکی سارد رووبەڕوومان هات، بایەکە ئەوەندە بەهێز و خێرا بوو، ئەسپەکان لە ئاستیدا وەستان و نەیانتوانی هەنگاوێکی دیکە بچنە پێش، من ئەگەر خۆم توند بە پشتی ئەسپەکەوە نەگرتبا، رەنگبوو هەڵیتەکاندبام . (جەعفەر سودانی)، کە نەمدەزانی بۆ ئەو ناوەی لەخۆ نابوو، بە ئیشارەت پێیوتم هەتا زووە باشتر وایە بگەڕێینەوە، لەپڕ تەزووی ترسێک بە گیانم هەڵگەڕا، هەستمکرد زەوی قاچەکانی ئەسپەکەم بەخۆوە راناگرێ، هەر لەوە دەچوو دوای کەمێکی دیکە، غلۆر ببمەوە، (با)یەکە تا دەهات خێراتر دەبوو، ترس و نیگەرانیش تا دەهات زێترو زێتر دەبوو، ئەسپەکەی من لە جیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ، هێدی هێدی بەلادا دەهات، من ئاگام لە جەعفەر نەما کە ئەسپەکەی بە کام ئاڕاستەدا رۆیشتبوو، چونکە نەمدەتوانی بۆ لەحزەیەکیش سەرم بەرز بکەمەوە، دەمزانی ئەگەر وەکو چەسپ خۆم بە ئەسپەکەوە نەنووسێنم، دەکەومە بەر غەزەب و تورەیی (با)یەکە، من هەر بە زەین هەستمدەکرد، ئەسپەکەم پشتاوپشت دەڕواو ناوە ناوەش دەوەستێ و توند پێیەکانی لە زەوی گیر دەکا، لەوەش دەترسام ئەسپەکەم هەڵخلیسکێ و بکەوێتە نێو کەندەڵانێک و هەموو شتێک ببڕێتەوە، کەچی هەرچەند ئەسپەکە بۆ دواوە دەکشایەوە، فشارو قورسایی (با)یەکە کەمتر دەبۆوە، تا وایلێهات توانیم لەسەرخۆ سەرم کێل بکەمەوە، کە چاوم هەڵبڕی سەرەتا هیچ شتێکم نەبینی، پڕ بەدەنگ هاوارم کرد "جەعفەر لە کوێی ؟" دونیا کشوماتەکەی ئەو شەوە هاوارەکەمی هەڵلوشی، جارێکی دیکە دەنگم هەڵبڕییەوە، هیچ وەڵامێک نەبوو، ئەسپەکەم بۆ سەرەوە تاو دا، هەرچەند ئەسپەکە هەوراز دەچوو، من تەنگەتاوتر دەبووم بۆ دۆزینەوەی جەعفەر، جەعفەر لە هیچ کون و قوژبنێکی بناری ئەو شاخە مەزنە نە دەنگی هەبوو نە رەنگ، ناچاربووم لولەی کلاشینکۆفەکەم لە ئاسمان بکەم و چەند گوللەیەک بتەقێنم، ساتێکی کەمی برد جەعفەر بە تەقاندنی دوو گوللە وەڵامی دامەوە، ئیدی بە ئاڕاستەی ئاگری گوللەکان رۆیشتم، جەعفەر لە پەنای بەردێک وەستابوو، کە لێی نزیک کەوتمەوە، بە پێکەنینەوە رووبەڕووم هات وەک ئەوەی هیچ شتێک رووی نەدابێ، خێرا خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەو هاتە تەنیشتم، بە دەمی پڕ لە دووکەڵی جگەرەوە پێمیوت :

-- ئەو بایە هەر لە شەپۆلی توورەی دەریاکان دەچوو .

منیش لەسەرخۆ وتم :

-- ئەگەر نەگەڕێتەوە باشە .

من و جەعفەر بێئەوەی هیچ قسەیەکی دیکە بکەین چارەنووسمان دایە دەست ئەسپەکان، ملپێچەکەی (تارا)م کەمێک هەڵکێشایە سەرەوەو دەمولوتی خۆمم بە تەواوی پێداپۆشی، بۆنێکی خۆش هەڵکشایە نێو سنگمەوە، بۆنی جەستەی تارا کە لە ملپێچەکەوە دەهات، هەموو گیانمی تەنی، هەستمدەکرد تارا بەسەر ئەسپەکەوە لە ئامێزم دایە، روومەتی گەرمی لە روومەتی سارد و سڕم دەخشێنێ، هەڵمی هەناسەکانی تێکەڵ بە هەڵمی هەناسەکانم دەبێ، لە سایەی کزە رووناکی ئەو مانگە شەوەو لە نێو بەستەڵەکی ئەو شاخە بە هەیبەت و پڕ نهێنییەدا چاوە بزێو و قەترانییەکان نیگا پڕ سیحرو لێوانلێو لە ئەوین و سۆزم دەبینی، تارا بە پەنجە ناسک و گڕگرتووەکانی گەرمایی دەخزاندە نێو پەنجە ساردوسڕەکانم، لەوێشەوە دڵ و دەروونمی دەکردە ئاگردانی عیشق، من لەو دەمە نەمدەزانی بەسەر پشتی کێوە رێدەکەم و بۆ کوێ دەچم، من ئەو دەم لە گەڵ کەسێکدا هاوسەفەرو هاودڵ بووم، کە هێزی بە فڕینەکانی رۆحم دەداو دەیبردمە کەشکەڵانی فەلەک،من وامدەزانی بەسەر بەرماڵی عەلائەدینەوە کێوە زل و زەبەلاحەکان دەبڕم و پاش کەمێکی دیکە دەبمە میوانی ئەستێرەکان، ئەو ملپێچە بۆ من وەک ملوانکەیەکی ئاگرین، زستانی ئەو کێوە ساردەی وەلا دەناو گەرمایی هاوینی دەخستە گیانمەوە، سەفەری مەرگ و هاتونەهاتی نێو تۆفان و زەمینە شەختاوییەکانی بۆ دەکردمە گەشتی نێو گوڵ و باخە رەیحانییەکان، ملپێچەکەی تارا رۆحی پڕ نیگەرانی و شەکەتمی هێور دەکردەوە، من لەو سەفەرە سەرەڕۆییەدا تەنیا لەگەڵ کەسێکدا دەئاخفیم، تەنیا لەگەڵ رۆحێکدا سەردەکەوتم، تەنیا منیش ئەو کەسەم دەبینی . کەچی دەنگێکی لەناکاو، کە هەر لە تەکاندنی زەوی دەچوو تارای لێجیاکردمەوە، تارا خۆی هەر کە گوێی لە دەنگی جەعفەر بوو، لەبەر چاوم توایەوەو ونبوو،جەعفەر وەک لە خەوێکی خۆش بە ئاگام بێنێتەوە، هاواری کرد :

-- هاوڕێ سەران، ئەمە کانییەکەیە، دەبێ کوڕە بەجێماوەکە لەم نزیکانە بێ .

لەگەڵ دەنگی جەعفەر، وامزانی تەنەکەیەک بەفراویان بە سەرمدا کرد، بایەکی سارد بەسەر دەموچاومدا تێپەڕی، لەسەر ئەسپەکان دابەزین، بەفر لەژێر پێماندا وەک شەختە وابوو، ئەسپەکانمان لەسەر کانییەکە جێهێشتن، بە پێ ملی ئەو تولە رێگایەمان گرتە بەر کە لە ناوەڕاستی شاخەکەوە بوو، هێندە نەڕۆیشتبووین گوێمان لە دەنگێک بوو هەر لە دەنگی کەوتنە خوارەوەی بەردێکی زل دەچوو، کە ئاوڕمان دایەوە، یەکێ لە ئەسپەکانمان کەوتبووە نێو چاڵێکی بەفرەوە، تەنیا سەری بەدەرەوە مابوو، مشەمش و هەناسە یەک لە دوای یەکەکانی دەگەیشتە گوێمان، جەعفەر بەپەلە پروزێ بۆی گەڕایەوە، داواشی لەمن کرد لە گەڕان بە دوای کوڕە بەجێماوەکەدا بەردەوام بم، من لە هەوراز بڕینەکە بەردەوام بووم، کە گەیشتمە سەرەوە، ئاوڕێکم لەو شوێنە دایەوە کە ئەسپەکەی لەنێودا گیر ببوو، جوڵەیەکم دەبینی، بەڵام بۆم روون نەدەبۆوە کە چی روودەدا، ئێمە ئەو شتانەی کە بۆ سەفەرێکی وا پێویست بوون، هێنابوومان، دڵم بەوە خۆش بوو، کە هەردووکمان بێرۆکەو قازمەشمان پێبوو، دەمزانی جەعفەر بە زووترین کات ئەسپەکە لەنێو چاڵە بەفرەکە دەردەهێنێ، هەربۆیە بڕیارم دا هەنگاوی خێراتر هەڵێنم .، بە گوێرەی قسەی هاوەڵەکانی کوڕە بەجێماوەکە، دەبوایە ئەو شوێنەی من لێی وەستابووم، کوڕەکەم بدیبایە، چەند جارێک هاوارم کرد "سوارە، سوارە " کەچی وەڵامێکم نەبیست، هێنێدەی دیکە چوومە پێش، لە هیکرا موچڕکەی ترسێک هەموو گیانمی داگرت، گوێم لە چرپەو هەناسەبڕکێی کەسێک بوو، کلاشینکۆفەکەم بە دەستمەوە گرت و خێرا سوارم کرد، لە تولە رێگاکە دەرچووم، لەنێو بەفرەکە دانەویمەوە، سەیرێکی راست و چەپی خۆمم کرد، پەنجەم خستبووە سەر پەلاپیتکەی تفەنگەکەم، لە دوورەوە شتێکی رەشم بینی، لە نێو بەفرەکە سەری دەردەهێنا، تا دەهات لەبەر چاوم گەورەو گەورەتر خۆی دەنواند، بێئەوەی تۆزقاڵێک لە هەنگاونان سڵ بکاتەوە، رووبەڕووی من هات، ترسێکی زۆر هەڵمەتی بۆ هێنام، لوولەی تفەنگەکەم بەرز کردەوە، ویستم گوللەیەکی پێوەنێم، کەچی پەشیمان بوومەوە، پێم باشتر بوو، خۆمی لێ نەبان بکەم، ئەی خودایە ئەمە چییە ؟! تۆ بڵێی ترس و سەرما عەقلی تێک نەدابم ؟ هەر کە هەستم کرد تەنە زەبەلاحەکە چەند هەنگاوێکی ماوە بگاتە سەرم، بۆی هەڵسامەوەو لوولەی تفەنگەکەم رووەو سنگی راگرت، لە ناکاو گوێم لە دەنگی جەعفەر بوو :

-- ئەوە چیتە هاوڕێ سەران ؟!

-- نازانم، زەلامێکم بینی پان و درێژ !!

جەعفەر لێم نزیک بۆوە، بە زەردەخەنەیەکەوە پێمیوت :

-- کەی وەختی ئەم قسانەیە ؟ دەی با سەرکەوین .

دوای ئەوەی چەند هەنگاوێکی دیکەمان هەڵێنا، جەعفەر وەستا، دواتر دانەوییەوەو دیقەتی لە بەفرەکە گرت، لەبەر خۆیەوە وتی:"ئەمە شوون پێی سوارەیە لەترسی شتێک ئەو تولە رێگایەی جێهێشتووە !" هەردووکمان بە ئەسپایی، بە ئاڕاستەی شوون پێیەکە رۆیشتین . لەپڕ پێکەوە بە حەپەساوییەوە لە شوێن خۆماندا چەقین، لە دووری چەند هەنگاوێک تەنێکی رەشی گرمۆڵەمان بینی.

---

# خارە خالید گیان



**هاوژین عەبدولڕەحمان کانەبی**

**بۆ هەمیشە جانتای سەفەرە
وا لە دەستت
بۆ هەمیشە کۆچ و خواحافیزیە
رازو مەبەستت
لە بێ دەنگیت هێدی هێدی
گەڵا دەکەوت
لە خۆشحاڵیت
هێمن هێمن شەونم دەخەوت
لە تۆوە فێردەبووین
وەک پەپوولە موقەدەس بین
لە تۆوە فێردەبووین
بۆ گەشت و سەفەر
پڕ هەوەس بین
کراسی یاقوتیمان وا پۆشیوە
زۆر لەمێژە
ئەم شارە مەرگێکی وا بەسوێی نەدیوە
هێشتا زۆری مابوو
شەوەزەنگ بێ و
ئەستێرەکان یەکتر بە ماچ بشۆنەوە
مردنی وەرزێک چەند ئاساییە لای ساڵ
کەچی مردنی ساڵێک
چەند بەسۆیە لای تەمەنێکی لێوئاڵ
هێشتا هێڵەکانی تەمەن
لەسەر روخساری چیرۆکەکانت بەدیار
نەکەوتوون
هێشتا حەزە ماندووەکانت
چرکە ساتێک بێ خەم نەخەوتوون
لە مزگێنی ساڵی تازە پەنجەی بێ نازم
بەخەنە تێرە
بۆ کوێ دەڕۆی
سەفەری مەرگ بۆ جانتای پڕکردووی لە
ئەستێرە
تۆ هەنگاوێک دەڕۆیشتی
دڵت دایمەن لە هەولێرێ
دەپێم بڵێ
ئێستا هەواڵی هەولێرێ
کێ بۆ تۆی ئازیز دەنێرێ
هۆ خاڵی روومەت پەنگرم
ئەی هاودەمی تۆڵکەو کاردی و کەنگرم
بۆ هەرکوێ بڕۆین
بۆنی تۆمان لێوە دێ
ئەرێ بەبێ تۆ ئەم هەموو
بێ نازییە ببەین بەرەو کوێ
تۆ بۆ هەمیشە بۆنی بخورت گرتووە
تۆ هەرگیز وا نەتۆراوی
ئەمجارە بۆ وا بەنهێنی سەرت هەڵگرتووە
ماڵەکەت...
بێ تۆ هێندە ساردە!
خەریکە بەفری خەم هەرەسمان پێ دێنێ
بۆ ئەم نەورۆزە
هەرچی ئاگری دونیایە لێی داگیرسێنێ
لەرزی تەزیوی ناشکێنێ
هۆ خارە خالیدی جوانم...
ئەی جێی شانازی هەموانم
بیری پیاسەی ئێوارانی هەولێردەکەم
بیری چیرۆکەکانی دێوو
بۆنی بێ گاَنان دەکەم
بیری چاویلکەو دەست و پەنجەی نەرمت
دەکەم
بیری شلکە رۆیشتنت دەکەم
بیری سەفرەو گەشت و سەیرانت دەکەم
بیری کەم دوانت دەکەم
هەموو وا دەزانن پرسەکەت
تەواو بوو رۆیشت
خۆ نازانن
تەمی هەولێرێ بە جارێ لەسەر دڵی ئێمە
نیشت
لە نێو ئازارەکانمان،
خەمێکی رەش خۆی چڕکردۆتەوە
بەم سەری ساڵە
دیاری خەم دەدەین بەیەکتری و
ماچی خەم لەیەکتری دەکەین و
سڵاوی خەمیش لە یەکتری دەسەنینەوە!
دە هەڵسە لەو خەوە قووڵەت
گوێی دڵەڕاوکێ لە یاخەی
شۆخی خەم بدڕێنە
دەتخوا دڵت نەیەت
بەم کۆستە سەختەت مەمانسوتێنە
ئاخر چۆن تێبگەم لە هەتاو
کە ئەم شارە
چاویلکەی پەژارەی کردبێتە چاو
قوربانی لاوک و حەیرانی بێ نازتم خارە
قوربانی دەنگی غەریب و ئاوازتم خارە
قوربانی جەستەی بە ئازارتم خارە
قوربانی تەمەنی کورت و بێ گوڵزارتم
خارە
کۆستەو لەم شارە کەوتووە
دەریایە وشک بووەو کەناری هیلاک و
ماندووە
بەیاری شەقاری خەمی تێ کەوتووە
گریان لە پێکی دڵی هەمووان لێوان لێو
بووە
جووتیارت بە دیار سەمفۆنیای
هاوارو گریان مات بووەو
ئەم ناوە پیرۆزەی هەڵگرتووە
ماڵەکەت هەمیشە لادێ یەو
کێژۆڵان بەرەو کانی رێیان گرتووە،
گۆزەیان هەڵگرتووەو
بۆنی رەیحان و قەنەفلیان گرتووە
بەچپەوە باسی ئەو جوامێرە دەکەن
وا لە نێو
ئەو خۆڵە ساردەی پیرداودی خەوتووە
هۆ خارە خالید گیان
وەی چەند بەسۆیە مەرگی ناوادەت
وەڵڵا تاساوە شارە جوانەکەت
تۆ شاهـ بووی بۆیە
نەخۆشی شاهانەت گرت
قەڵای هەموو بێ نازانی
بۆ وا بێ دەنگ سەرت هەڵگرت
زۆر دەمێکە بە نۆتەی کۆچ
دەت ترساندین
زۆر دەمێکە بە ئاوازی سەفەر
دەتتاساندین
تا بۆ دواجار بەبێ نیگا
بەجێت هێشتین
تا بۆ دواجار کەسمان بە سێبەریشت
رانەگەیشتین
هێندە غەریبیت دەکەم خارە گیان
دەنگم هەڵدەبڕم بەلاوک و حەیران
حەیران چ بکەم
لەبەر خەمی پیرە دونیایێ
شەوەکی وا تاریکمان لێ داهات
قەت رۆژی رووناک لەمە هەرنایێ
لەدوای چاوی بەرەکی خارە خالیدی
چ کراسی جوانمان لە باڵای نایێ**



# خالید جووتیار

بڵاوکراوەیەکی رووناکبیریی تایبەتە بە گیانزیندوو، "خالید جووتیار" راوێژکاری کلتووری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

# خالید جووتیار میتۆلۆژیایە

## ئا: راگەیاندنی دەزگای بەدرخان

دوابەدوای ئەوەی نووسەر و رووناکبیر و فۆلکلۆریست و شاعیر و رۆژنامەنووس و پێشمەرگەی رۆژانی سەختی ساڵانی هەشتاکان خالید مەولود ئەحمەد ناسراو بە "خالید جووتیار" بە کەسەرێکی گەورەوە لە شەوی ٢٠٠٩/١٢/٢٤ بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کاتژمێر "١٠،٣٠"ی شەو لە گەڕەکی بەختیاری شاری هەولێر لەنێو بنەماڵەکەیدا چووە ئەو دنیایەی کە هەتا هەتایێ نایبینینەوە، لەو ژیاننامە تێروتەسەلە ئەفسانەییەدا بە پێویستی دەزانین ژینی لە ١٩٥٣/٧/١ تا کاتژمێر "٨"ی شەوی ٢٠٠٩/١٢/٢٤ بۆ بنەماڵەو دۆست و نووسەران و هەموو ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان هاوەڵ و هاوکاری بوونە بخەینەڕوو...

## خالید جووتیار لە چەند دێڕێکدا

نووسەر "خالید جووتیار"سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ەوە دەستی داوەتە نووسین و تا ئێستاش ١٣ کتێبی چاپکراوی هەیەو گۆڤاری"لاوک"لەگەڵ چەند نووسەرێک دەریکردووەو لەشاری کۆیەش، بڵاوکراوەیەکی دەرکردووە بەناوی"هاموون"کە خۆی سەرنووسەری بووە، بۆماوەی"٨"ساڵ بەردەوام بووە. دەستەی دامەزرێنەری"یەکێتی نووسەرانی کورد"بووە لەشاخ ساڵی ١٩٨٢، ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ماوەیەکی زۆربوو خوالێخۆشبوو خەریکی کارکردن بوو لە ئامادەکردنی گۆڤاری "میتۆلۆژیا" کە گۆڤارێکی تایبەتە بە بواری ئەفسانە و میتۆلۆژیا، کە لەهەمان کاتدا خۆی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو، بەڵام مخابن ئەو گۆڤارەی نەبینی و ئەو خەونەی نەهاتە دی، بەو هیوایەین دوای ئەو خەمخۆرانی ئەفسانەو ئەدەبی کوردی هەوڵی لەدایکبوونی ئەو گۆڤارە بدەن و رۆحی ئەو لەگۆڕ شاد بکەن. چەندین خەونی گەورەو دیکەی هەبووە.

لێرەدا بەپێویستی دەزانین سەربوردەی کۆچکردوو بخەینەڕوو:

لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی کەنداڵە قەلی دەڤەری"کەندێناوە" لەدایکبووەو خوێندنی سەرەتایی لە گوندی "لهێبان"ی سەر بەشاری هەولێر تەواو دەکات.

خوێندنی ناوەندی و ئامادەیشی هەر لە شاری هەولێر تەواو دەکات.

لە ساڵی ١٩٧٦ بەکالۆریۆسی لە کۆلێژی ئاداب لە بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغدا وەردەگرێت.

لەساڵانی ١٩٨٢ دەبێتە پێشمەرگە لە ریزەکانی "ی.ن.ک" لە شاخیش وەکو نووسەر لە چەندین بڵاوکراوە بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. وەکو: گۆڤاری نووسەری کوردستان و چەندین بڵاوکراوەی دیکە.

## خالید جووتیارو مامۆستا سەیفەدین

مندالیم لەگەڵ خالید بەسەر بردو چەندین رۆژو شەو لە گوندی کەندارەقەڵ بە حوکمی ئەوەی خزمیش بووین، زۆر زەحمەتە بتوانم هەموو یادەوەرییەکان بگێڕمەوە، لە پاش ئەوەی خوێندنی سەرەتایی تەواو بوو پاشان گواستیانەوە بۆ گوندێکی دیکە. هەمووکات لە پشووی خوێندن یا ئەو دەهاتەوە گوند یا من دەچوومەوە شار. بە منداڵی ئەو زۆر هێمن و لەسەرخۆبوو، شەڕاوی نەبوو. جەلالی براشی هەروا لەگەڵ مندا بوو. لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکان بەیەکەوە بووین.



خالید جووتیار - گوندی لهێبان - ١٩٦٣

خالید جووتیار هەمیشە کوردایەتی دەخستە پێش حزبایەتی، ئەوەش پتر پەیوەندی بە مەسەلەی خوێندەواری و رۆشنبیرییەکەیەوە هەبوو.

## خالید جووتیار و خوێندن

خالید جووتیاری کۆچکردوو لە تەمەنی شەش ساڵی چۆتە بەرخوێندن و قۆناغی سەرەتایی لە گوندی لهێبانی سەر بە شاری هەولێر تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندیشی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، دواتر ئارەزووی خوێندن و گەیشتن بە ئاواتەکان وایلێکردووە قۆناغی ئامادەییش تەواو بکا و بۆ زیاتر خوێندنیش روو لەزانکۆی بەغدا بکا، بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس. "بۆ زانیاری زیاتر لەو قۆناغە وتاری پیرداود مەخمووری بخوێنەرەوە"

## خالید جووتیار و خوێندنەوە

خالید جووتیار لە ژیانیدا ئەوەندەی حەز لە خوێندنەوە دەکرد، بەرادەیەک کە بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبوو، ئەو کتێب و نووسینانەشی خالید جووتیار دەیخوێندنەوە لەوانە نییە هەموومان بتوانین بیخوێنینەوە و تێی بگەین، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە جووتیاری کۆچکردوو رای تایبەتی خۆی لەمەڕ نووسینگەلێکی زۆر هەبوو، دەستپێکی خوێندنەوەش لای جووتیار لە ساڵی ١٩٧٢ دەستی پێکرد و تادوا رۆژەکانی ژیانیشی ئارەزوویەکی یەکجار زۆری هەبوو بۆ خوێندنەوە. بۆ زانیاری زیاتر وتاری جەلال سنجاوی بخوێنەرەوە.

## خالید جووتیار و نووسین

هەموومان دەزانین و گوتراویشە ئەوەی نەخوێنێتەوە ناتوانێ بنووسێ، ئەو لەساڵی ١٩٧٢ دەستی بە خوێندنەوە کردووە و دوای دوو ساڵ لە دەستکردن بە خوێندنەوە ساڵی ١٩٧٤ دەستی کرد بە نووسین و لەگۆڤاری بیری نوێ یەکەم بابەتی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە ژیانی خۆیدا چەندین کاری ناوازەی ئەنجامداوەو لە نووسینەکانیدا رەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی ئەو لە بواری ئەدەب و فۆلکلۆر و حەیران و لاوک و ئەفسانەدا دەستێکی باڵای هەبوو، تا لەژیاندا بوو ١٣ کتێبی چاپکراوی هەبوو، کە بریتین لە:

- بەرەو فۆلکلۆر، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی حەوادپ، بەغداد ١٩٨٤.
-فۆلکلۆر، گۆڤار، سێ ژمارە، ١٩٨٣.
-پیاسەی ئێوارانی هەولێر، ١٩٩٨.
-داستانی قەڵای دمدم، ١٩٩٩.
- بڵێسەی راپەرین- ١٩٩٩.
-تارمایی ئەفسانەی کوردی، ٢٠٠١.
-سەمای ئەجندان، حەکایەت و لێکۆڵینەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران/ هەولێر، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠٠٦.
-دڵم دایمەن لە هەولێرێ، ٢٠٠٣.
-تراژیدیای کەرایەتی، زامداریات، ٢٠٠١.
-دیۆ، کۆمەڵە حەکایەت، ٢٠٠٦.
-دەشتی هەولێر، پەند و رازی شیرین، کتێبی گیرفان، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥.
-بۆنی بێگانان دێ، دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر ٢٠٠٨.

* (تێبینی: دوو کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ...(بەدرخان))

## خالید جووتیار و بەغدا

دوابەدوای ئەوەی قۆناغی ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکرد بۆ خوێندنی زانکۆ رووی لە بەغدا کرد و لەوێ لە کۆلیژی ئاداب بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغدا ساڵانی ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٦ دەخوێنێ، دوای چوار ساڵ خوێندن لەو زانکۆیە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردی وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە ئامێزی هەولێری دایک، هەرچەندە ئەو دەرچووی بەشی کوردی بوو، بەڵام بەدرێژایی ژیانی کاری فەرمانبەری لە فەرمانگەکانی بانک و دارایی و خەزێنە بەئەنجام گەیاندووە.

## خالید جووتیار و مەی

زۆرجار شەوانە خالید جووتیار دەیگووت من خەیامم، چونکە خەیامئاسا دەیزانی و حاڵی ببوو کە ژیان بێ مەی و شەراب و خواردنەوە وەکو ئەوە وایە لە بیابانێک بیت و دەستت بەهیچ شتێک رانەگات و لەداخا بمری، ئەو دەیگوت دەبێ مرۆڤ مەست بێ بۆئەوەی بیربکاتەوە، دەشیگوت: ئەو ژیانە ئەوەندە ناهێنێ عاقیبەت هەر مردنە، دەشیگوت: نە بەئارەزووی خۆم لەدایکبووم و نە بە ئارەزووی خۆشم دەمرم، یا دەیگووت دانیشتنی شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانت دنیایەک باس و بابەت و چەندین هەواڵی گەرم و گوڕت دەست دەکەوێ، هەروەها یەکێک بوو لەو کەسانەی ئارەزوویەکی یەکجار زۆری هەبوو بۆ گفتوگۆکردن لە دانیشتنی شەوانەدا، ئەگەرچی لەدوا ساڵەکانی تەمەنی چەندان پزیشک و دکتۆر داوایان لێی کردبوو کە واز لەمەی بێنی، چونکە بۆ باری تەندروستی ئەو باش نییە، وەلێ ئەو ئارەزووی لێبوو دواجاریش ئەو شەوەی لە کاتژمێر ١٠،٣٠ دا گیانی پاکی سپارد تا کاتژمێر ٨ی شەو هاوشان لەگەڵ مەحمود زامدار و کەریم دەشتی و هاشم سەراج و حەمید بەدرخان و حەسەن یاسین و فەیسەڵ عەلی و چەندانی دیکە لە یانەی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر دانیشتبوون و برادەرەکانی دەڵێن: لەم دواییانەدا لە بەرداغی گەورە"عەسیراوی"ەکەی دەخواردەوە، چونکە دکتۆر مەنعی کردبوو، ئەو بەزمە خۆشانەش کە خالید جوتیار دڵی زۆر پێ خۆش دەبوو.

## خالید جووتیار و نووسەران

خالید جووتیار لە ژیانیدا کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، ئەو زۆرکەم سەردانی شوێنەکانی دەکرد کەم جاریش دەچووە نێو بازار و شوێنە گشتییەکان، وەلێ زۆربەی کاتەکانی ئەو زاتە لە فەرمانگەی خەزێنەی کۆیە بوو، لەبەر ئەوەی بەرێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بوو، چونکە دەبووا هەموو رۆژ بەیانیان کاتژمێر ٧ بچووبوایە ئەوێ و مەنزڵگای دووەمیشی یەکێتی نووسەران بوو لەوێ لەگەڵ سەعدوڵڵا پەرۆش و "مەحمود زامدار، کەریم دەشتی، هاشم سەراج، ئیسماعیل بەرزنجی، موحسین ئاوارە..." دادەنیشتن و باس و خواسی ئەدەب و کلتوور و فۆلکلۆر هەوێنی دانیشتنەکانیان بوو، مەنزڵگای سێیەمیشی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بوو، کە لەوێ لەگەڵ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن و حەمید بەدرخان و دکتۆر ئازاد حەمە شەریف و یوسف ئەبوبەکر و محەمەد زادە و دکتۆر وریا عومەر ئەمین ومەسعودی مەلا هەمزە و د. هیمداد حوسێن و عەبدولرەحمان مەعروف بواری رۆشنبیری هەوێنی باسەکانیان بوو. ئەو جگە لە چەندین پڕۆژە کە بەبەردەوامی بەرنامەی نوێی هەبوو.

## خالید جووتیار و فۆلکلۆر

هەر کە باس لە فۆلکۆر و حەیران بکەین، ناکرێ ناوی خالید جووتیار نەهێنین، چونکە ئەولە روونکردنەوەکەی بڵاوکراوەی هاموون دەڵێ من یەکەم کەس بوومە لێکۆڵینەوەم دەربارەی حەیران بڵاوکردۆتەوە، هەروەها ئەو یەکێک بوو لەو نووسەرانەی دەمێکە خولیای فۆلکلۆرەو چەندان کاری فۆلکلۆری کردووە، لەوە گرنگتر خالیدی رۆح زیندوو بە یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی فۆلکلۆری دادەنرێ، لەبەرئەوەی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا ئەو خزمەتێکی زۆری بە فۆلکلۆری کوردی گەیاندووە، خەونی گەورەی جووتیار پاراستنی فۆلکلۆری کوردی بوو لە فەوتان و نەمان، بۆیە پێش چەند مانگێک لە ماڵئاوایی ناوەندی ئەرشیف و پاراستنی هەولێر بە هاوکاری گروپێک دامەزرا، کە ئەو یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی، کە دەستەی باڵا بریتی بوون لە:"دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەن،خالید جووتیار، حەمید ئەبوبەکر بەدرخان، بۆتان عەلی، مەحمود زامدار، محەمەد زادە، خاڵیسی ئەنتیکەخانە"، کە لەو ناوەندە دەخوازێ چۆن شتە ئەرشیف و بەڵگەنامەو شتە کلتووری و فۆلکلۆرییەکان بپارێزرێ. بۆیە لەکاتی هەواڵی کۆچی ناوادەی خالیددا هونەرمەندی گەورە هۆمەری دزەیی بەگریانێکی قوڵەوە بە جووتیاری کوڕی گوت: ئەسەفێکی گەورەیە بە لەدەستدانی برای ئێمەو باوکی ئێوەو فۆلکلۆری کوردیش فۆلکلۆرپەروەرێکی گەورەی لەدەستدا.

## خالید جووتیار و حەیران

هەمووومان دەزانین حەیران بەشێکی گرنگی فۆلکلۆری کوردییە بە تایبەتی لە دەشتی هەولێر، کە حەیران شتێکی تایبەتە بە دەشتی هەولێر و زیاترینی حەیرانەکان لەو ناوچەیەدا تۆمارکراوە، هەروەکو مخابن لە ئینسکلۆپیدیای هەولێر لە بەرگی "٩"دا لە بەشی فۆلکلۆر خالید جووتیار لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی سەبارەت بە حەیران و هەولێر لەدووتوێی ئەو ئینسکلۆپیدیایە بۆ یەکەمین جار نووسیی و بڵاوکراوەتەوە و نەیبینی، خالید جووتیار ئەوەندە خولیای حەیران بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە حەیران هەبوو، ئەوە نییە لە ژمارە "١٦"ی ساڵی ١٩٩٩ی بڵاوکراوەی هامووونداا لەژێر ناوی "روونکردنەوەیەک لە بارەی حەیران نووسیویەتی: "لەم شەوانەی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ مێزگردێک لە تەلەفزیۆنی مەد تیڤی دەربارەی حەیران سازکرابوو، لەبەر بێ دەرامەتی نەبووا راستەوخۆ پەیوەندیم پێوە دەکردن و ئەم خاڵانەم بۆ روون دەکردنەوە:

١- من بۆ یەکەمین جار بەر لەهەموو نووسەرانی کورد لە ساڵی ١٩٧٦ لە گۆڤاری "رۆشنبیری نوێ" و لە ساڵی ١٩٧٨ لە گۆڤاری "بەیان" لێکۆڵینەوەم دەربارەی حەیران بڵاوکردۆتەوە، دوای من بەچەندان ساڵ لێرەو لەوێ دەربارەی حەیران دەنووسرێ



مەدالیای نووسەران وەردەگرێ



لە بەرلین



لە قاهیرە



لە ئۆپسالا - سوید

مـن بە دەلیـل دەڵێم هەر هەموویـان قۆپیە لە نووسـینەکەی مـن دەکـەن و ناوەرۆکی وتارەکـەی من دووبـارە دەکەنەوە تەنانەت سەرەداوێکی نوێشیان نەدۆزیوەتەوە.
٢- هەر هەموو ئەوانەی کە دەڵێن حەیران لە دەشتی هەولێر سەری هەڵداوە بە بۆچوونی عەشائیری هاتوونەتە مەیدان و بێ خەبەرن لـە قوتابخانـە زانسـتییەکانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر پێویستە ئەوانە شـارەزای پێڕەوی مێژوویـی- جوگرافـی بـن کە کاتـی خۆی داستانی کالیڤالای پێ دیراسە کرا.

## خالید جوتیار و شوکریە ڕەسوڵ کەی دێیتەوە برا ئازیزەکەم
## پرۆفیسۆر د. شوکریە ڕەسول

بـە یـادی جاران کـە چەند سـاڵێک بەهۆی شـەڕی ناوخـۆوە لـە کـۆڕی فۆلکلـۆر پـەروەران دوور بوو، کۆمەڵـەی کەلەپوور هەڵوەشـایەوە، بـەڵام یادو یـادگاری جوان هەردەم لە هـزردا دەمێنێتەوەو لەبەر خۆوە ئەم یادە، ئەم وتە جوانانە لە زاخاوی مێشکم بـۆ تۆی دەهۆنمەوە وەک پەروانە. دەڵێم برا ئازیزەکـەم، کاکە خالید، کاکە جووتیار کەی دێیتـەوە. ئەوە دەنگی حەیرانە بەرزە، تەکیە سـەرگەرمە، حەیرانی دەروێشانە، حەیرانی دەروێشـانە، حەیرانـی عیشـقی ئیلاهی بێ جڵەو لە بیرکردنەوە غەرق دەبین...
- ئای براڵە. براڵە ئاوارەکەم! بێ تۆ لە کۆڕی دەروێشـانی عیشـقی فۆلکلـۆر زیکرکردن حەرامە. لە بێ تۆیی حەیران.
حەیرانمە....
- ئەی براڵە ئەورۆ بەو شـەوە سـەرم چەند دێشێ، دەردی لە دڵی من گرانە
کۆڕ کۆڕی دەروێشانەی عاشقانە
هەیەکە لە ئاوازێ
یەکێ بـە دەف و دایەرەو چەندین دەروێش و مریدانی سـترانۆک و حەیران و لە کۆڕی زیکری بێ تۆین....
ئەوە "سەدرەدین خۆشـناوە" گۆرانییەکانی، حەمایـل، هەندانـێ، نەرین،ناریـن، گوندێ مەجووتن. زوڵفانی کەزێ زەڕ، بنەوشـۆک. لـێ لێ زەرێ. غەزەلی لێ جوانێ لەناو ڕەزا وایشـۆکێ گەرم کردووە. گۆرانـی غەزالێ یەلێ جان جوان دەچڕی
باخ بێستان هەرمێنە
خانمێ مەرحەما دڵی می
جارێکی تر بەرز دەچڕێ و گوێ لە مستانە:
ئایشۆکی مەندە. مەندە. مەندە. مەندە
ڕەوەندی من
جوانێ مەندێم بۆزە- لاوکێ من
- ئـەوە "عومـەر پەتی"یـە بایداوەتـە مەیل و مەیلانیـی کـوردەواری و لـە روحیانەتی زینـدووی تۆدا سـەرگەرمی ئەمـە چییە و دڵخۆشـت دەکات و دەردە دڵ لـە بیـرت دەباتەوەو
پێت دەڵێ:
ئەمە چییە؟!
سێ سوار هاتن بە لەنگەرە
دێوی ڕەشی وا لەسەرە
قاشۆکەیان هەورە بەرە
خۆ هەر لە گۆشەی زیکردا- عەباس عەبدوڵڵا یوسـف بـە گۆرانـی وەڵامـی عومەرپەتی دەداتەوەو هاوار دەکات:
ڕەفـۆ کە بە چەرتوکە پە تیێڵەی زەنگرۆوکە هۆ....
لە پردێ باساکاریتەی گوڵە
بەژنی حەیرانێم دار قەرەتوڵە
لە ڕۆبنسێم زانی یارم دوودڵە
- ئـەی براڵە سـەرم چەند دێشـێ، دەردت لـە دڵم گرانـە. مەگەر ئەحمـەد حەیرانێ بە حەیرانەکانـی دەردی دڵـم باتەوەو هاتە نیو مەجلیسانەو بە دەنگە خۆش و بەسۆزەکەی حەیران دەچڕێ و دەردم بەبا دەداو دەڵێ:
حەیران لاجان لاجانە، لاجان لە من بەگومە دیوەکی عەجەم. دیوەکەی ڕۆمە
ئەوە کیژ دەڵێ:
بە هەزار مەلاو فەقێیان مارەکرابم
هەر کورەتیم حەیران هی خۆمە
- ئای براڵە سـەرم چەند دێشـێ، دەردێ لە دڵم گرانە، لە گۆشـەی زیکرو عاشقانە ئەوە دکتۆر "شـەکراوە" وا میوانەو چاو دەگێڕێ. ئای کـۆڕ گەرم بووە نازانێ سەردەسـتەی داسـتانی کـوردەواری "خالیـد جووتیار" لە کوێیە. تۆ بڵێیت
مەستی گوێ گرتنی داستانی سورمەخان و خورشیدی چاو بە خارو محەمەد و سیۆێ و حەسەن و مەریەم، خەج و سیامەندە،
میری باعەردێ سەری گەرم بووە، سوێندی بە مەلەک تاوس، بە محەمەد رەشادی پشتی چیای مەقلوبا خواردییە،

هەتـا لـە من خـەلاس نەبـێ چل سـواری بـەردەرکا، کۆشـک و دیوەخـان ناکەوێتـە دەستی عەجاما سورمێ خانێ.
- ئای براڵە سـەرم چەند دێشـێ، دەردت لە دڵـم گرانە، ئەوە نسـیبەخانە. بی ماڵ و بێ خودانە. چەندە مات و غەریبە، دایم فرمێسک لە چاوانە، چەند غەریب و چاو لە ڕێیانە...
ئـای بـرا خێـر نەدیوەکـەم دەردت چەندە گرانـە. لە کـۆڕی مەجلیسـا لـە غەمباریدا "تاریق جامبـاز" پەل بۆ دونیا شـاراوەکانی ئەفسانەکاندا دەگێڕێ و رقی لە شەرخوازانە کە رق و کینەو مەرگی کردە میوانی شـۆرە سواری عاشقانە چاو بە دونیای خیرخوازدا دەگێڕی و کۆر شینەو شـەپۆرو لە خۆدان. خێرخـواز لە ململانێ دایە. ئـاوی ڕەحمەت بە دڵ و دەروونی "دڵ شـەوەتاندا" دەکات و دوعای خێر بۆ کۆڕ بەستان دەکات...
- ئای براڵە سەرم چەند دێشی دەردت لەدڵم گرانە...
چەندی شـێخ و مەشـایخ نەهاتنـە هاواری دڵانە...
ئـەوە زگ سـووتاوە "مەولـود بێخاڵییـە" کون و قوژبنی هەولێری پیرە شـار بە دوتا دەگـەڕێ و وەکـو کـوڕە لاوە بـزر بۆکەی نـات دۆزێتەوە. ئەو لەمێژەوە دەزانێ "خالید نەمـرە" و زینـدووە، بـۆ هـەر کـوێ بچێ هەگبەی فۆلکلۆری لـە کۆڵدایە خدری زیندە ئاسا نەمری و خێر بە هەژاراندا دەبەخشێ و لە تروساکی "هامون" دا لە کۆڕی زیکریش بۆ ماڵئاوایی گەرمەو هەموو دەڵێین لە دەستمان چوو. بەخوا ئیتر نایەتەوە و نایەتەوە...

## خالید جووتیار و ئەفسانە

کە باس لە ئەفسـانە بکەیـن، بێگومان نابێ ئەوەمان لەیادبچێ کە ئەفسانە بەشێکی هەرە گرنگی فۆلکلۆرە، خالید جووتیاریش یەکێک بوو لەوانەی زۆر بە ئەفسـانەی کوردییەوە ماندوو ببوو، دوایین کتێبی "بۆنی بێگانان دێ" کتێبێک بوو کۆمەڵێک چیرۆکی ئەفسـانەیی لەخـۆ دەگـرت، کـە لەلایـەن ئینسـتتیوتی کەلەپـووری کورد چاپکـرا، لەوەش گرنگتر خەونی خالید جووتیار بوو گۆڤاری میتۆلۆژیا کـە گۆڤارێک بوو تایبەت بـەو بوارەو خۆی سەرنووسـەر و خـاوەن ئیمتیـازی بوو بە لەدایکبوویی ببینێ، کە ئەو گۆڤارە ئێستا لای دەزگای چـاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخانەو بەتایبەتـی "مەسـعودی مەلا هەمـزە"کاری تایپی بـۆ ئەنجامـدەدات و لەلایەن محەمەد زادە کاری دیزاینی بۆ دەکرێت، لە ماوەیەکی نزیکدا تەواو دەبێ و لە چلەی خوالێخۆشبوو لەلایـەن دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی بەدرخان چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

## خالیـد جووتیار و دەقەکانی لاوک و حەیران

لەپاڵ هەموو ئەو کارانەیدا خالید جووتیار لە تەمەنی خۆیدا چەندان دەقی لاوک و حەیرانی نووسیوە، بەشێکی زۆری ئەو دەق و لاوکانە لەلایەن هونەرمەند هاوتا ئەسعەدەوە تۆمار و بڵاوکراونەتەوە، زۆرجاریش لە گەشتەکان خالید جووتیار بۆ دڵدانەوەی خۆشەویستانی، بەتایبەتی لە گەشـت و سـەیرانی ئازیزانی لاوک و حەیرانـی دەگـووت، ئـەو لە دەقی لاوکی هەولێرێ دەنووسێ:

**سپێدەیە. سپێدەکی گەلەک زووە**
**قەڵاتێ هەولێرێ دیسان لە تەمێ بزر بووە**
**سەدایێ دێ. لەچار کەناران هەڵڵایە**
**سواران لە بەفرێ راهاتن**
**پێشمەرگە هاتنەوە. هەولێر...**
**رابن کوڕ گەل. ئەو قەڵایە ئەسیری**
**دەستی زۆردارە. هەولێر لە فرمێسکان غەرق و**
**دەشتی کاکی بە کاکیمان بەهاری**
**لە خەندە دزراوە**
**سبەینەیە. سبەینەیەکی چەند لە مگێزە**
**لە چوار لاوە. هەر میوانی ئازیزەو دێ**
**هەر گوڵەو لەشار دەبارێ**
**عەتری باروتی پێشمەرگە بەسەر رۆحمانە**
**قەڵا لای لایە دەژەنێ**
**وەرنە دەرێ. با پێکەوە شەیپوورە مەرگی**
**دوژمن و تەپڵی سەرکەوتن هەڵدەنێ**
**ئەمـرۆ هەمووماـن بە لاوک پیرە قـەڵا رادەژەنین،**
**زبارەی**
**عەشقی پیرۆزەو تەبارەی مەرگی دوژمنان**
**حەیرانێک بۆ بەژنێ نازدار حەیرانێ خۆ**
**بەسەر دەشتی کاولە قەراجێ هەڵدەدەم**
**مرکیەو کەندێناوەی رەنگین لەگەڵم دێت**
**کۆنە بریـنان سارێژ دەکەین**
**خەت و خارێ چەندان ساڵەی ئازیزانم**
**رادەموسم،**
**لە هەولێرێ یەکە یەکەی ماڵەکانی**
**قەیسەری و بازاڕ و دوکانی**
**عاشقانی ڕێی خەبات و کوڕە مەردو**
**ئازاکانی، کیژی ئازاو پیرەکانی**
**دەستە دەستە ماڵەو ماڵ و کۆڵان کۆڵان**
**هاتنە پێشوازی پێشمەرگەو**
**پێکڕا گوتیان. دەک بەخێرێ**
**پێشمەرگەی ئازای هەولێرێ...**

## خالید جووتیار و شیعر

خالید جووتیار نووسـەرێکی وا سادە نەبوو کە هەمووان بە ئاسانی تێی بگەین و بتوانین لـە بوارێکدا بیدۆزینەوە. لـە پاڵ هەموو ئەو نووسـینانەی لە بواری فۆلکلۆر دەینووسی، خالید جووتیار یەکێک بوو لەو شـاعیرانەی جیاواز لە دەنگەکانی دیکە خاوەنی دەنگێکی تایبـەت بوو، بەوەش نەدەوەسـتا بەردەوام قسـەی هەبوو لەسـەر شـیعرە جیاوازەکان، ئەو دوایین دوو خوێندنەوەی خۆی بۆ دیوانی شـیعری هەریەک لە شاعیران "نیگار نادر و شنۆ میهرپەروەر" لە هەفتەنامەی بەدرخان و ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکردەوە.

## خالید جووتیار و هامون

هەمووماـن دەزانیـن خالیـد جووتیـار بـە بەردەوامی لەژیانـی ئەدەبی و ڕووناکبیری خۆیـدا وەک ڕۆژنامەنووسـێکیش کاری کـردووە، ئـەو لـە ١٩٩٧/٨/٢١ یەکـەم ژمارەی بڵاوکـراوەی هاموونی دەرکرد، کە خـاوەن ئیمتیازی "سـمکۆ دزەیـی" و خۆی سەرنووسـەری ئەو بڵاوکراوەیە بوو، ئارام سـاڵح وەکو جێگـری سەرنووسـەر کاری کردووە، بڵاوکراوەکە تایبەت بوو بە شاری کۆیـە و زیاتر گرنگی بە مێژووی کۆیە دەدا، لە دوو خولدا ئـەو بڵاوکراوەیە ٥٦ ژمارەی لێدەرچـووە، لەچەنـد ژمارەیەکـی کۆتایی، وەکو پاشـکۆیەکی بەدرخان بڵاو دەکرایەوە خالیـد جووتیار لەو بڵاوکـراوە زۆر هیلاک و مانـدوو بـوو، بەشـی زۆری کارەکانـی ئـەو بڵاوکـراوە خـۆی دەیکـرد و لەپـاڵ ئەوەشدا خەڵکانێک هەبوون کە هاوکارییان دەکـرد لەو بڵاوکراوەیەدا، لـە ژمارە "١٥"ی ئـەو بڵاوکراوەیـە لـە لاپـەڕە ١دا بەنـاوی دەستەی نووسـەرانی بڵاوکراوەی هاموون نووسـراوە:"بەناوی دەسـتەی نووسەرانی هاموون سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێز "کۆسـرەت ڕەسـول عەلی" سەرۆکی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دەکەین بۆ ئـەو ڕێزلێنان وهـاوکاری و یارمەتییەی کە پێشکەشـی ڕۆژنامەکەمانـی کـرد، کە بەو یارمەتییـە لەمـەولا مانگانـە ڕۆژنامەکەمان بەرێکی دەگاتە خوێنەران".

## خالیـد جووتیـار و دەزگای چـاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

لە ماوەی ١٠ ساڵ تەمەنی کارکردنی دەزگای بەدرخان، چەندان نووسـەر کاریان کردووە و وەکـو شـەمەندەفەرەکە سـەرکەوتوون و لێـی دابەزیون، وەلـێ خالید جووتیار لەو ڕۆژەوەی لـە بەدرخان دەسـتی بەکارکردن کردووە بـەردەوام بوو تا ئەورۆژەی چووە دنیای فانـی، ئەو لە بەدرخـان جگە لەوەی راوێژکاری کلتووری بوو، لە هەمان کاتیشدا لەهەمـوو ژمارەیەک بابەت یا دیدار یا دەقی فۆلکلـۆری هەبـوو، جگە لـە "٢٦" ژمارە کە گۆشـەیەکی بەردەوامـی هەبـوو بەنـاوی "قامووسـی فۆلکلـۆر" کـە لـەو قاموسـەدا هەرجارەو باسـی لە زاراوەیەکی فۆلکلۆری دەکـرد، لـەدوای ئـەو ٢٦ ژمارەیەشدا لە چەند ئەڵقەیەکدا گۆشـەیەکی هەبوو بەناوی "ڕەنگاوڕەنگ" کە لەو گۆشەیەشـدا بابەتێکی وەرگێڕدراوی لە زمانی عەرەبی وەریگێڕایە سـەر زمانی کـوردی و بـڵاوی دەکردەوە، لە پاڵ هەموو ئەمانەشـدا بـە بەردەوامی لە بەدرخان پرس و ڕای پێدەکراو بەشی زۆری بابەتـە کلتوورییەکان لەژێـر چاودێری ئەو بڵاودەبوونـەوە، ئەوە جگە لەو گەشـتانەی کە ئـەو وەک ئەندامێکی کارای گەشـتەکان بەشـداربوو، دواتریـن گەشـتی، گەشـتی بەدرخان بوو بۆ وڵاتانی سـوید و ئەڵمانیا، سـەرەڕای بەشـداربوونی فێسـتیڤاڵ و چالاکییەکان و گەشتەکانی دەزگای بەدرخان لەم وڵاتانە "سوریا، ئوردن، تورکیا، لوبنان، قاهیرە، بەرلین..هتد".

## خالید جووتیار و گەشت

خالیـد جووتیار یەکێک بوو لەو کەسـانەی کـە بەدرێژایی ژیانی زۆر حەزی لە گەشـت دەکرد، ئـەو دەیگووت گەشـت ژیانت نوێ دەکاتەوە و شـارەزات دەکا لە تێگەیشتن لە ژیـان، ئەو دەیگوت: گەڕان و گەشـت وەکو ئـەوە وایە"١٠٠"کتێـب بخوێنیتـەوە، چونکە کاری خـۆی دەکات، ئەو زۆرجار کەسـە بە تەمەنەکانی ئەوروپای بە نموونە دەهێنایەوە، کە ئـەوان کاتێک دەگەنە تەمەنـی دوای ٤٥ ساڵی بەشـی هەرەزۆری ژیانیان بۆ گەشت تەرخـان دەکـەن، بۆیە لـە گەشـتەکاندا لە خەمی شارستانی و مێژوویی و شوێنەواری ئـەو وڵاتانەدا بوو، مخابـن هەموو جاریش دەبووا سەردانی دکتۆر بکات، ئەو بۆخۆشی دەیگوت من دکتۆری ئارکۆلۆژیاو میتۆلۆژیام، دکتۆرەکانی ئەوانیش بۆمن فەخاخن.

## خالید جووتیار و کۆڕاڵ

بەوپێیەی خالید جووتیار ماوەیەکی زۆربوو لە بواری ئەفسانەو حەیران و فۆلکلۆر کاری دەکرد، بۆیە شـارەزاییەکی باشی لە هونەر هەبوو، هەردەمیش حەزی لە کاری هونەری بـوو، دواکاری هونـەری کە خالید جووتیار بینی و ئامادەی بوو، شانۆگەری "حەشارگە" بـوو لـە دەرهێنانـی مەهـدی حەسـەن، لە سـاڵانی رابردووشـدا خالید جووتیار کاری لە داسـتانی "قەڵای دمدم" کرد و بەشـێوەی کـۆڕاڵ نمایشـکرا، کـە کاری ئامادەکردنی مۆسـیقاکەی ئارەزوو ئیسـماعیل کردی کە تیپـی باواجی کۆیە و بەرهەمـی پەیمانگای هونەرەجوانەکانـی شـەهید جەعفەر بوو لە کۆیە، هەر بۆیەشە خالید جووتیار تا لەژیاندا مابوو کوڕەکانـی "جووتیار و بەیاری ناردە پەیمانگـای هونەرەجوانـەکان بـۆ خوێندنی هونەری بە شێوەیەکی زانستی.

## خالید جووتیار و نەخۆشی

لـەو چەند سـاڵەی دوایـی ئەگەرچی خالید جووتیـار زۆر دڵـی بەژیان خـۆش بوو، بۆ ژیاندۆسـتی و ژیانخۆشـی دەژیا، لەگـەڵ سـەختی نەخۆشـییەکانی ئـەو هەرگیـزاو هەرگیـز بیری لە مـردن نەدەکردەوە، وەلێ هەندێکجاریش نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنی و هەر بۆ خۆشـی باسـی نەخۆشـییەکانی دەکـرد و دەیژمـاردن (دائلملـوک، کـە ئەو دەیگوت نەخۆشی شـاهانەم هەیەو جگە لە نەخۆشـییەکانی ڕەبـۆ، زەخت، سـوکەری، دڵ و. هتـد) دەشـیگوت مـن پیاوێکی زۆر خۆڕاگـرم، لەبەرئـەوە دەبـێ دکتۆرەکانـی کوردسـتان و ئەوروپـا بـەدوو ڕۆژ ئینجا کاری پشـکنینم بۆ بکەن، ئەو دۆستی حەبی بـن زمـان و بەتایبەتی فەخاخەکـەی بوو، فەخـاخ ئەو پەمپە نەعلەتیە بوو کە جووتیار هەردەم دەبووا یاوەری بێ، لەبیرمە فەخاخی لەبیرچووبـوو چۆن دکتـۆر کارۆخی عەلی عەسـکەری لە سـوید ڕەچەتەی بـۆ کرد و فەخاخی بۆ دابین کرد، چونکە لە ئەوروپا بێ ڕەچەتەی حەکیم هیچ نەخۆشێک ناتوانێ لە ئەجزاخانە دەرمان وەربگرێ. قەناعەت بکەن کاتێک فەخاخەکەی دەسـت کەوت یەکسەر پلی لەسـەر دانا و بە ئاراستەی دەمی خۆی وەکو ئەوە وابێ لە بەرنامەی ملیۆنێر سـەد ملیـۆن دینـاری بردبێتـەوە. سـەبارەت بە نەخۆشی دڵ و سوکەری و زەخت و ئەوانی دیکـە دیسـانەکە لـە نیسـانی ٢٠٠٧ کاتێک لەمیوانداری چوارەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لـە بەرلین لەرێگای زاهیر خۆشـناو و کاک شـاخ و بـە هاوڕێیەتی موحسـین ئـاوارە سەردانی دکتۆری دڵیان کرد و پێیان گوتبوو پارێز بکە و ئاگاداری تەندروستی خۆت بە، لە پاشـان بۆ ستۆکهۆڵم و بە تایبەتی کاتێک لەنێو بازاڕدا بە مەبەستی سەیرکردنی بازاڕی کۆنی سـویدی خالیـد جووتیار سـەرودڵی تێکدەچـێ و لەرێـگای کچـە هونەرمەنـدی سـویدی کامێلا پەیوەندی بە ئەمبوڵانسـی سویدی دەکاو دەستبەجێ دەگەنەجێ و هەر زوو خالیـد جووتیار ڕەوانەی باشـترین و چاکترین نەخۆشـخانەی ستۆکهۆڵم دەکرێ بە ئـاگاداری نـەوزادی عومەرئاغـاو تەلار هیرانی و موحسین ئاوارەو حەمید بەدرخان و سـنوور زاهیر و رزگار شێخانی و. هتد، پاش چارەسـەرکردنی لە نەخۆشخانە دێتە


خالید جووتیار - هەولێر - ١٩٦٧/٧/٣ (ئەرشیفی پیرداود مەخمووری)


لەگەڵ مام جەلال


لەگەڵ کاک کۆسرەت


لە ئۆپسالا - سوید


لەگەڵ پەشێو

# خالید جووتیار

دەرەوە و تەندروستی زۆر زۆر باش بوو، هەر لەناو نەخۆشخانە وتارێکی نووسی و لەژمارە ١١٣ی بەدرخان بڵاوکرایەوە، کە ئەوە دەقەکەی بوو...

## نەخۆش کەوتم نەهاتی خالید جووتیار- سوید

ئەوە چەند ڕۆژە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ستۆکهۆڵم دەنووم لە هەمان کاتدا ڕێز و خۆشەویستیم بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆمان هەیە.

ڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٣ لە کاتێکدا لەگەڵ برایانی دەزگای بەردخان و خۆشەویستان کاک نەوزادی عومەراغە و خاتوو تەلار هیرانی لە شەقامە جوانەکان تووشی باری تەندروستی نارێک بووم، کاتێک کچە سویدییەکی دەستە خوشکی تەلار خان تەلەفۆنی بۆ ئەمبولانس کرد، منیش لە شوێنێک بەرەو هیلاکی دەچووم، پاش ٥ دەقیقە ئەمبولانس هات، ٣ کچ و کوڕێک هەر زوو باوشیان پێدادام و خستمیانە ناو ئەمبولانس ئیدی کەوتنە لەبەرکردنەوەی قاپوت و بلوس و کراس، بەپەلە جیهازی ئەنجیریانی هێنا، فشاری خوێنیان بۆکردم و هێلکاری دڵیان بۆ کردم ئینجا ئەمبولانس ڕاست و چەپی شەقامەکانی ستۆکهۆڵمی بڕی و گەیاندمیانە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، هەر لە پرسگاکە پێنج سستەر و دکتۆرێک لە چاوەڕوانی دابوون، نەمزانی چۆن بەو پەلەو دەست و بردییە خوێنیان لێ وەرگرتم و هەر کامێکیان دەهات و چاک و چۆنی دەکرد و خۆی پێشکەش دەکرد و دەیوت من فلانم، کە دەرزیان لێدەدا، پێشتر ئاگاداریان دەکردمەوە، کە هیوادارن ئەزیەت نەکێشم، من هەر یەکسەر برینپێچ و دەرزی لێدەری کۆڵانەکانی هەولێرم وەبیرهاتەوە، ئەمبولانسە رووت و قووتەکانی خۆمان نەخۆشی خۆمان لەسەر مەرگیش بێت ئەو ناز و جوانییەی لێ نادرێت، هات و چووی چەند جاری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێرم هاتەوە بەرچاو، کە ڕۆژانی تۆز و با بۆ هەناسەدان چووم و لە پرسگەیەکی پیس و چەپەڵی پڕ بۆن و بەرامە، چەند ساتێک دەمێنیەوە بەراستی مرۆڤ تووشی هەڵوەستە دەبێ بە ئێمەی خاوەن (١٨) ساڵی حکومەتی هەرێم نەتوانرا ڕۆشنبیرێکی هاوچەرخ و چارە سەرییەکی هاوچەرخانە تر لە نەخۆشخانەکەمان پەیڕەو بکەین، ڕۆشنبیری تەندروستی بڵاو بکەنەوە، دکتۆر و برینپێچ و سستەرەکانمان لەسەر ڕێز گرتن و خۆشەویستی نەخۆش ڕابهێنن، لەوێ تێگەیشتم دەستنیشان کردنی نەخۆش لای خۆمان چەند بە ئاراستەیەکی نا دروست دەڕوات، چەندان کەسمان لەبەر دەرزی و دەرمانی ئێکسپایەر مردن، چەند نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەی پیس و چەرچەفی نادروست دەخەون، دەیاگوت ساڵانە چەند دەورەیەکی نوێ دەبینن، چونکە ڕاستی پزیشکیش دەکرێ، کەچی لای خۆمان ڕۆشنبیری ساڵانی حەفتا و هەشتا پەیڕەو دەکرێت، بەداخەوە من لە ناسۆری دەروونمەوە ئەو قسانە تۆمار دەکەم، من و لێپسراوێکی گەورەی ستۆکهۆڵم لەتەنیش یەک داین، من کە چووم ئەو لەوێ بوو، بەڵام زووتر چارەسەری منیان کرد، چونکە بە ئەمبولانس چووم، کاک رزگار شێخانی هاوڕێم، دکتۆرەکانی تێگەیاند، کە من نووسەرم چەند گەشانەوە و چەند داوای لێبوردنیان کرد، ئەگەر کەم و کورتییەکیان بووبێ، تا بەیانی کچە نوێنراوەکە چوار جار هاتەوەی لام و شەکرە و فشاری خوێنی بۆ گرتم، دوای چارەسەر بۆ بەیانی وەگێڕێکیان هێنا، دکتۆرێکی پسپۆری دڵ هات و باری تەندروستی بۆ شیکردمەوە، ئەوجا بە جوانی بەڕێیان کردم و لەبەر دەرگا کاک حەمید بەدرخان و موحسین ئاوارە و هەموو ئەندامانی وەفدی بەدرخان لە پێشوازی دابوون، چەپکە گوڵی جوان بۆ دکتۆر و پەرستارەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ستۆکهۆڵم.

پاش ئەوەی لە ستۆکهۆڵم دەچێتە ئۆپسالا لەلایەن دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەن پشکنینی پێویستی بۆ دەکرێ و دکتۆر بەدرخان ڕاشکاوانە پێی دەڵێت دەبێ لەمڕۆوە واز لە خواردنی جۆراوجۆر و چەوری و شتی قوڕس و بە تایبەتی مەی خواردنەوە بێنی، ئەگەرنا ژیان گلەییت لێدەکات و ئەوکات نە من و نە هیچ دکتۆرێکی دنیا ناتوانێ فریات بکەوێ، هەرچەندە لەپاش ئەو چارەسەرە لەڕێگای دکتۆر ئەرسەلان بایز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە هاوڕێیەتی موحسین ئاوارە دەچێتە تورکیاو لەلایەن بەهرۆز گەڵاڵییەوە ڕێزی لێدەگیرێ و پشکنینی تەواوی بۆ ئەنجام دەدرێ.

## خالید جووتیار و ئاوارە بوون

کەس نییە نکۆڵی لەوە بکا کە خالید جووتیار پێشمەرگە و ئەندام و هاوڕا بە بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەوەش گرنگتر جووتیار عەشقی هەولێر بوو، وەک چۆن عەشقی یەکێتی بوو، بۆیە دوای ئەوەی لەشەڕی ناوخۆ کارەساتی "١٩٩٦/٨/٣١" ڕوویدا خالید جووتیار یەکێک بوو لەوانەی ئاوارە بوو و لەزێدی خۆی وەدەرنرا، ئەو زۆر بەو ئاوەراییەوە دەیناڵاند و لەدووری هەولێر ژیانی لێ تاڵ ببوو، بەقسەی جوتیاری کوڕی دەڵێ: باوکم ئەو نەخۆشیانەی هەمووی لەپاش ساڵی ١٩٩٧ تووشبوو، هۆکەشی بۆ ئاوارەیی و دوورە هەولێری دەگەڕایەوە. لەوانەشە زۆربەی ئەو نەخۆشییانە هی ئەو ڕۆژانە بێ، ئەو ژیان تاڵییەی خۆی و دڵ توندییەی بە شیعر و دەقی لاوک و حەیران دەربڕیوە، دەقێکی هەیە بەناوی "هەولێری سەر بەتەم" هەروەها لە ژمارە "٥"ی ١٩٩٧/١١/١ بڵاوکراوەی هاموون شیعرێکی دەربارەی هەولێر لەژێر ناوی "سڵاو هەولێر" بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

**قەڵای سەرکەش و منارەی بەژن بڵندی شێخی چۆلی. مەرقەدی غەریبانی تەریقەت و ئەڤینداڕانی خێرنەدیو،**
**سڵاو شەقام و کوچەو کۆڵانەکانی بیرەوەریمان حافزانی مزگەوت و خانەقاو تەکیەکان**
**شاری ڕەشپۆشانی ئومێد و کوڕە تیلاک خوارەکانی پیرە هەولێری**
**سڵاو. ئەی دەری غاری موبارەک تەکیەی ئەدیبان و هونەرمەندانی هەولێر مەچکۆی ژیری و ژووری**
**سڵاو. ئەی هێلەگی سەودای سەری گێژی ئەویندارانی تەریقەت**
**سڵاو. یادگارە جوانە جێماوە غەریبەکان**
**گۆڕ، غەریبەی قەڵا. سڵاو مەفتەن و زێدی باپیران،**
**سڵاو: ئاوارەکان سڵاو**
**سڵاو: پێشمەرگەی قارەمان**

## خالید جووتیار و د. مارف خەزنەدار

دکتۆر مارف خەزنەدار دەربارەی خالید جووتیار و قۆناغی خوێندنی لە زانکۆی بەغدا دەڵێ: خالید جووتیار قوتابییەکی زیرەک بوو، کوردپەروەر بوو، لە سەردەمی خوێندنیدا وابزانم جموجۆڵی سیاسی نهێنی هەبوو، لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە موحازەرەکان ئامادە دەبوو و بەشداری دەکرد، ئەگەرچی هەندێک کەمدوو بوو، بەڵام هەندێ جار کە دەکرایەوە زانیارییەکی زۆری دەخستەڕوو، جگە لەوە نووسەری باش بوو، بایەخی بە فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و نەریتی نەتەوایەتی دەدا، لە ژیانیدا هەردوو سیستەمی فێرکردنی قوتابی و نووسینی ئەدەبی خستبووە سەرشانی، یەکێکیان لەلای شانی ڕاستی، ئەویدیکەیان لەسەر شانی چەپی، جگە لەوە کەسێکی بە وەفا بوو، هەمیشە یادی برادەرانی دەکردەوە و مامۆستاکانی خۆی لەبیر نەدەکرد، داخی گرانم مردنی موفاجەئە بوو بۆ من، بە تایبەتی لە کاتێکدا زانیم کە تازییەشی بەسەرچوو بوو، هەر چۆنێ بێ خالید جووتیار لە لاپەڕەیەکی مێژووی ڕووناکبیری کوردی ناوی دەمێنێتەوە.

## خالید جووتیار و زامدار

نەک لە هەولێر بگرە لە کوردستانیش کە ناوی مەی و مەیخواردنەوە هات ناکرێ ناوی مەحمود زامدار لەیاد بکرێ، نەک هەر لەمڕووە بەڵکو لە ساڵانی حەفتاوە جووتیار و مەحمود زامدار دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون و هەر لە کۆمیدیای کەرایەتی زامدار و زامداریاتی جووتیار و وەڵامە بەپێزەکەی جووتیار بۆ مەحمود زامدار بەناوی تراژیدیای کەرایەتی و کەین و بەینی چەندین ساڵەیان لە بۆتەی چەند گۆشەیەکدا لە بەدرخان بەناوی زامداریات بڵاوکردەوە، بۆیە زۆربەی شەوانی نووسەران ئەوانە بەیەکەوە بوون، چونکە جوتیار و زامدار لە ڕاستیدا لەزۆر شت لێک جیاواز بوون، بەڵام مێزی خواردنەوە هەموو شەوێک کۆی دەکردنەوە، کە حەمید بەدرخانیش هەواڵی کۆچی دوایی خالیدی بە زامدار ڕاگەیاند ئەو دەستی کرد بە هاوار و بابەڕۆو گریان و لەوەڵامدا دەیگوت:"ئای. ئای. ئای..."ئەو هەواڵە چییە، ئای. ئای... هتد، ٢ ڕۆژیش بوو خۆی لەماڵەوە نابوو، بێ ئەوەی کەس بیبینێ، پاش سۆراخکردنی لە عەبدوڵڵا زەنگەنە، هەواڵی ئەوەی پێگوتین کە سەلامەتەو لەماڵی سیڤەری کوڕییەتی، نەخوازەڵڵا لەگەڵ بیستنی ئەو هەواڵە جەرگبڕە هیچی لێ نەهاتووە، چونکە بە قەولی زامدار ئەو لە پرسەی ئازیزانی ئامادە نابێ، ئەوە نەریتێکەو بۆتە زامداریات.

## خالید جووتیار و مۆسیقا

خالید لەدوای دەوامی فەرمانگە لەگەڵ هاوڕێکانی دەچوونە دەرەوەی کۆیە، زۆربەی کات لەگەڵ مامۆستای میوزیکژەنی ناوداری کۆیە (سەردار ئەحمەد) کاتەکانیان بەسەر دەبرد بۆیە بەباشمانزانی مامۆستای ناوبراو سەبارەت بە خالید جوتیار بدوێ و گوتی:(من هەرلەو کاتەی کەهاتە کۆیە بوو بە بەڕێوەبەری گەنجینەی کۆیە بەهۆی برادەرێکم بەناوی مامۆستا عومەر جەمیل بۆ یەکەم جار ناسیم، ئیتر هەر لە دانیشتنی یەکەمم لەگەڵی ئەو پیاوە نوسەر و ڕۆشنبیرە زوو کەوتە بەردڵم وای لێهات تێکەڵاویەکی باشمان پەیداکرد، زۆر شارەزایی لە هۆنراوە و گۆرانی و بەتایبەتی لە حەیران هەبوو، زۆرجار گفتوگۆمان لەو بارەیەوە دەکرد.

چەندین جار بەیەکەوە ئەڕۆیشتین بۆ گەشت کردن بۆ چناڕۆک یان دوکان یان هەرجێگایەک بە دڵی ئەو بوایە،سەفەر وگەشت لەگەڵی زۆر خۆش بوو،لەگەشتەکاندا حەیرانی دەوت یان گۆرانی ساوەر کوتانەوەی دەوت منیش بەشمشاڵ هاوکاریم دەکرد،چەندین گەشتمان بەیەکەوە ئەنجامدەدا، لەوانە (داوەتنامەی گۆڤاری ڕامان، کە یادی شاعیری گەورە مەلای جزیری لەشاری دهۆک) زۆر بەخۆشی کاتەکانمان بەسەر دەبرد و لێی بێزارنەدەبووی، ئەوکاتەی باری تەندروستی تێک چوو بوو پێش چەند ساڵێک لەگەڵی چووم بۆ لای دکتۆر چارەسەری بۆنوسی و پارێزیشی بۆ دانا بەماوەی دوومانگ باری تەندروستی زۆر باش ببوو.

بەڵام بەم دواییە ئەو پیاوە ڕۆشنبیرو نوسەرە لەبەر باری تەندروستی خۆی خانەنشین کرد و ڕۆیشتەوە بۆشاری هەولێر،چوار ڕۆژ پێش کۆچ کردنی تەلەفۆنی بۆکردم، وتی پاش چەند ڕۆژێکی تر دێمە کۆیە سەردانیەکتان دەکەم منیش بەناوی خۆم و برادەران خۆشحاڵیم بۆ دەربڕی،بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا، هەر پاش چوار ڕۆژ هەواڵی کۆچی دوایی ئەو پیاوە ڕۆشنبیر و نوسەر و قسە خۆشەم پێگەیشت،هەروەک برایەکی ئازیزم لەدەست دابێت وابوو.بەڵام هیچ دەسەڵات نیە و هەرئەوەندە دەتوانین لەیەزدان بپاڕێینەوە کە جێگای بەهەشت بێت و سێبووری ماڵەوەیان بدات و جوتیاری کوڕی جێگای باوکی بگرێتەوە).

## خالید جووتیار و ئەحمەد شەریف

د. ئەحمەد شەریف دەربارەی خالید جووتیار دەڵێ: لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو خوالێخۆشبوو خالید جووتیارم ناسی کە لاوێکی لاوازی بەژن و باڵا بەرزی ڕووخۆش و ژیر و ورد و هوشیار هاتە بەرچاوم، بۆ جاری یەکەم لە بانکی رافیدەین وەکو فەرمانبەر دامەزرا، من پێشتر لەو بانقە فەرمانبەر بووم و کە هاتن زۆر ڕێزم لەوو لەکاک ئازاد تۆفیق گرت، کە هەردووکیان تازە دامەزرابوون، بە تایبەتی کە زانیم هەردووکیان ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرو ئەدەب دۆستن.

ساڵ و ڕۆژ ڕۆیشت پەیوەندیمان تا دەهات لەگەڵ ئەو دوو لاوە بەهێز دەبوو بووین بە برادەری گیانی بە گیانی و دانیشتنی شەوانمان هەر بەیەکەوە بوو، هەر لەو ساڵانە کاک خالید ناوی دەرچوو بۆ سەربازی و نەچووە شەڕی نەگریسی عێراق و ئێران و چووە ڕیزی "پێشمەرگەی کوردستان و دواتر دوای تەواوبوونی شەڕ گەڕایەوە و پەیوەندیمان تا دەهات بەهێز دەبوو لەدوای ٣١ی ئاب لە سلێمانی یەکترمان گرتووە. خۆشەویستیمان تا دەهات زیاتر دەبوو داخی گرانم لە بەرەبەیانی ٢٠٠٩/١٢/٢٥ کاک عەبدولرەحمان کانەبی تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ سلێمانی خەبەری جەرگبڕی مردنی کاک خالیدی پێگەیاندم.

دیارە ڕۆیشتنی جووتیار کەسەرێکی گەورەو کۆستێکی ناوادەی ئەو کەڵەپیاوە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕە بوو، سڵاو لەگیانی پاکی کاکە جووتیار.

## خالید جووتیارو کۆیە

ئەگەرچی خالید جووتیار خۆی لە دەشتی هەولێر و ناوچەی کەندێناوە لەدایکبووە، وەلێ لەبەر وەزیفەکەی و ئاوارەیی و ڕێککەوت کە وایکرد بکەوێتە کۆیە، ئەو دەیگوت: لەوڵاتی هەولێرێ کەوتوومە وڵاتی کۆیێ ئەوەندەی خالید کۆیەی خۆشدەویست لەوانەیە کۆیییەکیش هەر ئەوەندە کۆیەی خۆشویستبێ، ئەگەر سەیری ئەرشیفی بڵاوکراوەی هاموون بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پیاوە مەزنە پاکە چی بۆ کۆیەو مێژووەکەی کردووە، چونکە بە درێژایی زیاتر لە ٨ ساڵ خزمەتی کلتووری ئەو شارەی بە دەرکردنی بڵاوکراوەی هاموون کرد، جگە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەو بڵاوکراوانەی کە لە دەڤەری کۆیە دەردەچوون.

## خالید جوتیارو نەسیبە جەلال ئەحمەدی هاوسەری

یاد و یادەوەری خالیدی هاوسەرم تەواو نابێ، لەساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێناوە، ئەوکات من فەرمانبەر بووم لە فەرمانگەی رستن و چنینی هەولێر و ئەویش لە بانک، لەڕێگای سامی شۆڕش وەزیری پێشووی وەزارەتی ڕۆشنبیری داوای من کرا بۆ خالید جوتیار، پیاوێکی بەوەفا بەرامبەر من و منداڵەکانی، بەرامبەر هاوڕێکانی، لەساڵی ١٩٨٢ بوو بە"پ.م"و منیش پێ بەپێ لەگەڵی بوومە چەکی خالید قەڵەم بوو، ئەو برادەری کۆنی ڕێکخستن و نووسەرەکانی بۆ ساڵانی هەشتا دەگەڕێتەوە بەتایبەتی"جەوهەر کرمانج، نزار خەیلانی، نەوزاد ڕەفعەت، سەعدوڵڵا پەرۆش، سەلاح عومەر، ئەنوەر مەسیفی، سامی شۆڕش"وابزانم ئەوانە بەیەکەوە دەرچوون و بوون بە پێشمەرگە لەناوەڕاستی هەشتاکانیش جارێکی دیکە بوو بە پێشمەرگەو لە بالیسان و چەندین شوێنی دیکەش لەگەڵی بووم، بەتایبەتی جارێکیان لە هەڵەبجە بەپێ لەگەڵ خالید چووینە ئێران، لەژیانی پێشمەرگایەتی زۆر ناخۆشیمان دیت. دەردی خالید بێ دەرمان بوو، دەرمانی نەبوو، هەرچەندە لەلایەن کاک کۆسرەت و د. ئەرسەلان و عیمان ئەحمەد و حاجی مەمۆو د. کەمال فوئاد و خەڵکی دیکەش هاریکاری کرا. بەڵام نەخۆشییەکانی زیادی کردبوو، با گلەییەکیش لە"ی.ن.ک"بکەم، چونکە هەموو خەڵک خانەنشین دەبێ بە دەرماڵەوە خانەنشین دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر پلەی"بەڕێوەبەری گشتی"بێ. بەهەرحاڵ من یەک لە خۆشەویستمانم لەدەستدا، ئەو پیاوەی بۆ"٣٠"ساڵ مێرد و هاوڕێی ڕۆژانی سەختی ژیانی بووم و ژیانم بوو. سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە لە پرسەی خالید جوتیار باوکی"لادێ و لێوان و کەنار و جوتیار و بەیار"ئامادەبوون.

## خالید جووتیارو ناوەندی ئەرشیفی شار

دوابەدوای ئەوەی لە مانگی ٣ی ساڵی ڕابردوو دەزگای بەدرخان گەشتێکی بۆ ئەوروپا ڕێکخست، یەکێک لە ئەندامانی ئەو گەشتە خالید جووتیار بوو، کە چوونە سوید و ئەڵمانیا، لە سوید خالید جووتیار چووە شاری ئۆپسالا و لەماڵی سنوور زاهیر هەناری کە دەکاتە زاوای نەوزادی عومەر ئاغا زۆر ئاسوودە دەژیاو دڵی ئەوەندە خۆش بوو کاتێک گەشتێکی نێو دەریای لەڕێگای پاپۆڕە زەبەلاحەکانی نێوان ستۆکهۆڵم و فینلەندا ئەنجامدا، ئەوکات دەیگوت نەمردم نێو دەریاشم بینی و پاک بوومەوەو ئەگەر بشرم ئەوەندە کەسەرم نییە، دواتر سەردانی کلینیکی دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەنمان کردو دکتۆر بەدرخان پێی گوت وەرزش بکەو باری تەندروستیت زۆر باش دەبێ، هەر لەو دانیشتنە بڕیاری دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی پاراستنی هەولێر ڕاگەیەندراو کە لەژمارەی ١١٣و ١١٤ی هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکرایەوە، کە لەلایەن دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەن و خالید جووتیار و حەمید بەدرخان مۆرکرا، کە ئەو ناوەندە بۆ پاراستنی هەرچی ئەرشیف و دەستنووس و شتێکی دیکەی گرنگی تایبەت بە هەولێر هەبێ لەلایەن ئەو ناوەندەوە دەپارێزرێ.

## خالید جووتیار و بارزانی



لە پێشمەرگایەتیشدا هەر لە ئاسۆت دەڕوانی - لەگەڵ نەسیبە خانی هاوسەری - بالیسان - ١٩٨٢



لە هۆڵی شانۆ لە بەرلین



لەگەڵ باڵیۆزی عێراق



لە نەخۆشخانەی ستۆکهۆڵم



لەناو پاس - تورکیا

لەژمارە ١٢٠ی هەفتەنامەی بەدرخاندا خالید جووتیار قەسیدەیەکی زۆر جوان و نایابی دەربارەی سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی"سمکۆی شکاک، شێخ مەحموودی حەفید، قازی محەمەد و مەلا مستەفا و شێخ سەعیدی پیران"نووسی و بەتایبەتی ژیانی مەلا مستەفای بارزانی نووسی، کە لەو قەسیدەیەدا بەناوی"داستانی ئاراس" هەربۆیە خالید جوتیار جیاوازی نەدەکرد لەنێوان سەرکردە کوردەکان، چونکە سەرکردەکان لەلای ئەو خەتی سوور بوو، بەشێوەیەکی زۆر جوان باسی لە جوامێری ئەو کەڵە پیاوانە کردووە کە ڕۆژێ لەڕۆژان بەردێکیان بۆ کورد خستۆتە سەر دیوارێک، لە بەشێکی قەسیدەکەدا کە لەساڵی ١٩٩٧دا نووسیویەتی هاتووە:

**سەرێ زۆزانان بابۆ-**
**بەفری خودێنە**
**هەرجێیەک چۆمێ بابۆ**
**موریدێ بارزانی لێنە**
***
**دەپێدا پێدا**
**بەدەڤەرێ مێرخاسان بە بارزانی ڕەنگین**
**داکەتم. چەند لەبەرزێ دا**
**نورەک دیار بوو لەئاسمانان**
**بارانی ڕەحمەتان بوو**
**دەباریە مەملەکەتێ جوان و**
**کە لەس و زورگ و بەربەنان**
**دونیا تژی دەبوون لە چریکەی شالوران**
**لەغەیبێرا**
**دەنگەک گازی دەکر**
**بەختی نوستووی کۆنە ساڵان**
**واگا هاتن**
**مزگێن مزگێن گەلی کوردان**
**ڕۆژا کوردستانێ هەلات**
***
**سلێمانی بە بڵندی گۆیژەو ئەزمڕ**
**چرۆی ئاواتی گرتووە**
**لە"دار الملک" ی بابانا**
**تژی مێرخاسی بادینی و لەوێ سۆران**
**لە وێ گەرمیان**
**ئەوە ڕۆحە پیرۆزەکەی باوە یادگار**
**ئەوە دەست لە ملانێ ی، شێخ و**
**خوشمیرێ هەرچوار کەناران**
**لە"دار الملک" ی بابانا**
**هەر پێشمەرگەو سەرکردەیە**
**لەشێخی بازی بەند میوانە ..**

## خالید جوتیار و کتێبخانەکەی

لەژووری کتێبخانەکەی بێ خالیددا چەندین کتێبی ناوازەو بەرهەمداری تێدایە چ بەرهەمەکانی خۆی یا بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە خۆی دەیخوێندنەوە ئەوەندە کتێبی هەیە، کتێبگەلێکی زۆرن، دەکرێ لە پاشەڕۆژدا پۆلین بکرێت و لە دەزگایەکی کلتووری گەورە بۆ زیندوو ڕاگرتنی ڕۆحی ئەو پیاوە گەورە"ماڵی کلتووری خالید جوتیار"بکرێتەوە.

## خالید جوتیارو دەستنووس

کاتێ سەیری کتێبخانەکەی دەکەیت پڕییەتی لە دەستنووس و کتێبی گرانبەها، جوتیاری کوڕی خالید جوتیار کە کوڕە گەورەکەیەتی گوتی: ئەو کتێبخانە هەمووی هی باپیرمە"مەلا تاهیری کەنداڵە قەل"یا"مەولود ئەحمەد"چونکە باپیرم جگە لەوەی مەلایەکی زیرەک و هۆشیار و ڕووناکبیر بوو، گرنگی زۆری دەدا بە دەستنووس، بۆیە پاش کۆچی دوایی باپیرم کەوتە لای ئێمەو، ئێمەش دەیپارێزین. چونکە هەندێ کتێبی تێدایە تەمەنی ٢٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە..

## خالید جووتیار و ڕۆژنامەنووسی

خالید جووتیار هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتاو دەست کردنی بەنووسین و خوێندنەوە لەپاڵ کارە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکانی چەندین کاری ڕۆژنامەوانیشی ئەنجامداوە، بۆیە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامی کارابوو هەر لە دەرکردنی بڵاوکراوەی هاموون و نیازی دەرکردنی گۆڤاری میتۆلۆژیای هەبوو، کە مۆڵەتی دەرکردنی پێش کۆچی دوایی بە ٢مانگ وەرگرتبوو ...

## خالید جووتیارو پێڵاوەکانی شەهید سۆران سلێوە

شەهیدسۆران،ناوی:عبدالمسیح پۆڵس سلێوە یلدە، لەساڵی ١٩٥٥ لەعەنکاوە لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، لەساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەدۆڵی بالیسان، لەبەر چالاکی و جموجۆڵی زوو ناوبانگی دەرکرد، لەبەرئەوە ئەمنی هەولێر ماڵی باوکی و خێزانی گرتن و ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٣ بەربوون، ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٤ هەموویان گیرانەوەو دوای ماوەیەک ئەو خێزانە بەداخەوە هەموویان شەهیدکران، کە ئەمانە بوون: سێبەر صلیوە، خێزانی و ژاڵەی کچی مام صلیوەی باوکی، نێرگزخانی دایکی و حەمامەو شەزاو سەبیحەو نەدای خوشکی.

شەهید سۆران ساڵی ١٩٨٢ لەبالیسان هەردەم لەبارەگای یەکێتی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر بە قسە خۆشەکانی ئاوەدانی و ئارامی پێدەبەخشین، درود بۆ ڕۆحی پاکی سۆران و شەهیدەکانیان، ئەو قەسیدەیە بەشێکە لەوەفا:

**سەحەر بوو**
**"سێوە"دەنگی دەهات و دیار نەبوو**
**سەدایەک لەدێرێ ڕا لەبەر ماڵی – صلیوە**
**بە نەرمەکیرۆشکەی دەغلان هات**
**سوارێک لەتەمی کەنیسەی عەنکاوە**
**ڕووەو بالیسان هات**
**جوتێ پێڵاو جیا لەو پێڵاوانەی**
**بۆ مزگەوت و کەنیسەو دێرێ پێی دەڕۆن**
**پیرۆزتر لەسەری خائین و جوانتر**
**لەچاوی جەللاد و بە هەیبەتتر**
**لەبەژن و قامەتی ئەمن و سیخوڕەکانی عەنکاوە**
**بالیسان مەملەکەتێکی جوان بوو**
**دەمەو عەسران لەوانێ ڕا**
**لەچوارچراو مەهابادێ لەدەشتی پیرە هەولێرێ**
**سوارەی بەبەو گەرمیانێ**
**دەمەو عەسران لەچیای هەورێ، دەرەشیرێ**
**بە ئەسپە شێی گەردەلوولێ لەدێرێ ڕا**
**ناقوسێک لێی دەدا، خامۆشی**
**قەشە زەنگی نوێژیان لێدا**
**سەریان بەدیواران دادا**
**جوتێ پێڵاو جیا لەو پێڵاوانەی پێی دەچنە دێرێ**
**جیا لەو پێڵاوانەی لەبەر تارمەی مزگەوتان دەکەون**
**جیا لەو پێڵاوانەی پێی دەچینە ژوانی کچان**
**جیا لەو پێڵاوانەی سواڵی پێدەکەین**
**پیاوێک لەخەونی یوسف**
**لە نووری ئیمان، لەهێمنی باسترناک**
**لە نهێنییەکانی مونالیزا، پیاوێک لەشیعر**
**هێواران شاباڵی داوێتەوە سەر عەنکاوە**
**بەیانیان زوو لەسەر دیواری کەنیسە**
**دەرگاکان دەخاتە سەرپشت**
**ماڵەکان بەسەر دەکاتەوەو دەڕوا**
**کەس نازانێ بۆکوێ دەڕوا**
**لەزێی بادینان دێتەوە لەچیای مەقلوب**
**لەلالش سەرخەوێک دەشکێنێ**
**لەزینەتیر ئاودیو دەبێ**
**سروەیەک دێتن لەهەورێ**
**خشپەی پێ دێ، پێی قەدەرێ**
**بەفرانباران کوتەکی ڕێگا دەشکێنێ**
**لەگەڵ زریان هەڵدەکاتن کە بۆ هەولێرێ دێتەوە**
**شوێن پێی دیاربوو، هەردێ و نزیک دەبێتەوە**
**کە دەڕۆیشت، دیاربوو هەنگاوی دوور ناوە**
**دەستی وڵاتی کۆتران ...**

## خالید جووتیار و مەسەلەیەکی د.مەولود ئیبراهیم حەسەن

دوابەدوای ئەوەی نووسەر و شاعیر و مامۆستای زانکۆ د. مەولود ئیبراهیم حەسەن شیعرێک دەنووسێ و بۆ شاخی دەنێرێ، بەناوێکی خواستراوەوە بە ئاگاداری خۆی ئەو شیعرە لە گۆڤاری نووسەری نوێ لەساڵی ١٩٨٢ بڵاو دەبێتەوە، کاتێکیش کە دکتۆر مەولود بەنیازی چاپکردنی نامیلکە شیعرییەکەی دەبێ ئەو شیعرەشی کە لە شاخ بڵاوکراوەتەوە دەیخاتە ناو نامیلکەکە و دەیباتە ڕەقابە لە بەغدا بۆ دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بەغدا ساڵی ١٩٨٥، سێ جار ڕەفز دەکرێ و لەپاشان لەلایەن ئەمین نەقشبەندی ڕەزامەندی چاپکردنی وەرگرتووە بۆ ئەو مەسەلەیە خالید جووتیاری نووسەر بەو مەترسییە دەزانێ و هەرزوو د. مەولود ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ"ماڵخراپ چیتکردووە" ئەوە چۆن دەبێ لەشاخ هەمان شیعر بڵاوکراوەتەوە لە دیوانەکەش هەیە، د. مەولود دەشێوێ و ئەترەشی دەچێ، لەبەرئەوە باکی نەبوو لەپاکی و ئەمینی خالید جوتیار، چونکە دەیزانی جوتیار دەستێکی ئەمینە.

## خالید جووتیار و ئەهرامەکان

هەر لەمیانی ئەو گەشتانەی کە بەدرخان ڕێکی خستبوو بۆ وڵاتانی دەرەوە، لە یەکێک لە گەشتەکان کە بۆ وڵاتی میسر ئەنجامدرابوو، خالید جووتیار ئەندامێکی ئەو گەشتە بوو، ئەو زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی ئەهرامەکانی میسر و خۆزگەی دەخواست کە کوردیش ئاوا کەلەپوور و کلتوور و فۆلکلۆری خۆیان بپارێزن.

## خالید جووتیار و میتۆلۆژیا

باسکردنی گۆڤاری میتۆلۆژیا وا بە سانایی ناکرێ، لەبەرئەوەی ئەوە خەونی هەرە گەورەو سەرەکی خالید جووتیار بوو، ئەو گۆڤارە بۆ قۆناغی تایپ و هەڵەبڕی بە دەتی خالید جووتیار خۆی دراوەتە دەست مەسعودی مەلا هەمزە و ئەویش تا ئێستا کاری تێدا دەکا، ئەو گۆڤارە چەندان بابەتی گرنگ و بەسوود لەخۆدەگرێ، چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی خالید جووتیار لە دانیشتنێکدا خالید سەروتار و ستافی کار و تەواوی خاسیەتە کۆتاییەکانی گۆڤارەکەی داوەتە مەسعودی مەلا هەمزە و گوتبووشی بابەتێک



نەمریت بەقەد ئەهرامەکانی میسر

ماوە بە سیدی بۆت دێنم، بەڵام ئەسەف خالید جووتیار وەفاتی کرد و میتۆلۆژیاش لەدایک نەبوو، پەنا بەخوا بە هەوڵی دڵسۆزان لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو گۆڤارە چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

## خالید جووتیار و خەونەکانی

لەوانە نییە بتوانین بە چەند دێرێک تەعبیر لە خەونە جوان و پەمەییەکانی خالید جووتیار بکەین، وەلێ ئەو خەونی سەرەکی لەدایکبوونی گۆڤاری میتۆلۆژیا و گەیشتنی جووتیار بە دەستگیرانەکەی و لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە خالید هیوای دەخواست کورد ئازاد بێ و فۆلکلۆر و ئەفسانەشی پارێزراو بێ، چونکە دەیگوت: فۆلکلۆر شوناسە.

## خالید جووتیار و بانک و د. ئازاد حەمە شەریف

دەربارەی خالید جووتیار و بانق دکتۆر ئازاد حەمەشەریف دەنووسێ: دوا دوایی ساڵی ١٩٨٤ بوو تازە ژنم هێنابوو و لە خزمەتی سەربازی خۆم شاردبۆوە، لەگەڵ ژنەکەم ڕێک کەوتین پارچەیەک زێڕی خێزانەکەم بفرۆشینەوەو بیکەینە دۆلار و لەڕێگای ئێران پێی بچینە دەرەوە. وابوو پارچە زێڕەکە "کە گۆبەرە" بوو فرۆشتم و کردمە دۆلار و زۆر بەگرانی ئەو دۆلارانەم لەلای برادەرێک کڕیەوە.

لەوە دڵنیا نەبووم کە دۆلارەکان ساختەن یان ڕاستەقینە، ئەوسا خۆشم لێم نەدەزانی و کەم کەسیش جێگای متمانە بوو نەک هەر باسی دۆلاری لەگەڵ بکەیت، بەڵکو من دەمەویست دۆلارەکانی پیشان بدەم و لەوەش دڵنیابم کە کەسێکە جێگای متمانەیە.

برادەرێکم پێی گوتم: بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و ساختەیی دۆلارەکان بڕۆ بانک و بەکاک "خالید جووتیار" بڵێ ئەو بۆت ساغ دەکاتەوە". چووم و دوای ئەوەی خۆم پێی ناساند زۆر بوێرانە پارەکانی بەهێمنی لێوەرگرتم و گوتی: "هەرچەندە من لێی نازانم بەڵام بەکاک ئەحمەد شەریف نیشان دەدەم و ئەو لە ڕاستی یان ساختەیی دۆلارەکان دڵنیات دەکاتەوە".

هەردوای نیو کاتژمێر هاتەوە لام و دۆلارەکانی هێنایەوە و دایەوە دەستم و گوتی: "تەواون" هەر لەوێدا من هیچ گومانم لەوە نەما کە خالید جووتیار مرۆڤێکی دەم و دەست پاکە، چونکە تا ڕۆژگاری پڕ مەترسی سەردەمی بەعس بەسەرچوو لەلای کەس باسی بوونی دۆلار منی نەکرد، چونکە ئەوسا هەرکەس دۆلارێکی لەدەست بگیرابووایە بە دڵنیایی زیندانی دەکرا.

## خالید جووتیار و خەزینە

ئاسۆ حەمەد عەبدوڵڵا کە ئێستا بەڕێوەبەری خەزێنەی کۆیەیە بەم شێوەیە سەبارەت بە خالید جوتیار لە لە خەزێنەی کۆیە دوا: خالید جووتیار بەڕێوەبەرو برای گەورە و خۆشەویست و ئازیزم، لەو کاتەوەی کە ئیدارەی هەولێر لەکۆیە دامەزرا لە ساڵی ١٩٩٧یەکێک لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر بوو لەکۆیە، کەکاک خالید لە ١٩٩٧/٣/١ بوو بە بەڕێوەبەر، لەو کاتەوە کارم لەلا کردووە تاکو خانەنشین بوو، بەڕێوەبەرێک بوو وەک هاوڕێ هەڵس و کەوتی لە گەڵ گشت فەرمانبەران دەکرد و منی زۆر خۆشدەویست و زۆر هانی دەدام بۆ فێربوونی کارەکان تاکو ئەمڕۆ کە ئێستا بووم بە بەڕێوەبەری گەنجینەی کۆیە، کاک خالید قوتابخانەیەک بوو بۆ من هەم لەڕووی کارگێڕی و دارایی و ڕۆشنبیرییەوە، کاک خالید وەک هیچ بەڕێوەبەرێک نەبوو کەلەگەڵ فەرمانبەرانی ئاوا دڵسۆزبێت و یارمەتیان بدات، ئەوفەرمانبەرانەی کە لەسەرەتای دروست بوونی گەنجینەی کۆیەوە کاریان لەلای کردووە لەو ڕۆژەوەی کۆچی دوایی کردوە کە دێن بۆ ژوورەکەم دەست دەکەن بە گریان زۆرم هەوڵدا لەگەڵ خاتوو (بەیان نادر و ناهیدە ساڵح و سۆزان عەبدولواحێد و نەشمیل غەریب و عاسیمە ئەحمەد و نازەنین فەقێ) کە وتەیەک بنوسن لە گەڵمدا بەڵام لەبەرگریان نەیانتوانی. ئەوفەرمانگانەی کە یەکەی ژمێریاریان سەر بە گەنجینە بوو هەموو خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت و برادەرایەتیان دەکرد، خەڵکی کۆیە زۆر بەچاوێکی بەرزەوە تەماشایان دەکردو چەندین خاسیەتی بەرزو جوانی هەبوو، ئەگەر لەدەرەوەی فەرمانگە لەگەڵ هەرکەسێک دانیشتنی بکردایە لەڕووی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی زۆر قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، بەڵام کە لەفەرمانگە کاری دەکرد زۆر کەسێکی لێهاتوو و یاسایی بوو، ڕێگەی بەکەس نەدەدا لەڕووی ژمێریای و کارگێڕییەوە هەڵە بکات.

کاک خالید هەموو کات فەرمانبەرانی هۆشیار دەکردەوە و دەیگوت لەگەڵ خەڵک زمانی گوڵ بەکاربهێنن و فێری زۆر شتی دەکردین لەبارەی کارگێڕی و ژمێریای و دڵسۆزی بۆ فەرمانگەکە و هاوکاری کردنی خەڵک، زۆر یارمەتی هەژارانی ئەدا.

## لە حاجی مەمۆوە بۆ خالید جوتیار

پێش ئەوەی شتێک، سەبارەت بەو هاوڕێیە کۆچکردوە بڵێم و سەردولکە بۆ کۆچی بلەزی بهۆنمەوە، حەزدەکەم ئەوە لەبەردەمتان بڵێم و بەرۆکی لەخۆبایی بونی هەریەکەتان بگرم . ئەرێ ئێمە میلەتێکی خاوەن کەلتوری جەهالەتی مردو پەرستین ! سەیرە هەتا ئەوکاتەی فلان و فیسارمان بۆ یەکجارەکی لەناو بزرنەبێت، بەتایبەت ڕووی قسەکانم لەو کەسە شۆڕشگێڕانەی دوێنێ و دەسەڵاتداری ئەمڕۆی ڕۆژانی سێبەری پارەو سامانی بێشومارە و چاویان تێر نابێت و ئاورێک بەلای ئەو شۆڕشگێڕییەی دوێنێیان نادەنەوەو بگرە هەتا خەونیشی پێوە نابینن ! هەتا دەیان ڕۆڵەی بەئەمەک و وەفاداری خاک و نەتەوەکەمان لەنمونەی خالید جوتیارو مجید حمدامین خەمناک و مستەفا پەژار و قاسم محمد و جەندانی دیکەی کوچەوکۆلانە قەلەندەرەکانی هەولێری ئەمڕۆی تژی لە زاقوزریقی سەیروسەمەرە، لەبەر ئازاری نەخۆشی جەستە وروحی و نەبونی و دەستکورتی گوزەران و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی لەرادە بەدەر ! هەتا ئەو زاتانە بۆ یەکجارەکی و چیتر بەرگەی ئەم فشارانەیان نەگرت و بەزگیان نەدا، زۆر بەدەگمەن بون و بگرە نەبون بوون، ئەو دەنگانەی لەگەل مەرگ و لەبەرچاوگومبونی، سەیرە لەدەوری تەرمەکەی کۆبونەوە و هەتا کۆشنەبونەوە . کەچی هەنوکە فرمێشکی بۆ دەهۆننەوە ! دەبا رادەیەک بۆ ئەو کەلتورە نقومبوەی دواکەوتویی دابنێین و هەریەکەمان لە شوێنەکەی خۆیەوە کە رۆلەیەکی مەغدوری لەمجۆرە دەبینی و بەشایەنی دەستگرتن و بەتەنگەوە چونی دەخوێنێتەوە، با دەنگ هەلبرین و تەنیا لەخەمی پاروی چەورترو زۆرتری چاوچنۆکی تەنیای خۆمان نەبین، بە بەرپرسیارانی دەولەت و حیزب و کۆمەلّ بێژین، دەبێ یارمەتی ئەو مرۆڤە ماندو و بەلەنگازەی رۆژانی تەنگانە و خاوەن هەلۆیست بونە بدەن .

گوێگران ناسیاوی من لەگەل ئەم زاتەی ئەمرۆ لەناومان نەماوە، وەک رۆلەیەکی تازە هەلکەوتوی کورد لە شاری هەولێر بۆ سەرەتای حەفتاکان دەگەرێتەوە و ئەو دەمە لەخوێندنی زانکۆی بەغدا بە یەکتر ئاشنا بوین و بەندە ئەو دەمە دوو سال لە پێش ئەو بوم . دۆستایەتییەکەمان زۆرتر لەرێگای قوتابی ئەوان رۆژان (نەجمەدین عەزیز)ەوە بوو کە ئەو دەمە لەگەل چەند هاورێیەکی دیکەی خوێندن، لەیەکێک لە ئەلقە سەرتاییەکانی رۆشنبیری کۆمەلەی مارکسی لینینی بیروباوڕی ماوتسی تۆنگی کوردستاندا، هاورێیەتییەکەمان گەرموگوڕتر بوو . خالید خورتێکی هەست و نەست ناسک و عاشق بوو، لەگەل گەشەکردنی ژیان پێدەکەنی و بۆ بەرەوپێشەوە چونی نەتەوەو ولاتەکەی شاگەشکە دەبوو . لەناو ژیری و خولیای بیرکردنەوەی جوتیاردا هەزارویەک خەون و خۆزگەی بچوک و گەورە هەبون، هەر لەعیشقی شیعرو خۆشەویستی فۆلکلۆرو بەتایبەتیش حەیرانی دەشتی کاکی بە کاکییەکەی هەولێری لاچەک بەسەردا هەتا دەگاتە ولاتپارێزی و گەورەیی نەتەوەکەی و بە قوربابی بونی شارەکەی هەولێر، دەروێشێکی بە وەفا و دانەبراو بوو ..

لە بیرمە لە رۆژانی ژیانی خوێندنی بەغدا، مەرگی دایکە دلسۆزەکەی مایەی وەرچەرخانێکی بەرچاو بوو لە دونیای هۆش و بارکردنی کۆستەکانی ژیاندا . خالید لە زانکۆی بەغدا دەنگێکی دیاری شیعرو کوردپەروەری و رۆشنبیری کوردی بوو . لەسالی ١٩٧٤ دا ئەویش وەک دەیان هاورێ و هاواداری کۆمەلە بەشداری خەباتی چەکداری نەتەوەکەی کرد لە شۆرشی ئەیلولدا، بەلام ئەوە بو بەهۆی گرفتێکی خێزانی و بەناچاری بەر لە کۆتایی هاتنی ئەو خەباتە چەکدارییە، گەرایەوە بەر خوێندن و بۆ ماوەیەکی کاتی لەیەک دابراین . لە سالی ١٩٧٥ دا، منیش کە گەرامەوە بەغدا بۆ تەواوکردنی دواسالی خوێندنەکەم، سەرلەنوێ لەگەل خالید بوینەوە رەفیقی هاودەمی یەکتری و هەرگیز لەبیرم ناچێت، ئەو رۆژانە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کۆمەلە لەوان رۆژاندا توشی هاتبوو، بەندەش کەوتبومە ناو بارودۆخی ژیانێکی پرمەترسی هەرەشەی گرتن لەلایەک و خراپی گوزەرانی ژیان و خەریکی ئەوە بوم کە بەیەکجارەکی دەست لە خوێندنەکەم هەلگرم، کەچی لە دیدارێکی چایخانەکەی ( الکندی ) بەغدا، خالید وەک فریشتە بە هانامەوە هات و هیمەتی ئەوەی دامەبەرێ کە دەبێ خوێندنەکەم تەواو بکەم کە هەر ٤٥ رۆژم بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری سال مابوو . هەروەها ئامادەیی خۆی دەربری کە شوێنی خەوتن و مانەوەم لەلای خۆیان بۆ مەیسەر بکات کە لەگەل چەند هاوشارییەکی خۆمان، شوقەیەکیان لەسەرەتای شەقامی ( الکفاح ) بە کرێ گرتبوو کە برایان ( محمد عبدالخالق و کمال علی ) بون کە ئەوانیش بەوپەری ریزگرتنەوە جێگایان کردمەوە . لەگەل بەردەوامی ژیان من و خالید هەمیشە پەیوەندی برادەریمان لەسەرەوەی هەرجۆرە جیاوازییەکی بیرکردنەوەو لەیەک دابرانی رێکخراوەیی بوە، جونکە خالید بەراستی مرۆڤێکی رەوشت بەرزبوو، ریزی ئەو هاورێیانەی خۆی زۆر دەگرت . رۆلە تێکۆشەرەکانی ئەوان رۆژانی تەنگانەی خۆشدەویست و خۆی لێنەدەشاردنەوە و بگرە هەمیشە و سەرباری هەرجۆرە مەترسییەک هاوکارو پشت و پەنای شۆرشگێران بوو . هەتا لەناو گەرمەی هێزوتوانای بەعس و



دوا دەسخەتی خالید جووتیار ٢٠٠٩/١٢/٢٤



لە ئاهەنگی ئاسۆی هاوڕێیدا



لە مەجلیسی دۆستانیدا



لەگەڵ خۆشەویستانیدا





# لەبەر ئەوەی جووتیاربوو، بۆیە (خالید) نەمریش بوو

**شێرزاد هەینی - ستۆکهۆلم**

ئەو وێنەیە لەگەڵ خالید جووتیار و عەبدولرەحمان فەرهادی لەپێش بارەگای لقی هەولێری یەکێتی نووسەران لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٩ گیراوە.
لە رووی لاپەرەی رۆژنامەکاندا بینیم کەوا شاعیرێکی ئەندام لە یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، کە خۆشم لە کۆنگرەکەی شەقڵاوە بوومەتە ئەندامی ئەو یەکێتییە، لە ئاکامی وەرگەڕانی ئۆتومبێلەکەی کە تازە کڕیبووی گیانی لەدەستداوە. ئەو پیاوەو سەدان کەسی تر بەردەوام لە کارەساتەکانی خراپی بەکارهێنانی ئۆتومبێلەکان و شەقام و رێگاکان بەداخەوە دەمرن، کە هێشتا تەمەن و دڵ و هەناویان بواری پێداون چەند ساڵی تر بژین و سەردەمی تر ببین، ئەویش شیعری تری بنووسیبووایە.
من خۆم لەوێ بووم، کە ئەندامێکی ترمان رەوانەی چەند نەخۆشخانەی دەرەوەش کرا، بەڵام نەخۆشییەکەی بواری نەداو برینەکەی سەخت بوو، بۆیەش زۆری نەخایاند مردو ناوەکەو هەواڵی کۆچکردنەکەی بووە دوو لافیتەی رەش یەکیان لە پێش بارەگای لقەکەو دووەمیشیان بە دیوارە درێژ نیوچەوانە بەرزەکەی پیرە قەڵات هەڵواسرا.
شەوانە کە دادەنیشین زۆرجار باس لەو دەکەن، ئەگەر فلان مرد لە چلەکەی کێ وتار بخوێنێتەوەو کە وێنەیەک بەیەکەوە دەگرن باس لە چلە گرتنەکەی دەکەن، باس لە یادی ساڵوەرگەڕی مردنەکەی دەکەن، بەڵام کەس نازانێت کێ بۆ کێ لە چلەکەییدا وتاری لاواندنەوە دەخوێنێتەوە.
لە کارەساتە خوێناوییەکەی یەکی شوباتدا ئەندامی ئەو لقەی نووسەران بوونە قوربانی ئەو کارە تیرۆریستییە و قەڵەمەکانیان بەخوێنەوە نێژران.
لە ئەنجامی تەنگەنەفسی و هەناسەسواری بەردەوامی یەکێکی تر لەو رۆژانە گیانی سپی فڕی و زوو کۆچی دوایی کردو زۆر بە هیواوە دەیوت من ئێستا زۆر باشم، ئاگاداری تەندروستی خۆمم.
لەگەڵ بەفربارانی سەرەساڵدا لە ئەنجامی وەستانی هەردوو گورچیلەیدا ئەندامێکی خوێنشیرینی تر کۆچی کرد، کە بەپێکەنینەوە دەیوت نازانم ئەو نەخۆشییە لە کێندەرێ بۆ من هات، من کە سەردانی بەشەکەی ئەو نەخۆشییە دەکەم لە نەخۆشخانەکەی هەولێر لە تەنیشتم یەکێک دەمرێت، مردن لە ناو ئەو نەخۆشانەدا زۆرە.



زەردەخەنەشت هەر نەمریی بوو لەگەڵ فەرهادی و هەینی

پێش راپەرین دانیشتنیکمان بۆ ئەندامێکی ترمان کرد وتیان نەخۆشەو دەمرێت، بەڵام خۆشبەختانە نەمردو زۆریش خۆش و باش و پڕ بەرهەم و مەجلیس ئاوەدان وەک چرا و شاخ و کانی ژیاو هێشتا مردن دەرقەتی نەهاتووە.
مردن نزیکەو هەموومان دەبات و زۆر دوورمان دەبات، زۆر دوورە و گەڕانەوەی نییە، لەو مردنەدا ماڵەکەی خۆت نابینیتەوە، شەوانە دانیشتنەکانت ناکەیتەوە، نووسینەکانت دەخوێندرێنەوەو نانووسرێنەوە. هەیە دەڵێ من سێکسم نەماوە مردوو حیسابم، هەیە دەمرێت کە لە هەڵبژاردن دەرناچێت، هەیە مردووە کە ناوێرێت یەک قسە بکات، هەیە دەمرێت کە حزبەکەی دەگۆڕێت و کەسێک درۆ زۆر دەکات مردوو حیسابە، جگەرە زۆر دەکێشێت و شەوانە زۆر مەست دەبێت و نازانێ بچێتەوە ماڵەکەی. ئەوانە مردوون کە لە دەرەوە دەژین و بەردەوامیش بە فیکرو بە سەفەر لە هەولێرن، ئەوانەش مردوون کە نازانن بڵێن بەرهەمی نووسینی فلانە کەسم خوێندیتەوەو زۆر جوانی نووسیبوو. هەیە دەمرێت ئەگەر یەک دێر رەخنەی لێگیرا. ترسنۆکەکان مردوون، برسییەکان ماستاوچییەکان چاوحیزەکان، مشەخۆرەکان مردوون. بەڵام رۆحی پەپوولەی سپی و بێگەردو ماندووی نووسەران نامرن، چونکە نووسینی نەمریان لەپاشمەرگ جێهێشتووە.

# بۆتۆ خالید جوتیار

**موحسین ئاوارە**

هاوڕێی ساڵانێکی دوورو درێژم
بۆ ئەو سەفەرە ناوەختەی تۆ
چ بنووسم و چ بێژم
ئێمە پڕۆژەی هاوبەشمان لەپێش
بوو
چ قەدەر و وادەیەکی ناوەخت بوو
خەونەکانمان ریشەکێش بوو
بڕیاربوو ئەمجارەش لەگەڵ
"حەمید بەدرخان"دا هاوسەفەربین
کەچی هەموو هاوەکان هەڵوەرین
بەتەنیا سەفەرت کرد
سەفەرێکی دوورو درێژ
سەفەرێکی بێ گەڕانەوەو
ئەبەدیەت

هاوسەفەرەکانمان
دەبێ لە سەفەرێکی تردا
ئاوڕ لە کورسییەکی بەتاڵی
تەنیشت
خۆمەوە. بدەمەوە
کە تۆی تیا نابینم و نایبینمەوە
***
چۆن جورئەت بکەم
پەڕ پەڕ ئەلبووکەم هەڵدەمەوە
کە لەنێوەندی وێنەکاندا
وێنە هاوبەشییەکەی خۆم و
خۆت و
هاوڕێیان بدەمەوە؟!
دەبێ ئاگری یادێکی بەسوێ
بۆخۆم بەدەستی خۆم دایگرسێنم
وێنەکان. شوێن و یادەکان

هۆن هۆن فرمێسکیان بەسەردا
ببارێنم
***
ئەی چۆن دڵم بەرووەست دەدا
ناو و ژمارەی موبایلەکەت
لەسەر شاشەی موبایلەکەمدا
رەش بکەمەوە
ئیتر کێ بدوێنم
چۆن سێبەر بەسەر هەتاوا
تێپەڕێنم
***
قەڵایەک هەیە وەک دورم دورم
مەزن وەک دڵە گەورەکەی تۆ
منارەیەک هەیە وەک منارەی چۆلی
سەربڵند وەک نەفسە بەرزەکەی تۆ
مەحمود زامدارێک هەیە لە یانەی
نووسەراندا
هەموو مێزەکان بەسەر دەکاتەوە
لەبەرخۆیەوە دەڵێت و دەڵێتەوە
برادەرینە ئەوە خالید بۆ دیار
نییە

کورسییەک لە کورسییەکان
بەتاڵەو بەتاڵ نییە
***
هاوڕێی خۆش مەشرەب
چەند زوو بوو
دوا دڵۆپەی مەرگ
لەسەر گەڵای سەوزی تەمەنتا
تکا
قاچێکت کەوتە دووهەزار و نۆ
ئەوەیتر لە دووهەزار و دەدا
داخەکەم دوا پێکی سەری ئەم
ساڵەت
لەگەڵ نووسەرانا هەڵنەدا
***
"حەیران"بە ماڵئاوایی تۆی زانی
خەندەی سەر لێوە سەوزەکانی
زەرد هەڵگەڕا
"لاوک"بە دڵی پڕەوە
وەرن بزانن چ ئازارێکی لەبەر
دەڕوا
شیعر راڕایەو دانانیشێ

هەر بە پێوە هەناسەی گەرمی
سەردەکەوێ و دەڕوا
***
ئەی برادەر
تۆ مۆروە وشە تەرزەی
گەوهەردارت
بە تیشکە رۆشناکانت وەدەکرد
دەتکردە تەسبیحێک بۆ دەستی
زەمانە
دەبریقایەوە وەک چلوورەو بلوور
جێگای شانازی و ئافەرین بووی
ئەی داهێنەر مامۆستای کەلەپوور
***
ماڵئاوا. ماڵئاوا
ماڵئاوا تەنیا بە جەستە
بەڵام هەمیشە رۆحی سپیت
بەسەر سەرمانەوە
وەک باڵندەیەکی کۆچەری
بەنێو رایەڵەکانی تریفەدا
بریسکە دەدا
دەردەکەوێ و ون دەبێ

# قەڵەمێک سپیتر لە قەڵا . هەڵکشاوتر لە قەرەچووغ

**عەبدولواحید ئیدریس شەریف**

بەر لەوەی بەچەند وشەیەک رێز لەو قەڵەمە ئازاو سەرکەشە بنێم کە مەرگی ناوادەی هەمووومانی تاساند، ئەو قەڵەمە پێشمەرگەیەی زەبرو ستەمی رۆژگار بۆ ساتێکیش نەیبەزاند، ئەو شاسواری زۆر خەواڵوی لەخەو راپەڕاند .
رەخنەیەک هەیە دەڵێت ئێمەی کورد (زیندوو کوژی مردوو پەرستین) ئەو رەخنەیە تا رادەیەک رەوایە، بەڵام ئەدی ئەو کاتەی زیندووەکانمان لە لوتکەی هەڵوێستەوە خلۆردەبنەوە بۆ ناو خەرەندی بەزین و دووڕوویی و دوژمن دۆستی، نەتاندیوە و نەتان بیستووە، شاعیرو نووسەرەکان چەندە پەشیمانن لە وشەکانی دوێنێیان کە بۆ ئەو زیندوانەیان وتووە !
خالید جوتیار ئەو قەڵەمەی هەڵگری پەیامێک بوو پڕ بوو لە عیشق و ئەوینی پاک، قەڵەمێک بوو تەژی لە لاوک و حەیران بۆ بەژنی زراڤ و شۆڕە سواری کوردان، ئەو قەڵەمەی بێباک لە قەڵەمە رموزن و زۆڵەکانی کەری ناوجۆگا، لە تەمتومانی ژێر دەستی و دیلیدا بە دوای هەناسەی ئازادیدا دەگەڕا، ئەو عاشقی کانی و چیاو دوندان بوو، بێ ئەوەی پەنجە مۆرێ بۆ کەس بکات جگە لە نیشتمان، ئەو هەمیشە سەوداسەری هەوارێ بوو پڕ بە دەنگی لاوکێ بێژێ بۆ کوردستان .
ئەو قەڵەمە دەروون پڕ لە زامەی بێ ماڵ ئاوا بەجێی هێشتین، بەڵام هەرگیز ون نابێ لە چاومان، چۆن ون دەبێ، ئەوە نییە خەرمانێک لە گوڵزاری داهێنانە جوانەکانی بۆ بەجێ هێشتووین، لە لاوکێدا فێری چۆک دانەدان و نەگلانمان دەکات، لە حەیرانێک دا ئاشنای ئەوینی دڵدارە بەمراد نەگەیشتووەکانمان دەکات.
ئەو رۆژانەی لە نزیکەوە بە جیهانی خالید جوتیار بەلەد بووم و زیاتر لە ناخی گەیشتم، ئەو رۆژانە بوون کە دەواری غەریبیمان لە سێبەری هەیبەت سوڵتان هەڵدا، ئەو رۆژانە لە کوانووی شیعر و ئەدەبی حاجی قادر پشکۆکان کزکز دەسوتان، ئەو دەستەی ژیلەمۆکانی گەشاندەوە، خالید جوتیار بوو لە شەوەزەنگی نائومێدی و نەهامەتیدا، چرای (هاموون)ی لەناو دڵماندا داگیرساند، بەڵێ ئەو رۆژانەی ئەو (هاموون)ی کردە سەکۆیەکی ئازاد و وتی: بنووسن بێ سانسۆر هەرچی لە دڵتان دایە، هەرچی لە هزرو ناختان دایە، ئەو کات دەرکردنی رۆژنامە شەونخوونی دەویست، هێشتا رۆژنامەو گۆڤار بە پەنجەی دەست دەژمێردران، هێشتا وشە پیرۆزیی خۆی لەدەست نەدابوو، هێشتا نەببوو بە گەڕەلاوژە، چەندان قەڵەم بارگەی خۆیان لە (هاموون) خست، بەڵام لاوک و حەیرانەکانی جوتیار (هاموون)ی خۆشەویستر کردبوو، لە پەنجا ژمارەی (هاموون) زۆری نووسی بۆ غەریبی و بۆ پێشمەرگە جوامێر و ئازاکان و بۆ هەولێر وەک (هەولێر سەر بەتەمە، پێڵاوەکانی شەهید سۆرانی مەسیحی، گوڵە شەهید، لاوکی هەولێری، بۆ خۆم لێرانە دڵم لە هەولێرێ . هتد) جوانییەکانی خالید جوتیار زۆر زۆر لەوە جوانتر و نەمرترن، ئێمە لە لەتە ئاوێنەیەکی شکاو نیشانی ئێوەی بدەین، لە کۆتاییدا نەمری بۆ گیانی پاکی خالید جوتیار.

# چەند قسەیەک بۆ خاری نازدارم



جووتیارو هاوژین

**هاوژین عەبدولرەحمان کانەبی**

زۆر لام سەختە باسی یادگاری بکەم لەگەڵ خارم، چونکە یادگاری نەبوو لە نێوانمان هەمووی ئێستاو داهاتوودا. هەرچی باس بکەم و بیگێڕمەوە زۆر ئازارم دەدات، چونکە واهەست دەکەم لە رابردووە، چونکە خارم بەنسبەت من، هاوڕێ، رابەر، مەنزڵگا، هەموو شتێک بوو.
هەمیشە بە دیارییەوە دادەنیشتم و چاوم لێی دەکرد، هەمیشە حەزم دەکرد وەک ئەو بم، وەک ئەو بدوێم، وەک ئەو بێ دەنگدانیشم، وەک ئەو لە کاتی نووسین لەسەر زگ رابکشێم، وەک ئەو حەزم دەکرد لە خواردنێ رەشۆڵەو پەلکە کودی ناو یاپراخی: وەک ئەو حەززم دەکرد لە تەرەپیازی ناو دۆغەوای. هەمیشە بەنهێنی چاودێریم دەکرد.بە بەهانەی سەرشێلان و پێ شێلان خۆم لێی نزیک دەخستەوە، هەردەم حەزم دەکرد خێرا خێرا شت بنووسم و پیشانی دەم. هەر لەبەر خۆشەویستی خارم بوو خۆم بە نووسین ئاشناکرد، هەمیشە دەچوومە لای کتێبەکانی، دەستنووسەکانیم دەخوێندەوە، زۆرم حەزدەکرد سەیری ئەو کتێبانەشی بکەم کە پێشکەشی دەکرا، هەندێکیان نووسرابوون بۆ خالیدی فۆلکلۆریست، هەندێ بۆ جووتیاری شاعیر، هەندێ بۆ حەیراننووس و لاوک دۆست هەندێ. سەدان شتی جوانیان بۆ دەنووسی.
لەیادمە،پۆلی دووی ناوەندی بووم، تازە وردە وردە دەستم دابووە شیعر نووسین، شتی سادەو ساکارم دەنووسی و هێشتا پیشانی خارم نەدابوو. زۆر شەرمم لێی دەکرد، هەموویم لە دەفتەرێک نووسی بوو. هەر کاتێ خارم دەهاتە ماڵمان دەمشاردەوە. شەوێکیان خاڵۆژنم و لادێ دەفتەرەکەمیان هێناو پیشانی خارمیاندا زۆر تەریق بوومەوە، چونکە نەمزانی بووە شامپۆی بەسەردا رژابوو لایەکی دەفتەرەکەمی شێواندبوو، نووسینەکان تێکەڵ ببوون، خاریشم هەر شیعرێکی لە دەفتەرەکەم دەخوێندەوە کاتێ دەگەیشتە ئەو شوێنەی کە شامپۆی پێدارژابوو دەیووت: هەناسە سوورەکانمان تێکەڵ کرد "شامپۆ" ئاواتێکی خەزانیم هەیە "شامپۆ". لەدووری چنینەوەی رەزی "شامپۆ" ئەوەبوو ئەو شەوە زۆر پێکەنین لەو کاتەوە هانی دەدام شت بنووسم و بەردەوام بم. دەشیزانی زۆری شەرم لێدەکەم و زۆریشم خۆشدەوێ. کاتێ کتێبیشی دەردەکرد، دەیوت: "ئەو نوسخەیەش بۆ شەمام هەولێری" کە مەبەستی من بوو. هەمووکات پێی دەوتم: "تا شوێن پێت نەکەیتەوە، هەرگیز هەنگاو مەهاوێ، دنیای نووسین دارستانێکی زۆر چڕە هەردەم پڕ چەک بە".
وەی چەند غەریبیت دەکەم خارە خالید گیان، هەزار سڵاو لە مەزارت، هەزار سڵاولە لاوک و حەیران. هەزار هەزار رەحمەتت لێ بێ خاری بەرەحم و نەرم و نیان. خۆشەویستی خوارزاو خزم و دۆستان.



لەنێو قەلەندەرخانەی دەزگای بەدرخاندا



لەگەڵ شاندی بەدرخان - حەلەب



تەماشای گەڕەکی کوردان دەکات - دیمەشق



لە حەزووری بەدرخان پاشادا - دیمەشق

# خالید جووتیار . نووسەرو فۆلکۆریست و روناکبیر

**جەلال سنجاوی**

**مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە**
**ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە**

لە گوندی خامۆش و بچووکی "کەندارەقەل"ی باشووری دیبەگە لە ساڵی ١٩٥٣ خالید جووتیاری چاوگەشی گەنم ڕەنگ و ڕۆح پاک و دڵ پڕ ئەڤین و بەرائەت لە خێزانێکی جووتیاری ڕەنجدەر لە دایکبوو، بەم جۆرە خۆشی و کامەرانی باڵی کێشایەوە بەسەر ژیانی ئاسایی ئەم خێزانەو بزەی خستەوە سەر لێوانی "گوڵێ خان"ی دایکی، چونکە دایکی خاوەنی سێ کچ بوو "زولێخا، زارا، نەجیبە"، خالید جووتیاریش یەکەم کوڕی ئامێزی دایکی بوو، بەشیری پاکی پەروەردە کرابوو.

خالید جووتیار مەولوود ئەحمەد مستەفا شاوری، باوکی لە نێو کۆڕو مەجلیسی عەشایەری بە "مەلا تاهیری کەندارەقەلی" ناسراوە، کە لە عەشیرەتی "بامەند"ە و باڵێکی سەرەکی عەشیرەتی "مامە سێنی"یە.

داکیشی "گوڵێ خانی حەمەد مەحموودی سنجاوی"یە، کە خەڵکی گوندی "عالّلا"ی کەندێناوەیە.

خالید جووتیاری مرۆڤ و دڵناسک سەرەتای ژیانی لەم گوندە بچووکەی بێ قوتابخانەو نەخۆشخانەو کارەباو.. هتد، دەست پێدەکات و بە پەیژەی ڕۆژگاری تاڵ و شیرین هەڵدەگەڕێ و ژیانێکی مەردانەی پڕ لە هەڵوێست و ڕاستی و شکۆدار بەرامبەر بە کاروباری وڵات و نەتەوەکەی و دۆست و برادەرانی لە ناو دڵە گەورەکەی بنیات دەنێ و تا ڕۆژی ماڵئاوایی ناوادەی لەسەر هەمان شێوازو هەڵوێستی مەردانەی بەردەوامبوو، بۆیە ناو و بەرهەمەکانی هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.

پاش ئەوەی باوکی خوێندنی فەقێیاتی تەواو دەکات و ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی مامۆستا "مەلا ساڵحی کۆزە پانکەیی" وەردەگرێت بە مەلا لە گوندی "قازیخانە"ی قوشتەپە دادەمەزرێ، لە ساڵی ١٩٥٦ ماڵی بار دەکات لە گوندی کەندارەقەل بۆ قازیخانە، ئەو کات خالید جووتیار تەمەنی سێ ساڵ و چوارمانگ و دە ڕۆژ بوو.

لەبەر ئەوەی گوندی قازیخانە زۆریان سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوون، بۆیە بەردەوام گیروگرفتی نێوان جووتیار و ئاغای هەبوو، لە بیرمە شەوانە لەسەر جۆخینی گوندی خۆپیشاندان و هوتافاتی یاخی بووان لە ئاغا دەستی پێدەکرد، ئێمەی منداڵیش بەشداریمان دەکرد بە تایبەتی لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەورەو بچووکی گوندەکەمان دەیانگوت.

**بڕژی گەل ڕۆڵەی گەل**
**مام ڕەحمان و شێخە شەل**

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ ژیانی منداڵی خالید جووتیار لە کەرکووک لە گەڕەکی "ڕەحیماوا" دەست پێدەکات، پاش ئەوەی "مەلا تاهیر"ی باوکی داخیلی دەورەی مەلا موعەلیمەکان دەبێت و لە قوتابخانەی "دواناوەندی موسەلا" دەست بە خوێندن و تاقیکردنەوە دەکات لە ئەنجام سەرکەوتوو دەبێت و بە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی "چەغەمیرە" دادەمەزرێ لە ڕێکەوتی ١٩٦٠/١٢/٨ دەرگای قوتابخانەکە دەکاتەوە، کە "فتح جدید" بوو خالید جووتیار لەم ڕێکەوتە لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی خوێندنی دەست پێکرد، پاش مانەوەی کەمتر لە ساڵێک بە پێی نووسراوی پەروەردەی هەولێر ژمارە "١٣٢١٩" لە ١٩٦٠/٩/٢٠ باوکی گوازرایەوە بۆ قوتابخانەی گوندی لهێبان، ئەو کات خالید جووتیار تەمەنی هەشت ساڵان بوو لە پۆلی دووەمی سەرەتایی تاکۆتایی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە گوندی لهێبان خوێندویەتی پاشان بە پێی نووسراوی پەروەردەی هەولێر ژمارە "١٧١٧٧" لە ١٩٦٦/١٠/٢١ باوکی گواسترایەوە گوندی "دۆڵەسزە"ی قوشتەپەو ماڵ و منداڵیشی بۆ خانووەکی گەڕەکی سەیداوەی نزیک مزگەوتی "حاجی بەکر زێڕینگر".

سەرجەم ژیانی "خالید جووتیار" لە گوندی لهێبان بریتیی بوو لە خوێندن و گەشتوگوزار لەگەڵ برادەرەکانی "ڕەشید عومەر، جەعفەر ئەحمەد، عەبدوڵلا ئەحمەد، عەبدولخالق دەروێش ساڵح، ئیبراهیم مەلا سەعید، لەتیف حەسەن، سابیر حەمەد ڕەسول ناسراوە بە سابیری دەروێش کۆڕە...هتد" لە گوندی لهێبان "تەکییەی دەروێشان" هەبوو، هەموو شەوانی هەینی دایەرەی دەروێشان بە تەپڵ و دەف لێدان گەرم دەبوو، ئەوە تەکییەی خەلیفە حەسەنی لهێبان بوو، خالید جوتیار و برادەرانی هەموو شەوانی زیکر ئامادە دەبوون، حاڵیان دەگرت و جارجاریش دەگریان، ئەم ئامادە بوونە تا ڕۆژی مردنێ لە دڵ و دەروونی "خالید جووتیار" دەرنەچوو، بۆیە لە کتێبی "حەیران و مەرگی غەریبان" باسی گریان و حەیرانی دەروێشانی تەکییەی خەلیفە حەسەن دەکات.

خالید جووتیار خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی ئیسکان تەواوکردووەو برادەرە خۆشەویستەکانی لەم قۆناغەدا:

"شەهید شاخەوان عەباس، سەعدی ئەحمەد پیرە، مەجید تەها، کەمال مستەفا هەمزە، پیرداود مەخمووری، عەبدولرەزاق قادر تیماری، سابیر تەها سنجاوی، عەبدوڵلا ڕەجەب سنجاوی، ڕۆستەم عەبدورەحمان شێروانی، کەنعان ڕەشاد موفتی، پارێزەر تاریق جامبازو.......هتد".

لە ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی شەشەمی ئامادەیی تەواو دەکات و لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد وەردەگیرێ، لە مانگی ئازاری ١٩٧٤ مەردانە چەکی شەرەف هەڵدەگرێ و خوێندنی زانکۆ بەجێ دەهێڵێ و لە قوتابخانەی کوردایەتی لە شاخەکانی کوردستان دژ بە ڕژێمی بەعسی رووخاو سەنگەر دەگرێ.

لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ بڕوانامەی بکالۆریۆس لە زمانی کوردی وەرگرێ و بە فەرمانبەر لە بانکی ڕافیدەین لە هەولێر دادەمەزرێ.

ساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێ و سێ کچ و دوو کوڕی هەیە بە ناوی "جووتیار، بەیار، لادێ، لێوان، کەنار".

زیاتر لە "١٣" کتێب و نامیلکەی بە چاپ گەیاندووە.



خالید جووتیارو جەلالی برای - هەولێر - هوتێلی چوارچرا - ١٩٩٩



دوا وێنەی خالید جووتیار

# خالید جووتیار یادت بەخێر

**پیرداود مەخمووری**

نووسین و قسەکردن پاش مردن ئەو تام و لەززەتەی نییە وەکو ئەوەی کە مرۆ خۆی لە ژیاندا مابێ و شتی بۆ بنووسرێ، چونکە لەوانەیە هەندێ زیادو کەمی تێبکەوێ، وەک ئەوەی هەموو جارێ خالید خۆی دەیگوت: ئەو قوڕە تێکدان و شێلانی زۆری دەوێ، لەسەر هەمان پەندەی (ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ) مەرگی ناوادەی جووتیار جگە لەوەی هەموومانی لە ناخەوە هەژاند، ئەمەش سوننەتێکی ژیانە، هەر لەبەر ئەوەی دوای مەرگی ئازیزان هەندێ جار خەڵک پەنا دەبەنە بەر یادەوەری لاپەڕە کۆنەکان هەڵدرێنەوە، ئەوەندەی من لە نزیکەوە ئەو پیاوەم ناسیبێ، لەوە پتر هەڵدەگرێ بەچەند دێرێک شینی بۆ بگێڕم. ئەو قسانەی لێرە دەیاننووسم زەمانیان بەسەر نەچووە، ئێستا کاتی کردنیتیان، بۆ ئەوە دەیاننووسم تاکو جووتیار لە گۆڕەکەی گلەییم لێ نەکات.

هەولێر لەساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو وەکو ئێستا نەبوو، کە ناوی گەڕەکە دیارەکانی ئەوێ ڕۆژێی هەولێرت دەژمارد، سەیداوە یەکەم ناوی سەرزاران و سەر تۆپی گەڕەکەکان بوو، هەنووکەش نازانم چۆن گەیشتمە سەیداوەو لەوێ لە ناوەندی ئیسکان بخوێنم، ئەلعانیش بۆم ساغ نەبۆوە ئەو ناوەندییە بۆ لە سەیداوەیەو ناوبراوە ئیسکان، چونکە بەپێی ناوەکە دەبوایە لە گەڕەکی ئیسکان بووایە، ئەو گەڕەکەی لەگەڵ سەیداوە شەقامێکی تەنگ لێکی دەکردنەوە.

ڕێک لەساڵی ١٩٦٧ چوومە خوێندن لەو ناوەندییەو لە پۆلی دووەمی ناوەندی هۆبەی (د) دەستم پێکرد، یەکەم ڕۆژی دەوام لە پۆلەکەم لە تەنیشت مێردمنداڵێکی باریکەلەی سپی دانیشتم، ئەو کوڕە بووە دۆستم و کە زانی خەڵکی لای مەخموورم هەندەی دیکە دۆستایەتی زیاتر بوو، هەردووکمان وەکو دوو منداڵە کرمانجی دەشتی قەراج و کەندیناوە ناوی مەخموور پێکەوەی بەستینەوە، ئەوەندەی نەبرد لێکدی گەیشتین و نهێنییەکانی یەکترمان زانی.

دوو منداڵی دەشتەکی، بەڵام ئەو بەر لە من هاتبووە شاری، هەندۆکەک لە من شارەزاتر بوو، لە پۆلیش لەسەر یەک ڕەحلە دادەنیشتین، ئەو دەمی قوتابی بەجلی کوردی خۆی دەوامی دەکرد، مامۆستا شێخ بورهان یادی بەخێر دەرسی ئینگلیزی پێدەداین، من و خالیدی زۆر خۆشدەویست، لەبەر دوو شت، یەکەمیان لەبەر جلو بەرگەکانمان، کە جلی کوردی تەواومان لەبەردابوو، دووەمیش هەردووکمان لە ئینگلیزی زیرەک بووین،



جووتیارو پیرداود مەخمووری - ١٩٦٧/٧/٣

دوای دەوامی قوتابخانەش هەربەیەکەوە بووین، بەبێ یەکدی هەڵمان نەدەکرد، تەنانەت خالید برایەکی خۆشی لەوێ بوو، ئێستا نووسەرێکی باش و مامۆستای جوگرافیایە، بەڵام زۆربەی کاتەکان پێکەوە دەگەڕاین، زۆرجاریش بۆ دەورکردنەوەش پێکەوە بووین.

خالید ماڵیان هەر لە گەڕەکی سەیداوە بوو، بەر لەمن دەگەیشتە قوتابخانە، ئەگەر ڕۆژێک درەنگ هاتبام بۆ خوێندن ئەو پەرێشان دەبوو، دەیگوت هەبێ و نەبێ لە ترسی هەیاسە شێت نەهاتووە، ئێمە ماڵمان لە کوران بوو، لە کوران تاکو سەیداوە بە پێ ڕۆیشتن پتر لە نیو سەعاتی دەخایاند، من و چەند قوتابییەکی دیکە لە کورانڕا دەهاتین، دوو ڕێگا هەبوو بۆ هاتن و چوونمان، یەکەمیان بە نزیک کارگەی بەفری چەلەبی، ئەو ڕێگایە زۆر زەحمەت بوو لەبەر هەیاسە شێتی، کەس نەیدەوێرا بەوێدا ڕەت بێتەوە، ناچار دەبووین ڕێگامان بگۆڕیبووایە، لە کورانڕا دەچووینە خانووەکانی محەتە کە چەند کارمەندێکی هێڵی شەمەندەفەر لەوێ بوون، ئەو ڕێگایە هەرچەندە دووری دەخستینەوە، بەڵام ئەمینتر بوو، لەگەڵ دەستپێکردنی دروستکردنی شەقامی شەست مەتری، ئێمەش ڕێگامان گۆڕی و ڕاستەرێ بەوێدا دەهاتین و دەگەڕاینەوە، ئەو ڕێگایەش ئاوەدانی زۆر کەم لێ بوو، جگە لە یاریگاو ماڵی چەلەبی ئاوەدانیمان نەدەکەوتەرێ.

دەوام لەناوەندی ئیسکان لەگەڵ (خانەی مامۆستایان) بوو لەیەک بینایەدا بوو، سێ ڕۆژ بەسێ ڕۆژ بوو، ئێواران پیاسەیەکی بازاڕمان دەکرد، من و خالید دۆستی سینەما نەبووین، یان لەبەر ئەوەی نەداربووین و پارەی کڕینی تیکتی سینەمامان نەبوو، یاخود زۆر هەوەسمان بەسینەما نەدەهات، بەڵام وابزانم ئەوەی یەکەمیان بوو.

ئێواران، ئەگەر لە بازاڕ بووینایە، بەزۆری لە دەوری قەڵات دەسووڕاینەوەو بەشێکی زۆریش لەپێش وێنەگری و چاپخانەکەی مام گیوی ڕەوان شاد ڕادەوەستاین، بەرگی کتێبەکانمان دەخوێندەوە، نازانم چۆن بوو ڕۆژێک هەردووکان بیرمان لەوە کردەوە، کە ئەو پارەیەی لە جادەکان خەرجمان دەکرد، باشترە بە کتێبی بدەین و بەشەریکی بیخوێنینەوە، دیارە من کتێبی فڕی فڕی قەل فڕیم کڕی و خالیدیش ئەمیر ئەرسەلانی کڕی، مام گیو سەبارەت بە کڕینی کتێب لێی پرسین، گوتمان حەز بەخوێندنەوە دەکەین، ئەویش بەدیاری کتێبی (مەلا مەشهوری) داینێ و گوتی: ئەوەش دیاری مامتان، پاشان بووینە دۆستی و هەمووجارێ دەچووینە لای، بەڵام ئەو پیربوو ئەوەندە سەلیقەی نەمابوو.

لەوێ ڕۆژێوە مەیلمان کەوتە سەر کتێب و هەر ئەوکاتی سەردانی کتێبخانەی گشتی هەولێرمان کرد، کە لەتەنیشت چایخانەی بایزی بوو، ئەویش سوودی بۆمان زۆربوو. خالید ماڵیان لە سەیداوە بوو، بەپێش هۆڵی گەل دەهاتە گردی قالیخانجەی، منیش لە کورانڕا دەهاتم، لەوێ یەکدیگر دەبووین، ئەو ناوچەیە ئێستا بەشێکی کراوە بە مۆزەخانە چۆڵ بوو، جگە لە ئاوی کەسک و سۆر هیچ شتێکی دیکەو ئاوەدانی نەبوو، ئاوی کەسک و سۆر، کە ئێستا گۆڕەپانی بەر دەرگای هۆڵی میدیایە، خەڵک بۆ جوانی و خۆشی دەهاتنە وێ، بەحوکمی ئەوەی هەردووکمان خەڵکی دەشت بووین و لە گوندەکان شایەر زۆربوون، ئەوەندی هەمانبوو ئەو شیعرە میللی و فۆلکلۆریانە بوون، کە بۆ یەکدیمان دووبارە دەکردەوە.

جارێکیان دانی ئێوارەی ڕۆژی هەینی هاتینە بازاڕو نمرەی کۆتایی ساڵمان وەرگرتبۆوەو مەکتەب تەعتیل بوو، بڕیارماندا کە پێکەوە وێنەیەک وەرگرین، چووینە شەقامی باتە، لەو جادەیە وێنەگری کەرکووک هەبوو، بەهەردووکمان (٥٠) فلسمان هەبوو، وێنەیەکی بەدوو نوسخە بەو پەنجا فلسە وەرگرتین، ئەو ڕۆژەش کە لەپشتەوەی وێنەکەدا نووسراوە ٣/ ٧/ ١٩٦٧ بوو، ئەم وێنەیە دوای چل و سێ ساڵ بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی پاشترێ لێکدی دابڕاین، من گەڕامەوە مەخموور بۆ خوێندن، ئەو هەر لەوێ مایەوە، ڕۆژێکیان لە ئیدارەی دواناوەندی مەخموور بانگیان کردم و نامەیەکی مۆرکراوی پولداریان دامێ، سەیرم کرد لەو برادەرە خۆشەویستەمەوە هاتبوو، ئەو دەمە نامە بە پوولی پۆستە دەگواستراوە، ئەو ڕۆژە بەهیچ جۆرێک وەسف ناکرێ، خەریک بوو باڵ بگرم، هەر چۆنێک بوو ئیزنم لە بابم خواست و هاتمە هەولێرو سەردانی دۆستی خۆشەویستم کرد.

ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٣ من لە پەیمانگای مامۆستایان وەرگیراوم و خالیدیش لە کۆلێژی ئادابی بەغدا بەشی کوردی وەرگیرا، لە بەغدا خالید پەیوەندی لەگەڵ کاک بەهادین جەلال پەیدا دەکات و پرسیاری منی لێ دەکات، دووبارە دۆستایەتیمان پەیداکردەوە، لەساڵی ١٩٧٣ یەکەم شیعرم لە هەفتەنامەی (بیری نوێ) بڵاوکردەوە بەناوی پیرداود بندیان، خالید زۆری هەوەس پێ هاتبوو، پاش من ئەویش شتێکی بەناوی (خالید جووتیار) بڵاوکردەوە، ئەوجارە لە هەموو جارەکان زیاتر دۆستایەتیمان بەتینتربوو.

بۆ مێژوو دەیڵێم هیچ گرنگ و هەولێری گوتەنی (حونەر) نییە کەسێک لەگەڵ چاو هەڵێنانی و فرچکی بەکتێب گرتبێ، ببێتە شاعیر یان چیرۆکنووس یان خوێندەوارێکی باش، گرنگ و (حونەر) لەوەدایە لە هیچەوە خۆی پێبگەیەنێ، (حونەر) ئەوەیە کە خالید جووتیار کردی، نەمامۆستایی حەرفێکی فێرکرد، نەکەسێکی شارەزا پەلی گرت و نەئەدیبێکی گەورە ڕێنیشاندەری بوو، هەتاکو هەستی کرد کتێبێکی شیعری نەخوێندبۆوە، ئەو کەڵەنووسەرەی لێ دەرچوو، ئەوجا لە چ بوارێک کە هەموو کەس خۆی لەبەر نەگرت و کەم کەس دەیوێرا لەو مەیدانەدا کاربکات، ئاخیر کارکردن و نووسین و لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر پیاوی دەوێ خۆی لێ بدات، قسەم زۆرە بەڵام ئەوەیان بۆ دەرفەتێکی دیکە لێ دەگەڕێم، هەر ئەوەندە دەڵێم جووتیار یات بەخێرو قەبرەکەت پڕ نوور بێ و، تەمەنی درێژیش بۆ جوتیاری گچکە.



له حەزووری نیزار قەبانیدا - دیمەشق



شەپۆلی دەریا نەیترساند - لوبنان



لاوکی نێو تەلەفریکە نەعلەتییەکە - لوبنان



لەگەڵ ئازیزترین نووسەردا (سابیر ڕەشید)

# خالید جووتیاری ڕەوانشاد لە فیردەوسی ئەبەدیدا

## لە جووتیارەوە بۆ جووتیار



### سڵاو بابە گیان

نازانم باسی چی بکەم لە کوێوە دەست پێبکەم یادەوەری من لەگەڵ بابۆ گەلەک زۆرە، من هەڵگری نازناوی ئەوم و ئەویش هەموو شتێکی من بوو، پێ بە پێ، ڕۆژ بە ڕۆژ شەو بەشەو لەگەڵ من بوو، زۆر هۆگری یەکەتربووین ئێمە وەکو باوک و کوڕ نەبووین، بەڵکو وەکو دوو هاوڕێ بووین، ئەو یادەوەرییەی هەرگیز لە بیری ناکەم، کاتێ چوومە سوریاو بێ ناسنامەو شوناسین بە سنووری سوریا عێراق "وەلید" گەڕامەوە بە بەردەوامی باوکم دەگریاو دەترسا نەوەکو بکەومە بەر دەستی تیرۆریستان و بمکوژن. کاتێ گەیشتمەوە کۆیەو هەولێر وەکو منداڵێکی ساوا لە باوەش خۆی نابووم، پێی بوو منداڵە شیرەخۆرەم و تازە لە دایک بووم، دوایی زانیم ئەو پیاوە گەورەیە چەند لە خەمی مندایە و چەند هۆگری ماڵ و منداڵەکەیەتی. باوکم تەمەنی ٥٦ ساڵ بوو ٥٦ ژمارەی هاموونی دەرچواند، خۆزگە هاموون دەبووە ١٠٠ ژمارەو باوکیشم تەمەنی دەبووە ١٠٠ ساڵ.

زۆر حەزی دەکرد ژن بهێنم، پاشی هەوڵدان و ماندووبوونێکی زۆر لە هەولێرەوە چوو بۆ سوید لەگەڵ دەزگای بەدرخان بۆ داخوازی ئەو کچەی خۆشم دەویست، ئەویشی بە ئەنجام گەیاند و ڕەزامەندی بنەماڵەکەی وەرگرت..

پاشی مانگێک بووکەخان هاتەوە هەولێر و ئاهەنگی مارەبڕین و شەکراوخواردنەوەمان بە یەکەوە ئەنجامدا. ئەو هیواو ئاواتی ئەوەبوو، من بچمە سوید، مخابن ڕۆژێک پێش مردنی هەواڵی ئەوەیان پێڕاگەیاندبوو کە لە سوید مافی ئەوەیان داومەتێ بچمە سوید، بەهەرحاڵ لە بیری ئەوەدام چۆن بتوانین درێژە بە گۆڤاری میتۆلۆژیاو لە ئاییندەشدا "ماڵی فۆلکلۆری خالید جووتیار" دابمەزرێنین، سوپاس بۆ هەمووان، بەراستی باوکم هاوڕێی دڵسۆزی هەبوو.

**جووتیار خالید جووتیار**
**هەولێر - ٢٠١٠/١/١**


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: **حەمید ئەبوبەکر بەدرخان** (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین: **عەبدولڕەحمان مەعروف** (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: **کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.**
- نەخشەساز: **ئاسۆ حەسەن ئەحمەد** (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

- ڕاوێژکاری مێژوو: **د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی**
- ڕاوێژکاری زمانەوانیی: **د.وریا عومەر ئەمین**
- ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی: **د. ئازاد حەمە شەریف**
- ڕاوێژکاری کلتووری: **خالید جوتیار**
- ڕاوێژکاری هونەری: **محەمەد زادە**
- بەشی کۆمپیوتەر: **ئەیوب یوسف ئەبوبەکر**

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +
سلێمانی، باڵەخانەی ڕەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٨٥٥٤ ١٥٩ ٧٧٠ ٩٦٤ +

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
- سەرپەرشتیاری سایت: **فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا**